خوێندنەوەی

ئیبن کەثیری مەککی

بەززی و قونبول

دانەر

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری گشتی

شیخ نظام الدين يونس عزيز

سلسلة في القراءات القرآنية وعلوم القرآن

الدُّرَرُ الحِسَانْ

في القراءات العشر للقرآن

قراءة ابن كثير المكي

براوييه البزي وقنبل
من طريق الشاطبية

تقديم

د. عبد الرحمن يوسف الجمل
الشيخ : سعيد صالح زعيمة
الشيخ : جمال ابراهيم القرش

إعداد

خادم القرآن الكريم الدكتور:
أحمد ضيف الله أبوسمهدانة
الجامع للقراءات العشر الصغرى والكبرى
والاربع الشواذ
عضو مشيخة المقارئ الفلسطينية

خوێندنەوەی

ئیبن کەثیری مەککی

بەززی و قونبول

دانەر

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری گشتی

شيخ نظام الدين يونس عزيز

ژمارەی سپاردن
لە هۆبەی سپاردنی کتێب
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
2788 لە 2021/11/22
عێراق - هولێر

ليستي سەرپەرشتياری تەرجەمەكردنی پەرتووك

شێخ هيبت فخري القاضي — سەرپەرشتياری زانستی

ڕێگە پێدراو لە قيراٸاتی عەشرەی بچووك و گەورەو چوار شاذەكە

خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ئيسلامی

يونس عثمان محمد أمين — پێداچوونەوەی زانستی

ڕێگە پێدراو لە قيراٸاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە زمانی عەرەبی

د. إسماعيل عبد الرحمن عبد الله — پێداچوونەوەی زمانەوانی

قوتابی لە قيراٸاتی عەشرەی بچووك

دكتۆرا لە زمانی ئينگليزی و زمانەوانی – وەرگێری سوێندخواردوو

ئەندازيار زاهر مزاحم الشريده — سەرپەرشتياری چاپ


قوتابی لە قيراٸاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە ئەندازياری كۆمپيوتەر

مامۆستا صفوان صالح أحمد — وەرگێڕ

مامۆستای خوێندنی ئيسلامی

ماستەر لە زانستی ئيسلامی


بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ

أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ

ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٢١ ﴾ البقرة: ١٢١

لە عوسمانی کوڕی عەفانەوە (ﷺ) ئەفەرموێ: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی:

(خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

(چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان فێری قورئان خوێندن دەکەن و خەلکیش فێر دەکەن)

پێش کەشە بە:

هەمو کەسێك کە ماڧ هەیە بەسەرمەوە

دایك و باوکم و مامۆستاکانم و شەیخەکانم

هەر کەسیٚ پیتێکی فێرکردوم لە قورئانی پیرۆز

بۆ خەلکی قورئان خوێن ئەوانەی شوێنە بەرزەکان و پلە پیرۆزەکانیان بە دەست هێناوە

بۆ ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن وفرمێسکی قورئان خوێندنەکە لە قورگیانە

ئەحمەد

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان
پێشه‌كی به‌ پێنوسی د. عبدالرحمن الجمل

سوپاس وستایش بۆ په‌روه‌ردگاری جیهانیان، ئه‌وه‌ی كه‌ ڕێگای پیرۆزی ئیسلامی نیشان داوین، وچاكه‌ی ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ كردوین كه‌ باوه‌ڕی پێ به‌خشیوین، وئێمه‌ی تایبه‌ت مه‌ند كردووه‌ به‌ ناردنی قورئانی پیرۆز، ڕاسترین و چاكترین كتێبه‌ له‌ جوانی و به‌ هێزیدا و چیرۆكه‌كانی دووباره‌ ئه‌بێته‌وه‌، قورئانی پیرۆز ڕوونكه‌ره‌وه‌ی هه‌موو شتێكه‌، هیدایه‌ت به‌خش و ڕه‌حمه‌ته‌و مزگێنیشه‌ بۆ موسلمانان و چاكترین ڕێگاو ڕێبازه‌، درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر ئه‌و نێردراوه‌ی كه‌ ڕه‌حمه‌ت و به‌ره‌كه‌ته‌ بۆ هه‌موو جیهان، گه‌وره‌و خۆشه‌ویستمان موحه‌مه‌د (ﷺ)، ومیهره‌بانی برژێ به‌سه‌ر خانه‌واده‌و ئه‌صحاب و شوێن كه‌وتوانی و ئه‌وانه‌ی شوێنیان كه‌وتوون به‌ چاكه‌ تا ڕۆژی دوایی.

به‌ دڵنیایه‌وه‌ خودای مه‌زن فه‌رمانی كردووه‌ به‌ ڕووكردنه‌ قورئانی مه‌زن به‌ خوێندنه‌وه‌و له‌به‌ر كردن و تێگه‌یشتن و بیرلێكردنه‌وه‌و كارپێكردنی له‌ زۆر ئایه‌ت له‌ قورئانی پیرۆز، یه‌كێك له‌و ئایه‌تانه‌ ده‌فه‌رموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ﴿٢٩﴾ ﴾ فاطر: ٢٩

وه‌روها پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویستمان(ﷺ) ئامۆژگاری كردووین كه‌ خۆمان فێری قورئانی پیرۆز بكه‌ین و كه‌سانی تریش فێر بكه‌ین، هه‌ر وه‌ك ئه‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

په‌روه‌ردگاری پاك و بێگه‌رد خه‌ڵكانێكی ئاماده‌كردووه‌ له‌ هه‌موو كات و سه‌رده‌مێكدا، هاوكاری كردوون بۆ خزمه‌ت كردنی قورئانی پیرۆز، تاوه‌كو به‌ڵێنی په‌روه‌ردگار بێته‌ دی له‌ پاراستنی په‌رتوكه‌كه‌ی. ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾الحجر: ٩

ژیانی خۆیانیان تایبه‌ت كردووه‌ بۆ خزمه‌ت كردنی قورئانی پیرۆز، وه‌ریان گرتووه‌، هه‌روه‌ك چۆن پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) وه‌ری گرتوه‌و كه‌سانی دوای خۆی فێركردووه‌،

موسلمانانیش له هەمووو سەردەمێكدا قورئانیان خوێندووه به خوێندنێكی پاراو وجوان هەر وەك چۆن دابەزیووە، پاشان پێمان گەشتووه به پاك و بێگەردی دوور له هەموو هەڵەو كەم و كورتیەك، به سەنەدێكی نەپچڕاو دەست به دەست تاوەكو دەگات به پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ).

به شێوەیەكی گشتی ولأتمان به تایبەتی گرنگیەكی زۆری داوه به قورئانی پیرۆز، به شێوەیەك كه به هەزارەها ئەزبەركاری (حافز) قورئانیان تێدا هەڵكەوتووەو له هەردوو ڕەگەز به دەیەها هەزار قورئانخوێنیان تێدا هەلكەوتووە، سوپاس بۆ ئەو خودایەی خاوەنی هەمووو فەزل و چاكەیەكە، وسوپاس بۆ ئەو چاكەو میهرەبانیەی لەگەڵ ئێمە كردویەتی، خەریك بوون به قورئان باشترە لەوەی كه خەڵكی له مولك و سامان كۆیدەكەنەوە. سوپاس بۆ خودای گەورە، خەڵكی پێش بڕكێ دەكەن بۆ خزمەت كردنی قورئانی پیرۆز، بەمەبەستی دەست كەوتنی خێرو پاداشت.

یەكێك لەوانە برای خۆشەویست دكتۆر ئەحمەد ضەیف الله سەمهدانە، دەستی كردووە به ئامادەكردنی زنجیرەیەك له كتێبی قیڕائاتی قورئانی پیرۆز، تا بیخاتە ژێر دەستی قوتابیانی زانستەكانی قورئانی پیرۆز، ناوی ناوە (الدرر الحسان) له ده خوێندنەوەكانی قورئان ، تا بەشی هەبێت لەگەڵ هەمووو ئەو كەسانەی كه گرنگی به قورئانی پیرۆز دەدەن و خەریكی ئەم كارەن، ئاسان كردنی فێربونی قیڕائاتی قورئانی پیرۆز و شارەزاكردنی كەسانی تر، من سەیری ئەم كارەم كرد بۆم دەركەوت كه ماندوبونێكی زۆر پیرۆزی تێدا بەكار هێناوە، ده خوێندنەوەكانی قورئانی له خۆ گرتووه به شێوەیەكی ئاسایی و ئاسان بۆ فێرخوازانی، به وردبینی و جوان وەرگرتنی.

سەرەتا دەستی كردووه به باس كردنی بنچینەكانی خوێندنەوەی قاریئەكە، ئەوەی كه مەبەستە له باسەكەدا، دواتر دەستی كردوه بەوەی كه جیاوازەو پێچەوانەی قیڕائەتی (حەفصە)و (فەرش)[1].و بنچینەكانیەتی، پیت پیت و وشە وشە، پاشان له بەشی سێهەم دەستی كردووه به باس كردنی وشەكانی (فەرش) كه پێچەوانەی خوێندنەوەی

[1] فەرش: زاراوەیەكی زانستی قیڕائاتی قورئانە، كه ئاماژەدەكات بەو ووشانەی كه له خوێندنەوەیاندا جیاوازی هەیە له نێوان قاریئەكاندا. (وەرگێڕ)

(حەفصە). پەرتوكەكە گشتگیرە بەوەی كە جیاوازی قاریئەكە لە خۆ دەگرێت و فێرخواز شتە وونبوەكانی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە.
داواكارم لە پەروەردگار ئەم بەرهەمە سودی هەبێت بۆ هەمووو خەڵك بە شێوەیەكی گشتی و خەڵكی تایبەتمەند بە قورئانی پیرۆز بە تایبەتی، وپاداشتی برای بەرێزمان كاك ئەحمەد بداتەوە كە هەستاوە بەم كارە چاكە بە باشترین شێوە وئەمەشی بۆ بكاتە چاكەیەكی نەبڕاوە بەو زانستەی كە خەڵكی سودی لێببینیٚ، وداواكارم خودای مەزن هێزو چالاكییەكی پیٚ ببەخشێت بۆ خزمەت كردنی پەرتوكی پەروەردگارو بلأوكردنەوەی زانستەكانی قورئان تا بچێتە ژێر ئەم فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) كە ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

پەروەردگار ئەم كارەمان لیٚ وەربگرەو لە ڕیزی چاكەكانماندا تۆماری بكە، چونكە بەڕاستی تۆ پەروەردگاریگی زۆر بیسەرو زانایت، تەوبەو پەشیمانیمان لیٚ وەربگرەو بێگومان تۆ پەروەردگاریگی زۆر تەوبە وەرگرو میهرەبان و دلۆڤانی، خودایە بمانگێرە لە ئەصحابی قورئانی پیرۆزو نزیك لە خۆتت بە تایبەت، خودایە دڵێكی پاك و مەبەستێكی بیٚ گەردمان پیٚ ببەخشە لە گوفتارو كردەوەدا، خودایە كۆتایی تەمەنمان پر خێر بكەی.

درودو ڕەحمەت بۆ سەر پێشەواو خۆشەویست و پێغەمبەرمان (محمد)(ﷺ) وبۆ سەر خانەوادەو یارانی بە گشتی.

عبدالرحمن ى كوڕى يوسف الجمل[1]

---

[1] دكتۆر: عبدالرحمن يوسف احمد الجمل، پێشەوای قورئانخوێنانی فەلەستین، لە دایك بووی 1961ز، دانیشتووی نەسیرات لە ناوەڕاستی كەرتی غەزە، مامۆستای بەژداربو لە تەفسیر و زانستەكانی قورئان و خوێندنەوەكانی قورئان لە كۆلێژی بنەماكانی ئاین لە زانكۆی ئیسلامی لە غەزە، كاری كردووە وەك مامۆستای یاریدەدەر لە كۆلێژی بنەماكانی ئاین، دواتر بۆتە عەمیدی كۆلێژی ناوبراو، ئێستا كار دەكا وەك سەرۆكی دەزگای قورئانی پیرۆز و سونە لە كەرتی غەزە و سەرۆكی فەرمانگەی قیرِائاتی سەنەدەكانی قورئانە، بەرێز دكتۆر عبدالرحمن الجمل پێشینەی چاكەو ماڤ بەسەرمانەوە هەیە لە دوای پەروەردگاری مەزن لە بلاوكردنەوەی زانستەكانی قورئانی پیرۆزو جوان خوێندنەوەی لە غەزە، چەند پەرتوكێكی بلأو كراوەی هەیە لە قیرِائاتی قورئان و سەنەدەكانی وەرگرتوەو ڕێگە پێدراوە لە لایەن كۆمەلێك بەرێزو مامۆستای گەورەوە، لەوانەی مامۆستاو شێخی گەورە بەرێز د. حلمی عبدالرؤوف محمد عبدالقوی.

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
پێشەکی بە پێنووسی شێخ: سەعید زەعیمە

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ڕەحمەت وسەلام برژێ بەسەر چاترینی پەیامبەران و پێشەوای برواداران، ئەو کەسەی کە کتێبێکی بەسەر دابەزیوە هیچ خواری و کەم و کورتی تێدا نیە، نە لەپێش و نە لە دواوە.

سەیری ئەم زنجیرە پیرۆزەم کرد کە ناونراوە بە گەوهەرەکانی قیراِئاتی قورئان (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەکانی قورئان، کە دکتۆر ئەحمەد ضەیف الله باوکی سەمهەدانە، بینیم پڕە لە زانیاری ورد لە ناوەڕۆکدا.

منیش داواکارم لە یەزدان کە سودی هەبێ بۆ ئاینی ئیسلام و موسڵمانان بەوەی کە داڕێژراوەو نوسراوەتەوە لەم زنجیرە پیرۆزەدا .

دووبارە سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان

نوسینی شێخ:
سعید صالح زعيمه[1]

---

[1] شێخی پزیشك: سەعید صالح مصطفی زعيمە، زانایەکی لێکۆڵەرو کاربەجێیە، یەکێکە لە زانایانی خوێندنەوەکانی قورئان لە ئەسکەندەریە، پزیشکی جەڕاحە لە ئەزهەر، لە دایك بوی1957ز، دەرچوی پەیمانگای سەموحەیە، بۆ قیراِئاتی قورئانی بڕوانامەی بالای وەرگرتوە لە دە خوێندنەوەکانی بچوك و گەورە، شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی هەیە لەسەر دەقەکانی شێخ و زاناکان وەك شاطبی و ئیبن جەزری و جەمزوری، قورئانی پیرۆزی بەتەواوی خوێندۆتەوە بە دە خوێندنەوەکانی بچوك و گەورە بەسەر زانا شێخ موحەممەد عبدالحميد عبدالله خليل ، خاوەنی بەرزترین پالپشتە لە جیهاندا لە خوێندنەوەی دە قیراِئاتە گەورەکە، وشێخ سەعید قورئانی خوێندۆتەوە بەسەر زۆر شێخ دا کە باس دەکرێن نزیکەی چل پیاو و ئافرەت دەبن، هەمووی ڕێپێدانیان وەرگرتوە، بۆ نمونە کەسێکە بەناوی عبدالفتاح مەدکور، وهەروها شێخ سەمنودی،و شێخ عەلی نحاس،و شێخ عەلی رحال،و دایکی سەعد، ومۆڵەتی لە خوێندنەوەی دەی بچوکی پێداوم بەناوی ماموستا تناظر النجولی، زۆر کتیبی هەیە لە زانستی خوێندنەوەکانداو جگە لە خوێندنەوەکانیش،

بهناوی خودای بهخشندهی میهرهبان

پێشهكی شێخ: جهمال القرش

سوپاس بۆ خودای تاك و تهنیا، درودو ڕهحمهت بۆ سهر گیانی ئهو كهسهی كه هیچ پێغهمبهرێك له دوای ئهو نایهت.

ئهم پهرتووكهم بینی كه ناونراوه به (الدرر الحسان) له ده خوێندنهوهكانی قورئانی پیرۆز، له نوسینی شێخی ڕێزدار دكتۆر/ ئهحمهد ضهیف الله باوكی سهمههدانه ، بینیم كتێبێكی چاكه له دارِشتن، شتێكی جوانی پێش كهش كردوه، سود بهخشه له بابهتهكانیدا، ئاسانه لهسهر زانست خوازان، تكاكارم له پهروهردگار سودی بگێنێت له هەموو كات و ساتێكدا، چونكه تهنها ئهو پشتیوان و بههێزه لهسهر ههموو شتێكدا.

(والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته)

ووتهی شێخ:

جهمال ی كوڕی ئیبراهیم القرش [1]

ههول و كۆشش و ماندوبونێكی زۆری ئهنجام داوه له بلأوكردنهوهی زانستی قیرائات، لهگهڵ ئهوهش زانستێكی بهرفراوانی ههیه له زانستی نهحوو صهرف و تهفسیر و زانسته شهرعیهكاندا.

[1] شێخ: جهمال ی كوڕی ئیبراهیم ی كوڕی موحهممهد القرش، له دایك بوی 1963ز، چهن ڕێگه پێدراوێكی بهدهست هێناوه له خوێندن و خوێندنهوهدا، بڕوانامهی زانكۆیی ههیه له كۆلێژی ئاداب و پهروهرده بهشی زمانی عهرهبی سالی1987ی زاینی، سهرپهرشتیار بووه له بهشی قورئانی پیرۆزو زانستهكانی له بنكهی یهكهم بۆ پهرهپێدانی پهروهردهیی له ڕیاز، بهژداری له زۆر خول كردووه وهك لێهاتویی و سهرپهرشتیاری كارا، كاری ڕاوێژكاری كردوهو سهرۆكی بهشی سهرپهرشتیاری پهروهردهیی بووه له بهڕێوهبهرایهتی گشتی خانمانی پێشو له ولأتی سعودیا، وههروهها كاری كردوه وهك بهڕێوهبهر بۆ كاروباری فێركردن له قوتابخانهكانی ناوهڕاست له سالی1427ی كۆچی تا وهكو سالی1433ی كۆچی، بهژداری كردوه له پێش بركێی نێو دهوڵهتی بۆ لهبهر كردنی قورئانی پیرۆز له وڵاتی كویهت له سالی 1432ك، و 1433ك، چهن نوسراوێكی خۆی ههیه له (التدبر، التجويد، الوقف، العلوم التربوية، العقيدة)

ژ	عربی	كوردی
1	حركة	جوڵه
2	ابدال	گۆڕین
3	بدل	له‌بری
4	سكون	زه‌نه‌دار
5	شدة	شه‌ده‌دار
6	ضمة	ضه‌مه‌دار
7	فتحة	فه‌تحه‌دار
8	كسرة	كه‌سره‌دار
9	لفظي	گوتراو
10	اضافة	دانه‌پاڵ
11	وقف	وه‌ستان
12	وصل	نه‌وه‌ستان
13	قصر	كورت كردن
14	تحقيق	خوێندنه‌وه
15	مد	درێژكردنه‌وه
16	التكبير	گوتنی(الله اكبر)
17	التحميد	گوتنی(الحمدلله)
18	التهليل	گوتنی(لا اله الا الله)
19	قصر	درێژكردنی دوو جوڵه
20	توسط	درێژكردنی چوار جوڵه
21	اشباع	درێژكردنی شه‌ش جوڵه
22	تسهيل	لابردن یان ئاسان خوێندنه‌وه

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

پێشەكی:-

سوپاس بۆ ئەو خودایەی قورئانی پیرۆزی كردۆتە ڕۆناكی بۆ خەڵك تا ریٚ نیشاندەری گومڕاو سەرلێشێواوان بێت، وخەڵكی لە تاریكی نەزانی ڕزگار كردووە بەرەو ڕوناكی قورئانی پیرۆز، ودەروونی پاك كردۆتەوەو دەری هێناون لە سەر گەردانی و بەرەو جوانترین و بەرزترین پلەوپایەی بردوون.

ڕەحمەت و میهرەبانی برژێ بەسەر پێشەومان، موحەممەدی كوڕی عبدالله(ﷺ)، ئەو كەسەی كە ﴿أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا﴾ی بەسەردابەزیوە.

بەهۆی ئەم قورئانە پیرۆزە چلكی ئارەزوەكانی لابردوە لەگەڵ پیسیەكان، هەر بەهۆی ئەم قورئانە پێشەوایەتی بۆ مرۆڤەكان دروست كردووە، بوون بە نمونە لە پۆشاكی هێزی باوەڕدا، درورد لەسەر خانەوادەی ئەم پەیامبەرەو ئەم هاوڕێیانەی كە چاكترین كەس بوون، ودروود لەسەر ئەوكەسانەش كە شوێن كەوتەی ڕێبازی ئەوانن لە پیاو چاكان و پاكان، ئەوانەی قورئانی پیرۆزیان ئەزبەر كردو پارێزگاریان لێ كرد، پەروەردگار پاداشتی چاكەكانیانی داوە لە دونیاو دوارۆژدا، پەروەردگار چاكەكارانی خۆش دەوێت:

بە دڵنیایەوە زانستی تەجویدو خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز لەپێشینەی زانستەكانی ترە لەباس كردن و یادگەدا، وپیرۆزترین شوێن و پێگەیان هەیە ، چونكە پەیوەستن بە فەرمودەی پەروەردگاری جیهانیان بە شێوەیەك ئەو زانستەو ئەو زنجیرە قورئانیانە پاداشتێكی زۆری لەسەرە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (مَا اجْتَمَعَ قوم في بيت

من بيوتِ اللهِ يَتْلُونَ كتابَ اللهِ تعالى ، ويتَدَارَسُونَهُ بينهم إلا نَزَلَتْ عليهم السكينةُ ، وَغَشيَتهم الرحمةُ ، وحَفَّتهمُ الملائكةُ ، وذَكَرهُمُ اللهُ فيمن عِندَهُ)[1]

دوای ئەوەی فێرکردنی قورئانی پیرۆزو شارەزابوون لێی، وبلأوکردنەوەی شێوەی خوێندنەوەکەی و گێرانەواکانی، نزیکت دەکاتەوە لە پەروەردگاری جیهانیان، بە پالْ پشتی فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[2]. **واتا: چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆی فێری قورئان دەکات و کەسانی تریش فێر دەکات.**

لەسەر وەلأم دانەوەی پێشنازی هەندێ لە هاوڕێیان، ئیستخارەی پەروەردگارم کرد، داوای کۆمەك و هاوکاری و ڕێنیشاندانی پشت ئەستوریم لێ کرد، ئەویش دڵ و دەروونمی ئارام کرد لەسەر نوسینی ئەم بابەتەی ئەم بەشەدا، بە هیوای ئەوەی بتوانم ببم بە شوێن کەوتەی پێغەمبەرەکەم (ﷺ) دەستم پێ کرد بە داوای پالْ پشت و هاوکاری خودای گەورە لەسەر بلاوکردنەوەی ئەم زنجیرە قورئانیەی پاش ئەوەی کە سەربەرزو سەر فراز بووم بە وەرگرتنی فێربونی زانستی دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز خوێندنەوەی بچووك و گەورەو چوار جۆر خوێندنەوە شازەکان (القراءات الشاذة) **بە پالْ پشتی مامۆستا بەرێزەکان و لەسەر دەستی شێخە بەڕێزەکانم، دەست پێ دەکەم لەم ڕووەی کە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەم، نەك لەڕووی ئەوەی کە بلێم من شایەنی ئەم کارەم.**

ئەو ڕێگایەی گرتومەبەر لەم زنجیرەدا، بریتیە لە زنجیرەیەك لە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆزو زانستەکانی کە ناوم ناوە (الدرر الحسان) **لە دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز، من ئەم بابەتەم کۆکردۆتەوە لە کتێبەکانی پێشو، وئەوەشی کە وەرم گرتوە لە مامۆستاکانم، باسی ئەو جیاوازیانەم کردووە کە ڕاویەکان یان قاریئەکە پێچەوانەی**

---

[1] ئەبو داوود، پەرتووکی نوێژ، باسی تفريع أبواب الوتر، باب في ثواب قراءة القرآن، ژ1455، لاپەڕە189.

[1] بوخاری، لە باسی خیرکم من تعلم القران و علمە، ژمارەی فەرموودە5027، لاپەڕە436.

پێشەوا حەفصی كردووە، باسی یەك دەنگیم لە نێوانیاندا نەكردووە، مەگەر كەمێك جار نەبێ كە باسی یەك هەڵ وێستیان ئەكەم زیاتر بۆ ڕوون كردنەوەو تەواوكەری سودەكانە، ئەم پەرتوكەی لە ژێر دەستی خوێنەری بەرێزدایە كردومە بە سێ بەش، لە بەشی یەكەم : باسی بنچینەكانی خوێندنەوەی پێشەوا ئبی عەمری بسری بە ریزبەندی بابەتەكانیشیم ڕێك خستووە بە پێی ئەوەی كامەیان گرنگترە لەوی تر، بەپێی ئەو ئەزمونەی كە هەم بووە لە وانە وتنەوەی قورئانی پیرۆزدا.

لە بەشی دووم : بە شێوەیەكی گشتی زیاتر باسی بنچینەكان و (فەرش)م كردووە، بە شێوەیەكی ڕێك و پێك باسم لە وردودرشتی ووشەكان كردووە، وهیچ جیاوازی نیە لە نێوان ئەم وشە ناكۆكە لە وشەكانی بنچینەیی بێ یاخود (فەرش) بێ، تاوەكو پێداویستیەكانی كەسی سەرەتایی جێ بەجێ بكات، ئەمەش لە ڕێگەی دروست كردنی خشتەیەكی سێ ستونی بەم شێوەیە:

ستونێكیان تایبەتە بە پێشەوا (حفص) ستون تایبەتە بە پێشەوا ئیبن كەثیرو ستونێكیان تایبەتە بە ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی خوێندنەكان، سەبارەت بە بەشی سێیەمی ئەم پەرتووكە لێكچونێك هەیە لەگەڵ بەشی پێشە خۆی تەنها ئەوە نەبێ من كورتم كردۆتەوە تەنها بە بەكارهێنانی وشەی (فەرش) لەگەڵ كەمێك زیادە، تا ئامانجەكان بەدەست بێنێت و ئاسان بێ بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزاییان هەیە لە خوێندنەوەكاندا لە كاتی گەڕانەوەدا بۆ ئەم بەشە، وبتوانێ ووشەكانی (فەرش) دەربهێنێ بە شێوەیەكی خێرا بێ كات كوشتن.

من لێرەدا باسی پێشەكیەكەی(ئیبن مەهران)ی ئەصفەهانیم كردووە خاوەنی كتێبی (المبسوط) لە دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، تیایدا باس لە كتێبەكەی خۆی دەكان دە فەرموێت: (دەمەوێت پێتانی ڕابگەێنم كە من پۆلێنم كردووە تەنها بۆ تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونیە، بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزایی تەواویان هەیە لەم بوارەدا، و هونەری تەواوی هەیە لە زانستەكان و ئاكارەكاندا)

بە مێشكم داهات كە هەندێ بابەتی پەروەردەیی تێكەڵاو بكەم لەم زنجیرە پیرۆزەدا، وەك مەبەستێك لەوانەوتنەوەكانی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لە زنجیرەو دانیشتنەكانی قورئان و ڕێگەی زنجیرەكانی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا ئیبن كەثیر، وتوندو تۆڵكردنی زنجیرەكانی قورئانی پیرۆز تایبەت بە خولی ناوبراو، كاتێ تاقیكردنەوەكان و گشت بابەتەكان تەواو ئەبن بەیەكتر پەیوەست ئەكرێن، وجگە لە كاری تری پەروەردەیی كە شاراوە نیە لای هەمووو كەسێكی تێگەیشتوو، ئەوانەی باس كران هەموooیان لە چوارچێوەی تەواوبوندا لە نێوان چوار چێوەی تیۆری و لایەنی كرداری دەبێتە یارمەتیدەر بۆ مامۆستا یان خوێنەر تا پشتی پێ ببەستێ لە كاتی فێركردن و فێربوونی ئەم قیرائەیە.

داواكارم لە خودای مەزن ئەم زنجیرە قورئانیەم بۆ وا لێبكات كە مەبەستم تەنها ڕازی بوونی ئەو بێت و تەنها لە پێناو ئەودا بێت، تكام وایە لێم وەربگرێت بە باشترین شێوە، وڕێزێكی گەورەو بێ پایەنی بۆ دانێ، سودی بۆ نوسەرەكەی و ئەوكەسانەشی كە لە دەورو بەریدان هەبێت، وهەروها سودەكەی بگێنێ بە نەوەی داهاتوو پشت بە پشت، منیش بپارێزێت لە بیرۆكەی نابەجێ، وپێنوسیشم ڕزگار بكات لە هەڵە، هەركەسێ كەمتەرخەمیەكی بینی تیایدا یان هەڵەو كەمو كورتیەكی تیایدا دۆزیەوە تكای لێ دەكەم پۆزشم بۆ بێنێتەوەو ئامۆژگاریم بكات و چاكی بكاتەوە.

پێویستە ئەوەش بلێم كە ئەم ماندوبونەی من بۆ خزمەت كردنی پەرتووكی خودای گەورە هەر چەندە زەحمەتی تێدایە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تام و چێژێكی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە ئەزیەت و ناخۆشی تێدا دروست بێت ئاسان دەبێت.

بەرلەوەی پێنوسی ڕوون كردنەوە هەڵگرم، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) كە دەفەرموێت: (من لاَ يَشْكُرُ اللَّهَ لاَ يَشْكُرُ النَّاسَ)[1]

سوپاس و پێزانینم ئاراستەی هەموو ئەو كەسانە دەكەم كە هاوكارو یارمەتیدەرم بوون، پاداشتی چاكە كارانیش تەنها چاكەیە.

[1] ترمژی، باسی(ما جاء في الشكر لمن أحسن اليك)، ژ6601، لاپەڕە383.

سوپاسێكی بێ پایان و تایبه‌ت بۆ شه‌یخه‌كه‌م به‌ڕێز (سوله‌یمان ی باوكی عاذره) چاكه‌و ماڤ به‌سه‌رمدا هه‌یه ، ئه‌و له‌ ته‌رازوی ژێریدا پێش ده‌خرێت، له‌سه‌ر پێداچونه‌وه‌ی ئه‌م زنجیره‌ باسه‌ و ڕاست كردنه‌وه‌ی له‌ ڕووی زمانه‌وانیدا.

وه‌هه‌روها سوپاسی برای به‌ڕێزم (عبدالسلام طباسی) ده‌كه‌م له‌سه‌ر پێداچونه‌وه‌و زیاده‌ خستنه‌ سه‌ر شێوه‌ هونه‌ریه‌كه‌ی له‌ ده‌رچوون و ڕاخستنی ئه‌م په‌رتووكه‌، وسوپاس بۆ شێخی به‌ڕێز (عبدالله جمال العرقان) له‌سه‌ر ئه‌م ماندوبونه‌و بوونی په‌یوه‌ندی به‌رده‌وام له‌گه‌ڵ مامۆستایان بۆ پێش كه‌ش كردنی ئه‌م زنجیره‌ پیرۆزه‌.

له‌ كۆتاییدا سوپاسی هه‌موو ئه‌و كه‌سانه‌ ده‌كه‌م كه‌ سودیان پێم گه‌یاندوه‌ به‌ ڕسته‌یه‌ك، یان سودیان پێم گه‌یاندوه‌ به‌ ئاماژه‌یه‌ك، یان منیان ڕاست كردۆته‌وه‌ له‌ هه‌ڵه‌، یارمه‌تیان داوم به‌ نوسین، گه‌ر بمه‌وێ سوپاس و پێزانینیان كورت بكه‌مه‌وه‌ ته‌نها ده‌ڵێم ئه‌وه‌یان لامه‌ كه‌ به‌ نیاز پاكی بۆیان بپاڕێمه‌وه‌.

خزمه‌ تكاری قورئانی پیرۆز

د. ئه‌حمه‌د ضیف الله‌ عومر ئه‌بو سه‌مهه‌دانه‌

ڕێگه‌ پێدراوی ده‌ قیراِئاتی (خوێندنه‌وه‌كانی) قورئانی پیرۆز

بچوك و گه‌وره‌

و چوار جۆره‌ ده‌رچووه‌كه‌ له‌ قیراِئاتی قورئانی پیرۆز

ده‌روازه‌یه‌ك:-

سوپاست ده‌كه‌م له‌سه‌ر وه‌رگرتنی ئه‌م په‌رتووكه‌، ئومێده‌وارم پالپشتت بیٚ له بیرۆكه‌و زانیاری به سود، هاوكاریت بكات له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی په‌رتووكی په‌روه‌ردگار به شێوه‌یه‌كی ڕاست و دروست.

هه‌روها ئومێده‌وارم – له ڕێگه‌ی ئه‌و پۆسته ئه‌لیكترۆنیه‌ی داندراوه له سه‌ره‌تای ئه‌م په‌رتووكه – ده‌وله‌مه‌ندم بكه‌یت به تێبینیه‌كانت، وئه‌م په‌ڕاوه گرنگانه‌ی كه من هه‌ڵوه‌سته‌یان له‌سه‌ر ده‌كه‌م، ئه‌و دێرانه‌ی كه من هێلم له ژێر داوه‌، هیچ شتێك له‌وه چاكتر نیه كه نوسه‌ر ببینیٚ نوسراوه‌كه‌ی به جوانترین شێوه نوسراوه‌، به تایبه‌ت ئه‌گه‌ر نوسین و په‌رتوكه‌كه‌ی په‌یوه‌ست دار بێت به قورئانی پیرۆز، ئه‌وه زیاتر بایه‌خی پیٚ ده‌دات و دڵنیایی له‌سه‌ر ده‌بێت.

پێم باشه لێره‌دا ئه‌وه بگوازمه‌وه كه (عیماد الاصفهانی)[1] باسی كردووه سه‌باره‌ت به كه‌مته‌ر خه‌می و ماندوبونی مرۆڤ، سه‌ره‌ڕای گشت هه‌وڵه‌كانی، بۆ پوخت كردنی شته‌كان و ڕاستكردنه‌وه‌یان و به‌دواداچونیان، ده‌فه‌رموێت: "من ئه‌بینم هه‌ركه‌سێك په‌رتوكێك بنوسێت له ڕۆژی دواتر ده لی: ئه‌گه‌ر له‌بری ئه‌مه ئه‌مه‌م به‌كار بهێنابوایه باشتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی بۆ زیاد كرابوایه چاكتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه پێش بخرابوایه گرنگتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه لا بردرابوایه جوانتر بو، ئه‌مه‌ش گه‌وره‌ترین په‌نده‌، به‌ڵگه‌ی سه‌لماندنی ئه‌وه‌یه كه نوسینی ڕسته‌كانی مرۆڤ كه‌م و كورت و ناته‌واون" ئیبن قه‌ییمی جوزی، د.ت، به‌رگی 1، لاپه‌ڕه 2).

داواكارم له به‌ڕیزت كاتێكت هه‌بێت بگه‌ڕێیته‌وه بۆ ماڵپه‌ڕی فه‌یس بوك: به‌ناوی (الدرر الحسان في القراءات العشر للقرآن، یان ماڵپه‌ڕی كه‌سی من)، چونكه من

---

[1] اره‌تی نوسینی ئه‌دبیات ی به‌ناوبانگ عیماد ئه‌صفه‌هانی، پاشان به‌ناوی عیماد بلاۆبۆته‌وه‌، له‌م باره‌یه‌وه سه‌یری: عبدالله ی كوڕی عبدالرحمن ی به‌سام بكه: كتێبه‌كه‌ی به‌ناوی (توضیح الاحكام من البلوغ المرام) مه‌ككه‌ی پیرۆز، نوسینگه‌ی الاسدی، چ5، به‌رگی 1، 2003ز، لاپه‌ڕه 3.

دەمەوێت هەندێ شتی باش و دەستکاری و نمونە و سەرچاوەی تر دابنێم کە بە ڕاستی سودیان بۆ تۆ دەبێت لە دواییدا.

لە نوسینی ئەم پەرتوکەدا شێوازێکی تایبەتم بە کار هێناوە – پاش داوای یارمەتی و پاڵ پشتی لە پەروەردگار – لێرەدا بە کورتی باسی دەکەم بەم شێوەی خوارەوە:

1. نوسینی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە وێنەی عوسمانی.

2. نوسینی فەرمودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بە سەرو ژێرەوەو بە نوسینێکی جیا لە نوسینەکانی تر، مەبەست لەم کارەش بۆ گەورەیی و پیرۆزی فەرمودەی پێغەمبەرە(ﷺ).

3. لە کاتی نوسینی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز باسی ناوی سوڕەتەکەو ژمارەی ئایەتەکەم کردووە، ڕاستەو خۆ لەدوای ئایەتەکەم داناوە تا نوسینەکان زۆرو تێکەڵاو نەبێت.

4. پێناسەی زاراوەکانم کردووە بەپێی توانا.

5. ڕونکردنەوەی واتای هەندێ وشەی نادیار لە پەراوێزدا .

6. پێناسەی هەندێك کەسایەتی کە ناویان هاتووە لەم پەرتوکەدا.

7. من پێداگربوم – بە پێی توانا – لە بیرکردنەوەو هەڵوەستە لە وەرگرتنی هەر بابەتێك یان بڕیارێك لەسەر دیاردەیەك، لەبەر ئەوە ڕۆچوون لە فەرمانێك کە پەیوەندی بە قورئانی پیرۆزەوە هەیە ئەوە دەخوازێت کە بەدواداچونی بۆ بکەیت و لێی وردبیتەوە جوان تێڕابمینێیت، ئەوەش بە یارمەتی پەروەردگار و چاکەی ئەوە بەسەرمەوە، لەگەڵ کورتی کات و دووری ڕێگادا.

8. له كاتی وەرگرتنی دەقێك وەكو خۆی، دەقەكەم خستۆتە نێوان دوو كەوانەی دەقی" " لەگەڵ ئەوەش ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە له ناوەڕۆكەكەیدا.

9. ئەگەر وەرگرتنی دەقەكان بە واتاكەی بو، واتا كاتێ گەڕایەوە بۆ خودی دەقەكە بینیت بە دەست كاریەوە باس كرابو ئەوە وشەی {سەیركە}م بۆ بەكارهێناوە ئاماژەشم پێ كردووە كە سەرچاوەكەی بەم شێوەیە، ئەم شێوازە بەكاردێنم لەكاتی بەناوبانگ بوونی دەقەكە یان دیار نەبوونی خاوەن وتەكە، ئەگەر له نێوان وشەكاندا ئەم خاڵانەم دانا (....)، ئەمە واتا بەشێك له وتەكان نادیارەو پێویست بە باس كردنی نیە بەڵكو دەبێت پوخت بكرێت، یان سود له باس كردنی نیە.

10. لەكاتی وەرگرتنی دەقێك و خستنە ڕستەیەك بۆ ناو دوو كەوانە له كاتی نوسیندا، ئەمە مانای ئەوە دەگەیێنێت كە ئاگاداربە ئەوەی نێوان كەوانەكانە وتەی خۆمە، نەك وتەی وەرگیراو.

11. هەر وشەیەك پێویستی بە سەرو ژێر هەبێت سەروژێردارم كردووە تا تێكەڵاو نەبێت لەكاتی دەربڕینا.

12. ناوەڕۆكم بۆ سەرچاوەكان داناوە – كە ئەوەش زۆر یارمەتی دەرم بو بۆ ئەم پەرتوكە – كۆكراوەیەو یەك لەدوای یەك دامناوە بەپێی ریزبەندی پیتەكانی زمانی عەڕەبی، وناوەڕۆكم داناوە بۆ بابەتەكانی ناو پەرتوكەكە له كۆتایی كتێبەكەدا.

13. دانانی ژمارەو نیشانەكانی خاڵبەندی وەكو: نیشانەكانی پرسیار هتد....) بۆ ڕوونكردنەوەی دەقەكان ئەمەش بە مەبەستی جیاكردنەوەیەتی.

14. گه‌ڕاومه‌ته‌وه سه‌ر به‌شێكی زۆر له سه‌رچاوه‌و ماسته‌ر نامه‌ی زانكۆیی و بابه‌تی ترو مالپه‌ڕه ئینته‌رنێتیه‌كان، وگه‌ڕاومه‌ته‌وه بۆ ده‌یه‌ها سه‌رچاوه‌ی تر به‌لاّم به‌كارم نه‌هێناوه چونكه له‌گه‌لّ بابه‌تی من زۆر تێكی نه‌كردۆته‌وه.

15. زۆربه‌ی جار ئه‌و ده‌قه‌ی كه وه‌رمگرتووه ئاماژه‌م به‌سه‌رچاوه‌كه‌ی نه‌كردووه. تا ژێرنوسه‌كان زۆر نه‌بێت، ومن ئاره‌زوی كورت كراوه ده‌كه‌م و زیاتر ماندوبوونه‌كه‌م بۆ شتی گرنگتر به كاردێنم، له كۆتایی كتێبه‌كه‌دا باسم كردووه، له ناوه‌ڕۆكی سارچاوه‌كان ئه‌وه‌ی كه زۆر سودم لیّ بینیوه له بڕگه زانستیه‌كه‌دا.

16. له كۆتایی: كاتێك بینیم به‌رفراوانیه‌ك هه‌یه له بنچینه‌و بڕگه‌كانی ئه‌م كتێبه‌دا و گشتگیریه‌كه‌یدا، دلنیابووم بڕگه‌كانی درێژه ده‌كێشێت، بینیم پێویسته ئه‌و بابه‌تانه‌ی ڕوون وئاشكران كورت كه‌مه‌وه له‌سه‌ر ئه‌وانی تر، مه‌به‌ست له‌م كۆششه ئاسایی كردنی بابه‌ته درێژه‌كان بوو.



ئەم ڕێگایەی بەكارم هێناوە بۆ وشەی فەرش

به پێی توانا هەوڵمداوە پابەندبم بە بەكارهێنانی نوسینی ڕەسمی عوسمانی لە نوسینی وشەكانی فەرشدا.

- ✓ ئەگەر وشەیەكەم بەڕەهایی بەكارهێنا، واتە مەبەستم پێی لەكاتی وەستان و نەوەستانە (وقفاً – ووصلاً)
- ✓ (أ) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی پیتە هەمزەكە لەسەر شێوەی ئەلیف بوو، وەك: [ءَأَعۡجَمِيّٞ].
- ✓ (ؤ) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەكە لەسەر شێوەی (و) بوو، وەك: [أَؤُنَبِّئُكُم].
- ✓ (ئـ) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەكە لەسەر شێوەی بەرزكردنەوەی دەنگ بێت(نەبرە)، وەك: [أَئِمَّةَ].
- ✓ (•) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەكە لە ڕیزی پیتەكانی تر نوسرابێت، وەك: [أَءنَّكَ].
- ✓ (ـࣰس) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا خوێندنەوەی ئەم پیتە بە پیتی(س) دەبێت، وەك: [ٱلصِّرَٰطَ].
- ✓ (ـُ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا وەستان بە پیتی(ه)ی زەنەدار، وەك: [فِيمَّ][فِيمَه].
- ✓ (ـۛ) ئەم نیشانەیە لەسەر پێت، واتا گۆڕینی پیتی(ت)ی لەسەر وەستاو، بە پیتی(ه) وەك:

[رَحۡمَتَ][رَحۡمَه].

✓ (ــٌ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر ضـەممەداركردنی پیتی نونی تەنوین، بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری ضـەممە، وەك: [بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ] [بِرَحۡمَتِندخُلُواْ].

✓ (ــٍ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر كەسرەداركردنی پیتی نونی تەنوین بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری كەسرە، وەك: [أَحَدٌ ۞ ٱللَّهُ أَكۡبَرُ].

✓ (ــ) ئەم نیشانەیە ئەگەر كەوتە ژێر پیت، بەڵگەیە لەسەر بوونی ئیماله[1]، وەك: [مَجۡرٜىٰهَا].

✓ ئەگەر ناوی ڕاوی (گێرەوەرەكە)م نەبردبوو، واتا هەردوو ڕاویەكە یەك خوێندنەوەیان هەیە، واتە جیاوازیەكە تەنها لەسەر ئیبن كەثیرە بە ڕاویەكانیەوە.

✓ لە بەشی یەكەم لە وشەكانی فەرش كورت كردنەوەم كردووە لەسەر ناو هێنانی پیتی(م)ی كۆ، زۆربەی جار دووبارەم نەكردۆتەوە لە بەشەكانی تر، ئەوەش بەهۆی زۆر بەكارهاتنی لە قورئانی پیرۆزدا، ناوهێنانیم لە هەندێك جار لەگەڵ یاسای تر باس كردووە لە هەمان وشە.

✓ بەشی سێیەمم تایبەت كردووە تەنها بە وشەكانی فەرش، لەگەڵ ئاشكراكردنێكی كورت، دەربارەی پیتی(هـ)ی كینایە[2]، وپیتی(م)ی كۆ، لەگەڵ وەستان بە پیتی(هـ) لەبری پیتی(ت)ی مێ، وگەیشتنە دوو پیتی زەنە بەیەكترو ئەوانەی هاووێنەی ئەوەن كە باسمان كرد، لەم بەشەدا باسم نەكردووە، تا درێژنەبێتەوە، ئەوەشی زانیاری زیاتری دەوێت بگەڕێتەوە بۆ بەشی دووەم، زۆر بە درێژی باس كراوە.

---

[1] ئیماله(الاماله) واتە خوێندنەوەی ئەلیف و یائدا هاوشێوەی (ی)ی كوردی لێدێت، وەكو:(مَجۡرٜىٰهَا) (مەجراها) (مەجرێها)

[2] كناية: دركە – دوو نیازی – بەڵام لێرەدا مەبەستی پێی ڕاناوی لكاوە(ضمير متصل).

گرنگترین تایبهتمهندییهكانی ئهم پهرتووكه

1. پهرتوكهكه له ژێردهستتدا دهبێت تا چێژ وهرگری له خوێندنهوهی پهرتووكی پهروهردگار، بهخێرایی دهتگهێنێت به زانستی خوێندنهوهكانی قورئانی پیرۆز، نهخوشیت بۆ دیاری دهكات، چارهسهریشت بۆ دهدۆزێتهوه، وبۆچوونه پهسندهكهشت پیٚ دهبهخشێت.

2. نمونهی كرداریت بۆ ڕێك دهخات لهگهڵ نمونهی ژیری و گریمانهیی، تا خوێنهرێكی كاراو به توانات لیٚ دروست بكات بتوانی گهڕان و تێڕامان بكهیت.

3. به وردی شیكردنهوهو كردنهوهی گریٚ كوێرهكانی زۆرێك له بابهته ئالۆزو تێكهلاٌوهكانت بۆ دهكات، دواتر چارهسهرێكی زانستی گونجاو بۆ ههر یهك له كێشهكان دهكات.

4. ئهم پهرتووكه كێشهو چارهسهری زۆرێك له بابهته تایبهته بچوكهكانت دهخاته ژێر دهست، درێژه پێدهره تا بابهته گهوره ئالۆزیهكانت پیشان دهدات.

5. نمونهو بهڵگهی زۆر ورد ههلبژێردراون تا بیرۆكهی بابهتهكان به تهواوی پێت بگات.

6. له ناوهڕۆكدا كۆكهرهوهی گرنگترین بۆچون و ئهو بابهتانهیه كه له پهرتووكهكانی تری پهیوهست بهم بواره.

7. سادهو ئاسان كردنی زانیاریهكان بهپێی توانا.

8. بەکارهێنانی نیشانەو ئاماژەی دیاری کراو له جیاوازییه فەرشییەکان (الخلافات)، بۆ خوێنەرو دیاری کردنی وێناکردنی ئەم جیاوازییانه ، باسی ئەم نیشانەو ئاماژەم کردووه له بەشی نوسینی وشەکانی فەرش.

9. ئەم پەرتووکه جیاکراوتەوه به بەشێك له پرس و گرفته گرنگەکانی، وەك – پەیوەندی نێوان پیتەکان – بۆ ئەو کەسانەی که سەیری زانستی تەجوید و خوێندنەوەکان دەکەن تا دەرکی پێ بکەن، وپێیئاشنابن.

10. پەرتووکەکه دابەش کراوه بەسەر سێ بەشدا، تا ئاسان بێت بۆ خوێنەری بەڕێز و خێرا بگات به زانیاریەکان، له پێشەکیەکەش ئاماژه بەم بەشه دراوه.



مەبەست لە خوێندنی قیرائاتی قورئانی پیرۆز لە حەلەقاتی قورئانی

مەبەستە گشتیەکان کە پێویستە لەسەر مامۆستای فێرخواز بیخاتە ژێر دەستی قوتابی بۆ کار پێکردن:

زۆر بە جوانی و بە وردی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ئەنجام بدات هەر وەك چۆن دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ).

1. هەڵوێستی خۆی دەربڕێ کە ئامادەیە کەسێکی خێر خواز بێت لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

2. هەوڵ و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی پاداشت و چاکە، بە دانیشتن لەبازنەی زانست خوازاندا.

3. پێداگری بکات لەسەر بەدست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بەجێ بەجێ کردنی فەرمانی خودا کە دەفەرموێت:﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾.

4. پەیوەندی دروست بکات لە نێوان ملکەچی و بیرکردنەوە لە کاتی نوێژدا.

5. بەروبومی زمانەوانی دەنگی و زیرەکی و لێهاتویی پەرەپێ بدات، ئەوانەی کە پەیوەندیان بە دەربڕینەوە هەیە.

6. بە قوڵی ڕۆچوونی هەبێت بۆ خۆشەویستی قورئان و قیرائاتی قورئانی موتەواتیر و دڵی لای خەڵکی قورئان بێت و شانازی بەم نازناوە بکات.

7. خۆشەویستی لە پێناو خودادا بچێنێت و گیانی برایەتی هەبێت لەبەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ...) .

8. هەول و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی باوەڕ بەخۆ بوون چونکە فێری یاسای ژیانی دەکات.

9. ئەو پەڕی توانای خۆی بەگەڕ بخات تا ببێت بە مامۆستایەکی قورئانی بۆ منالّی موسلّمانان، (زەکاتی زانستی).

10. گرنگی خوێندنەوەکانی قیڕائاتی قورئانی دەربخات، وپێگەیان بەهێز بکات لە ئایندا.

11. چاندنی بەهێز کردنی تواناکانی لەسەر ئەزبەرکردن و جێبەجێ کردنێکی دروست.

12. خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕێك خوێندنەوەی ڕوەکانی خوێندنەوەی قورئان، وەك ڕێك خستن و سەروژێرکردن و دورکەوتنەوە لە تێکەلأوکردن.

پەیڕەوی خولی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا ئیبن كەثیر

- ئەم پەرتوكە بۆ سودبەخشین بە تۆ داڕێژراوە، بیربكەرەوە بەردەوام لەگەڵت دابێت لەماوەی ئەم خولەدا.
- سەرچاوەی سەرەكی ئەم خولە ئەم پەرتووكەیە كە ئەوەش تایبەتە بە خوێندنەوەی پێشەوا ئیبن كەثیر.
- ئامادەكردنی فەرش و وشەكانی ئیبن كەثیر لەسەر موصحەفێ تایبەت بە هەموو قوتابییەك.
- تاقیكردنەوەی چالاكی بەشێوەیەكی بەردەوام لە كۆتایی هەمووو بابەتێك.
- ئەم خولە لە تۆیەو بۆ تۆشە، ئێمەش بە بەشداری چالاكانەی ئێوە خۆشحاڵین.
- بۆچونت بەلامانەوە گرنگە، ڕەزیلی نەكەیت بۆ دەربڕینی پێشنیازەكانت بۆ پەرەپێدانی ئەم پەرتووكە، یان بۆ پێش خستنی پەیڕەوی ئەم خولە.

ڕێكارەكانی بازنەی قورئانی تایبەت بە پێشەوا ئیبن كەثیر

- نەهاتن بۆ ماوەی سێ جار بەبێ هۆ سزاكەی دەركردنە.
- وتەی لاوەكی كە پەیوەندی نەبێت بە بابەتەكانەوە قەدەغەیە.
- قسەكردن بە مۆبایل لە كاتی وانەدا قەدەغەیە.

پێشەوا
ئیبن كەثیری مەككی

ناوی تەواوی باوكی مەعبەدە عبدالله ی كوڕی عەمری كوڕی زادانی كوڕی فەیروزی كوڕی هورمزە، خەڵكی مەككەیەو لە هۆزی دارە، هەندێك دەڵێن: پێی دەگوترێ (داري) چونكە عەتارِ بووە، عەرەبەكان ناوی عەتارەكانیان بە داری بردووە، یان خەڵكی شوێنێك بووە پێی دەگوترێت (دارين) شوێنێكە لەولاتی بەحرەین بۆنی خۆشی تێدا بەدەست دەهێندرێت، ئەصمەعی دەفەرموویێت: داری واتا لە ماڵەوە دەرناچێت و داوای بژێوی و ژیان لە هیچ كەسێك ناكات.

دووەم قاریئە لە حەوت قوڕائەكان، تابیعیەكی بەرێزەو صەحابەی بینیوە، بەرەگەز خەڵكی فارسە، لە شاری مەككەی ثیرۆز لە دایك بووە لە ساڵی (45)ی كۆچی.

پێشەوای خەڵك بووە لە خوێندنەوەی قورئاندا، كەس هاوشێوەی نەبووە، ئیبن موجاهید دەفەرمویێت: عبدالله، ئیبن كەثیر بەردەوام پێشەوای قاریئەكان بووە لە مەككە تا وەفاتی كردووە.

ئیبن كەثیر كەسێكی زمان پاراو و ڕەوانبێژ بوو، ئارامی و نەرم و نیانی پێوە دیار بوو، سەرو ڕیشی سپی بوو هەندێ جار لە خەنەی دەنا، كەسێكی درێژو چوار شانە بوو، ڕەنگی ڕەش ئەسمەر بوو، چاوی كەمێك شین خۆی نیشان دەدا[1].

لە شاری مەككەی ثیرۆز بە خزمەت عبدالله ی كوڕی زوبەیر گەیشتووە، چاوی بە دەرباس خزمەتكارەكەی عبداللەی كوڕی عەباس كەوتووە، ئەبو ئەیوبی ئەنصارییشی بینیووە، لەگەڵ ئەنەسی كوڕی مالك،و موجاهیدی كوڕی جەبر، كە لەوەوە فەرمودەی

(1) موحەممەدی كوڕی مەنزوری ئەفریقی، لە كتێبی لسان العرب، (بەیروت، دار صادر، بەرگی11، دت)، لاپەڕە373.

گێڕاوته‌وه، خوێندنه‌وه‌ی قورئانی له‌لای عبدالله ی كوڕی سائیب وه‌رگرتووه‌و له لاشی خوێندۆته‌وه ، وهه‌روها قورئانی له‌لای باوكی حه‌جاج موجاهیدی كوڕی جوبه‌یریش خوێندۆته‌وه ، وبه‌سه‌ر ده‌رباسی خزمه‌تكاری ئیبن و عه‌باس خوێندنۆته‌وه. كوڕی سائیبیش قورئانی لای ئوبه‌ی كوڕی كه‌عب و عومه‌ری كوڕی خه‌تاب خوێندۆته‌وه، موجاهیدیش قورئانی لای عبدالله ی كوڕی سائیب و عبدالله ی كوڕی عه‌باس خوێندۆته‌وه ، وده‌رباس قورئانی لای عبدالله ی كوڕی عه‌باس خوێندۆته‌وه، ئیبن عه‌باسیش لای ئوبه‌ی كوڕی كه‌عب و زه‌یدی كوڕی ثابت خوێندۆته‌وه، وئوبه‌ی و زه‌یدو عومه‌ریش قورئانیان له پێغه‌مبه‌ره‌وه(ﷺ) وه‌رگرتووه.

كه‌سانێكی زۆر خوێندنه‌وه‌ی قورئانیان له ئیبن كه‌ثیره‌وه وه‌رگرتووه له‌وانه‌ش: ئیسماعیلی كوڕی عبدالله القسطی، وئیسماعیلی كوڕی موسلیم، وحه‌مادی كوڕی سه‌له‌مه، وخه‌لیلی كوڕی ئه‌حمه‌د، وسوله‌یمانی كوڕی موغیره، وشیبلی كوڕی عوباد، عه‌بدولمه‌لیكی كوڕی جه‌ریح، وكوڕی باوكی مه‌لیكه، وسوفیانی كوڕی عویینه، وباوكی عه‌مری كوڕی عه‌لا، وعیسای كوڕی عه‌مر.

ئه‌صمه‌عی ده‌فه‌رموێت: به باوكی عه‌مرم گوت: قورئانت لای ئیبن كه‌ثیر خوێندۆته‌وه؟ وتی: به‌ڵێ، هه‌موو قورئانم لای ئیبن كه‌ثیر خوێندۆته‌وه دوای ئه‌وه‌ی هه‌مووم لای موجاهید خوێنده‌وه، وئبین كه‌ثیر زاناتر بوو له موجاهید له زمانی عه‌ره‌بیدا.

پێشه‌وا شافعی خوێندنه‌وه‌ی قورئانی ئیبن كه‌ثیری گواستۆته‌وه‌و مه‌دحی كردووه، وده‌یفه‌رموو: خوێندنه‌وه‌ی من خوێندنه‌وه‌ی عبدالله ی كوڕی كه‌ثیره، خه‌ڵكی شاری مه‌كه‌شم بینی له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و بوون.

ده‌گوترێ ماوه‌یه‌ك له وڵاتی عێراق ماوته‌وه دواتر گه‌ڕاوه‌ته‌وه بۆ شاری مه‌ككه‌و هه‌ر له‌وێدا له ساڵی(120)ی كۆچی له ته‌مه‌نی 72ساڵیدا كۆچی دوایی كردووه، ڕه‌حمه‌تی خودای گه‌وره له پێشه‌وا ئیبن كه‌ثیری مه‌ككی بێت .

ڕاویەکانی ئیبن کەثیر
ئەوکەسانەی قیڕائاتیان لە ئیبن کەثیر گێڕدراوەتەوە

بەناوبانگترین ئەو کەسانەی کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ قیڕائەی ئیبن کەثیریان وەرگرتووە بریتین لە بەززی و قونبول بە هۆی:

1- باوکی حەسەن ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی عبداللەی کوڕی قاسم ی، کوڕی نافع ی کوڕی (ئەبی بەززە) ناسراو بە (بەززی)

بەززی واتا توندی، خوێندەوەی ئیبن کەثیری لە زۆر کەس وەرگرتووە، لەوانە: عیکرەمەی کوڕی سولەیمان، ئەویش لە ئیسماعیلی کوڕی عبداللە ی قیسط ی وەرگرتووە، وهەروها لە شبلی کوڕی عەبباد ئەویش بەهەمان شێوە لە ئیبن کەثیری وەرگرتووە، ئەویش - بەززی - پێشەواییێکی گەورەیەو مامۆستاو لێکۆلەرەوەو ڕێکخەرێکی وردبینە بۆ خوێندنەوەی قورئان وباوەڕ پێکراوە، زۆر لە شێخەکانی شاری مەککە گەڕاوتنەوە لای ئەو، بانگ بێژی شاری مەککە بووە بۆ ماوەی چل ساڵ.

خەڵکانێکی زۆر قیڕائاتی قورئانیان لێ وەرگرتوەو لێیان گێڕاوتەوە، هەندێك لەوانە حەسەنی کوڕی حەباب، وباوکی ڕەبیعە، وئەحمەدی کوڕی فەرەح، وموحەممەدی کوڕی هاڕون، وبە ناوبانگترینیان پێشەوا قونبول کە بە دووەهەمی گێڕەوەرەکان دادەندرێت لە وەرگرتنی قیڕائاتی ئیبن کەثیر.

گێ ڕاویەتیەوە لە بەززی فەرمودەی تەکبیر (الله اکبر) حاکم لە کتێبی موستەدرەك باسی کردووە لە ڕێگەی ئەوەوە، فەرموویەتی فەرمودەیەکی ڕاستەو سەنەدو پالپشتیەکەشی دروستە.

لە ساڵی سەت و حەفتای کۆچی (170ك) لە مەککەی ثیرۆز لە دایك بووە ، ولە ساڵی دووسەدو پەنجای کۆچی وفاتی کردووە (250ك) هەشتا ساڵ ژیاوە ڕەزاو ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت و خودا لێی خۆش بێت.

❖ ڕێگاکانی گێڕانەوەی بەززی:

گێڕانەوە لە بەززی بە دوو ڕێگابووە:

- ✓ **ڕێگای یەکەم:** ئیبن حەبابە[1].
- ✓ **ڕێگای دووەم:** باوکی ڕەبیعەیە[2].

لەم پەرتووکەدا پشت بە ڕێگای دووەم بەستراوە کە گێڕانەوەی باوکی ڕەبیعەیە، ئەویش باوکی ڕەبیعە موحەممەدی کوڕی ئیسحاقە. لە مانگی ڕەمەزاندا ساڵی 294ی کۆچی وەفاتی کردووە خوێنەرێکی وردەکار بووە لە خوێندنەوە، بانگ بێژی مزگەوتی حەڕامی شاری مەککە بووە لە دوای بەززی ، پێشەوا دانی بەم شێوەیە باسی دەکات و دەفەرخوێت: باوکی ڕەبیعە کەسێکی وردەکارو ڕێککارو جێیمتمانەبوو ڕاستگۆو دادپەروەربوو.

---

[1] حەسەنی کوڕی حەبابی دەقاقە باوکی علی، ساڵی 301ی کۆچی وەفاتی کردووە. سەبری کتێبەکەی: موحەممەدی کوڕی جەزەری، کتێبی (غاية النهاية في طبقات القراء)، (بیروت، دار الکتب العلمية، بەرگی 1، 1427ك)، لاپەڕە 209.

[2] موحەممەدی کوڕی جەزەری،(غاية النهاية في طبقات القراء)،(بیروت، دار الکتب العلمية، بەرگی2، 1427ك)، لاپەڕە 99.

2- باوكی عومه‌ر موحه‌ممه‌دی كوڕی عبدالرحمن ی كوڕی خالیدی كوڕی موحه‌ممه‌دی كوڕی سه‌عیدی كوڕی جه‌رجه‌ی مه‌خزومی خه‌ڵكی مه‌ككه ناسراو به‌ (قونبول).

هۆی ناونانی به‌ قونبول ڕای جیاجیای له‌سه‌ره‌، گوتراوه‌: چونكه له خانه‌واده‌یه‌ك ژیاوه له شاری مه‌ككه پێیان ده‌گوترا(قه‌نابیله) یان گوتراوه هۆی ناونانی ئه‌وه‌یه ده‌رمانێكی به‌كار هێناوه ناوی قونبول بووه ناسراوبووه لای ده‌رمانسازه‌كان، چونكه كه ئه‌و جۆره ده‌رمانه‌ی بۆ نه‌خۆشیه‌كه‌ی به‌كارهێناوه، نازناوی ئه‌م ده‌رمانه‌ی وه‌رگرتووه، پیتی یائیان لابردووه بۆ ئاسان خوێندنه‌وه‌ی و بۆته قونبول.

قونبول شێخی قورائه‌كانی حیجاز بووه، له ساڵی سه‌دو نه‌وه‌ت و پێنج (195ك) له دایك بووه، قورئانی خوێندۆته‌وه لای ئه‌حمه‌دی كوڕی موحه‌ممه‌دی كوڕی عه‌ون نه‌باڵ، ناسراو به قه‌واس، ئه‌وه‌ی كه له دوای خۆی دایده‌نا له شاری مه‌ككه‌ی ثیرۆز، خوێندنه‌وه‌و قیراْئاتی وه‌رگرتووه له به‌ززی ، ئه‌وه‌ش به كه‌سی دووه‌هه‌م داده‌ندرێت له گێڕانه‌وه‌ی قیراْئات له ئیبن كه‌ثیر، قواس خوێندنه‌وه‌ی قورئانی له باوكی ئیخریط وه‌هبی كوڕی واضح وه‌رگرتووه، وباوكی ئیخریط خوێندنه‌وه‌ی لای ئیسماعیل ی كوڕی عبدالله ی قیسط و لای مه‌عرووف كوڕی مه‌شكان خوێندۆته‌وه، ئه‌وانیش له ئیبن كه‌ثیره‌وه قیرائه‌كه‌یان وه‌رگرتووه، خه‌ڵكانێكی زۆر خوێندنه‌وه‌ی قورئانیان لێ وه‌رگرتووه له‌وانه باوكی ڕه‌بیعه موحه‌ممه‌دی كوڕی ئیسحاق ئه‌ویش یه‌كێكه له قوتابیه نزیك و ناسراوه‌كانی، وموحه‌ممه‌دی كوڕی عبدالعزیزی كوڕی عبدالله ی كوڕی صه‌باح، وئه‌حمه‌دی كوڕی موسای كوڕی موجاهید نوسه‌ری په‌رتووكی (سه‌بعه) وموحه‌مه‌دی كوڕی شه‌نبوذ ، وعبدالله ی كوڕی جوبه‌یر ئه‌وه‌ش له هاوده‌مه‌كانیه‌تی.

پێشه‌وایه‌تی خوێندنه‌وه‌ی قورئان له حیجاز بۆ ئه‌و ده‌گه‌ڕێته‌وه، خه‌ڵك له هه‌موو شوێن و وڵات و لایه‌كدا ڕوویان تێكردووه.

قونبول سه‌رپه‌رشتی پۆلیسی شاری مه‌ككه‌ی ده‌كرد، چونكه هه‌ر پیاو چاك و خێرخوازێك بهاتبوایه لای هه‌ڵیده‌بژارد بۆ وه‌رگرتنی مافی خه‌ڵك و جێ به‌جێكردنی یاساو بڕیاره‌كانی شه‌ریعه‌ت، قونبول كه‌سه چاكه‌كانی دیاری ده‌كرد ئه‌وانه‌ی كه خاوه‌ن

زانست بوون و چاكە كار بوون، ئەم كارەی قونبول لە ناوەڕاستی ژیانی بوو خەڵكان زۆر بە چاكە باسی ژیانی ئەویان دەكرد.

گوتراوە كاتیٚ قونبول بە تەمەن كەوت لە خوێندنەوەو قیراَئات دابڕا ئەوەش حەوت ساڵ بەر لە مردنی بوو، وگوتراوە دە ساڵ پێش وەفاتی لە قیراَئات دوركەوتەوە بە هۆی تەمەنیەوە، قونبول لە ساڵی (291) دوو سەت و نەوەت و یەكی كۆچی وەفاتی كرد لە شاری مەككەی ثیرۆز، لە تەمەنی نەوەت و شەش ساڵیدا – ڕەزاو ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت–

❖ ڕێگاكانی گێڕانەوەو ڕیوایەتەكانی قونبول

لە دوو ڕێگاوە گێڕانەوەو ڕیوایەت كراوە لە قونبول، ئەوانیش بریتین لە:

- ✓ **ڕێگەی یەكەم:** ڕێگای ئیبن شەنبوذ[1].
- ✓ **ڕێگەی دووەم:**

ئەم ڕێگایە پشتی پیٚ بەستراوە لەم پەرتووكەدا ئەویش ڕێگەی: ئیبن موجاهیده، لە مانگی شەعبان ساڵی (324ك) وەفاتی كردووە، لە ساڵی (245ك) لە دایك بووە، پێشەوای قورئانخوێنانی سەردەمی خۆی بووە، ناوبانگی لەولآتان بلآوبۆتەوەو خەڵكی لە شاران بۆ لای ئەو هاتوون، خەڵكی زۆر لێی كۆبۆتنەوەو پێش بڕكێی وەرگرتنی قیراَئاتیان لەلای كردووە، لە كۆری ئەودا زیاتر لە سیٚ سەد سەرپەرشتیار هەبووە، هەشتاو چوار جێگری هەبووە گویٚ بیستی خوێندنەوەكان بوونە بەر لە دیتنی ئەو، یەكەم كەس بووە كە ناوی

---

[1] موحەممەدی كوڕی ئەحمەدی كوڕی ئەیوبی كوڕی صەڵتە، باوكی حەسەن، لە ساڵی327ی كۆچی وەفاتی كردووە. بڕوانە:موحەممەدی كوڕی جەزری، غاية النهاية في طبقات القراء،(بیروت، دار الكتب العلمية، بەرگی1427،2ك)، لاپەڕە52

قیرائاتی کردووه به حەوت قیرائات، کەسێکی باوەڕپێکراوو دیندارو خۆ پارێز بووه.

شاطبی – **ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت– هونراوەیەکی بەسەردا گوتووه:–**


وَمَكـَّةُ عَبْدُ اللهِ فِيهـَا مُقـَامـُهُ هُوَ أُبْنُ كەثير كاثِرُ الْقَوْمِ مُعْتَلَا
رَوى أَحْمَدُ الْبَزِّيْ لَهُ وَمُحَمَّدٌ عَلَى سَنَدٍ وَهْوَ المُلَقَّبُ قونبولا

کاثر القوم : **واتا بەرز ، دەگوترێت زاڵ بو بەسەر گەلەکەی واتا بەرزتربو له ئەوان به زانستەکەی و چاکەکانیەوه.**

تێبینی :

له ڕووی جێبەجێکردندا بەززی پێش قونبول دەخرێت، هۆی پێشخستنکەی بەززی لەسەر قونبول چونکه زنجیره (سەنەد)ی نێوان بەززی و ئیبن کەثیر کورتره لەوەی قونبول هەروەها بەززی له زنجیرەی قونبول دایه، چونکه بەززی ناوی هاتووه لەو زنجیرانەی که قونبول له ئەوانی وەرگرتووه.

پاڵپشتی قیرائه‌تی ئیبن كه‌ثیری مه‌ككی



بنچینەکانی
قیرائەتی ئیبن کەثیر

✓ **أصول:** کۆیە تاکەکەی (**أصل**) ـە لە زمانی عەرەبیدا بەو بناغەو بنچینە دەگوترێت کە شتی لەسەر بونیاد دەندرێت .

أصول لە ڕووی زاراوەدا: هەمووو بڕیارێکی گشتی دەگرێتەوە کە بچەسپێت لەسەر ئەوشتانەی مەرجی بڕیارەکە لێی بێتە دی، یان مەبەست لە ئوصول واتا ئەو یاسا گشتیانە دەگرێتەوە کە پەیدادەبن، وەك (مد) درێژکردنەوە و(القصر) کورت کردنەوە و(الفتح) کردنەوە (الاماله) واتا لارکردنەوەو مەیل کردن لە نێوان دوو خوێندنەوەو ئەوەی هاوشێوەی ئەوانەن.

✓ **الفرش:** لە زمانی عەرەبیدا واتا ڕاخستن و بڵاوکردنەوە.

الفرش: لە زاراوەدا بریتیە لەو بڕیارەی تایبەتە بە هەندێ وشەی قورئانی کە ڕای جیاوازی لەسەرە لە نێوان قوڕائەکانی خوێندنی قورئان لەگەڵ بەهێز کردنی هەمووو خوێندنەوەکان بۆ خاوەنەکەی وەك: ﴿ مَـٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾ .

لە خوێندنەوەی عاصیم و کیسائیدا وشەی ﴿ مَـٰلِكِ ﴾ ئەلیف جێگیرکراوە لە دوای پیتی میم، بەڵام جگە لەئەوان وەك نافیع و ئیبن کەثیر و ئەبو عەمرو ئیبنو عامیرو حەمزە ئەلیفەکە لادەبەن، واتا بەبێ ئەلیف دەیخوێننەوە، وەك: (مَلِكِ).

هەر ووشەیەك خولانەوەی کەم بێت لە نێوان قیڕائاتەکانداو بۆچونی جیاوازی لەسەر بێت ئەوە پێیدەگوترێت فەرش، چونکە باس کراوە لە شوێنی خۆی لە سوڕەتەکاندا بەپێی ڕیزبەندی قورئانی ئەوە وەك ڕایەخراوێکی لێدێت کە ڕاخرابێت.

هەندێك فەرش هەیە كە دەكرێت حوكمەكەی گشتگیربكرێ، وەكو ووشەی ساكینكردنی پیتی دال لە ووشەی (القدْس) لای ئیبن كەثیر، بە پێچەوانەوە هەندێك بنچینەمان هەیە كە ناكرێ حوكمیان گشتگیربكرێت، هەر وەك لە شوێنە دیارەكانی پیتی(یائی) دانەپاڵ و زائیدە، یان وەك هەندێ وشەی تر كە لە بابەتی (هەمزەكاندا) باسی دەكەین، ئەو پۆلێنكردنەش پشتدەبەستێ بەوەی ئاخۆ ئەو حالەتە زۆر دووبارە بۆتەوە یاخود نا، واتە ئەگەر زۆر دووبارە بۆتەوە دەبێتە بنچینە، بەلاّم ئەگەر كەم دووبارە بووەوە دەبێتە فەرش.



بابه‌تی پیتی(هائی) كینایه

هۆی ناونانی به‌هائی كینایه چونكه ناسناوێكی وه‌رگرتووه ئه‌ویش به‌كارهاتنیه‌تی بۆ كه‌سی سیٚ یه‌می تاكی نێر(له زمانی عه‌ره‌بی)، وپێشی ده‌گوترێت هائی(الضمير) راناو له زاراوه‌ی قورِائه‌كان ناسراوه به‌هائی زائیده.

كه ده‌ڵێن هائی زائیده واته مه‌به‌ستمان هائی بنچینه نیه، واتا هائی ئه‌صڵی ناگرێته‌وه وه‌ك: له ئایه‌تی 116ی سوره‌تی شوعه‌را: ﴿لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰنُوحُ﴾ .

كه گوتمان واتای كه‌سی سیٚ یه‌می تاكی نێر ده‌دات، ئه‌وه ناگرێته‌وه هائێك بۆ تاكی میٚ، وه‌ك: ﴿ إِلَيْهَا ﴾، ئه‌وه‌ش ناگرێته‌وه كه بۆ دووانه (موثه‌ننا) وه‌ك:﴿ عَلَيْهِمَا ﴾، یان ئه‌وه‌ی بۆ كۆ به‌كارهاتووه وه‌ك: [إِلَيْهِمْ ، إِلَيْهِنَّ].

هائی كینایه به‌ناوه(اسم) ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ أَجَلِهِۦ ﴾، به كاریشوه(فعل) ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ يُعَلِّمُهُۥ ﴾، به پیتیشوه ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ إِلَيْهِ ﴾.

هائی كینایه له بنچینه‌دا ضه‌ممه‌دار، وه‌ك: (لَهُ)
هائی كینایه كه‌سره‌دار ده‌بێت(له‌ژێر) ئه‌گه‌ر كه‌سره‌ی له پێشدا هاتبوو.
هائی كینایه كه‌سره‌دار ده‌بێت، ئه‌گه‌ر پیتی(ی)ی له پێشدا هاتبوو.

جگه له‌م دوو شوێنه هائی كینایه ضه‌ممه‌داره ده‌بێت له‌به‌ر كاركردن به بنچینه‌ی خۆی، وه‌ك له گێرانه‌وه‌و ریوایه‌تی حه‌فصدا هاتووه له ئایه‌تی 63ی سوره‌تی كه‌هف: ﴿ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَٰنُ ﴾ وئایه‌تی 10ی سوره‌تی فه‌تح:﴿ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيْهُ اللهَ ﴾
پێشه‌وا حه‌مزه ئایه‌تی 10ی سوره‌تی طه و ئایه‌تی 29ی سوره‌تی قه‌صه‌ص: به‌م شێوه خوێندۆته‌وه: ﴿ لِأَهْلِهُ ٱمْكُثُوٓاْ ﴾.

حاڵەتەكانی هائی كینایە

هائی كینایە لە قورئانی پیرۆزدا چوار باری هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

1- بكەوێتە نێوان دوو زەنەدار، واتا پێش و پاشی ساكین بێت، وەك: { فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ ، وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡإِنجِيلَ ، ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ }.

2- پێشی حەرەكەدار بێت و پاشی سكون بێت، وەك: { قَوۡلُهُ ٱلۡحَقُّۚ ، لَهُ ٱلۡمُلۡكُ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُۖ ، رَبِّهِ ٱلۡأَعۡلَىٰ }.

قاریئەكان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی كە نابێت لەو دوو بارەدا هائی كینایە بە صیلە بخوێندرێتەوە تا دوو ساكین بەیەكەوە كۆنەبنەوە[1].

3- پێش هائەكە زەنەدار بێت و پاشی حەرەكەدار، وەك: { وَشَرَوۡهُ بِثَمَنٍ ، خُذُوهُ فَٱعۡتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلۡجَحِيمِ ، مَا عَقَلُوهُ وَهُمۡ}.

4- كۆدەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە كە لەم شوێنانەدا هائی كینایە بە صیلە ناخوێندرێتەوە، تەنها هەندێكیان نەبێ كە لە هەندێ باردا بە صیلە دەخوێندرێتەوە. ئەوە نەبێت بەشێكیان جیایان كردۆتەوە، (واتا لە هەندێ كاتدا لكاوی دەكەن).

بەڵام پێشەوا ئیبن كەثیر لەم بارەدا بە صیلە دەخوێندرێتەوە ودواتریش باسی دەكەین و ئاگاداردەبین لەسەری.

[1] تەنها شوێنێك نەبێت، بەززی خوێندویەتیەوە لە ئیبن كەثیر كە هائی كینایەی بە پیتی(و)ی لكاندووەو پیتی(ت)ی دوای هائەكەشی شەدەدار كردووە، وەك: (تَّلَهَّىٰ)، لە ئایەتی10ی سورەتی عەبەسە: ﴿فَأَنتَ عَنۡهُۥ تَّلَهَّىٰ﴾.

5- بکەوێتە نێوان دوو حەرەکەدار (دوو حەڕەکە) وەك: ﴿ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾.

لەم بارەدا هەمووو قاڕیئەکان پیتی(ه) یان لکاندووە بە پیتی(و)ی گوتراو (لفظي) **ئەگەر** ضەمە**دار** بوو، **ولکاندویانە بە پیتی(ی) ئەگەر کەسرەدار بوو، تەنها لە هەندێ باری تایبەت نەبێت.**



حوكمی هائی كینایه
له‌لای پێشه‌وا ئیبن كه‌ثیر

ئیبن كه‌ثیر له‌كاتی خوێندنه‌وه‌دا هائی كینایه‌ی به‌ ووشه‌ لكاندووه‌، ئه‌گه‌ر ئه‌م هائه‌ كه‌وتبێته‌ نێوان دوو حه‌ره‌كه‌دار، یان كه‌وتبێته‌ نێوان حه‌ره‌كه‌دارێك و ساكینێك.

ئیبن كه‌ثیر { فِيهِ ؛ عَلَيْهِ } به‌ صیله‌ خوێندوّته‌وه‌ به‌م شێوه‌: (فِيهِي ؛ عَلَيْهِي) به‌ قه‌ڵه‌و كردن و ته‌واو خوێندنه‌وه‌ی هائه‌كه‌و لكاندنی به‌پیتی(ی) به‌ڵگه‌شی ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئه‌صل و بنچینه‌یان به‌م شێوه‌یه‌: (فيهو ، وعليهو) پیتی(و) یان گۆڕیوه‌ به‌ پیتی(ی) به‌ هۆی (ی)ی پێشه‌خۆی، دواتر پیتی(ه) یان كه‌سره‌داركردووه‌ بۆته‌: (فِيهِي ؛ عَلَيْهِي).

ئیبن كه‌ثیر هه‌ریه‌ك له‌ (فَقُلْنَا ٱضْرِبُوهُۥ) ووشه‌ی (مِنْهُۥ)ی به‌ صیله‌ ده‌خوێنێته‌وه‌. پیتی(ه)و لكاندوه‌ به‌پیتی(و) له‌سه‌ر بنچینه‌ی خۆی.

جیاوازی نێوان ئیبن كه‌ثیرو حه‌فص ده‌رباره‌ی هائی كینایه‌ به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌ پوخت ده‌كرێت:

أ- ئیبن كه‌ثیر پیتی(ه)ی كینایه‌ی زه‌نه‌دار كردووه‌و به‌ صیله‌ خوێندوّتیه‌وه‌ له‌ دوو وشه‌دا ئه‌وانیش:

1- هه‌ر یه‌ك له‌ وشه‌كانی: ﴿ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ ﴾ له‌ ئایه‌تی 111ی سوره‌تی ئه‌عراف وئائتی 36ی سوره‌تی شوعه‌را، پیتێكی هه‌مزه‌ی زه‌نه‌داری زیاد كردووه‌ له‌ پێش پیتی(ه) به‌م شێوه‌یه‌: ﴿ أَرْجِئْهُۥ وَأَخَاهُۥ ﴾. ﴿ أَرْجِئْهُو وَأَخَاهُو ﴾.

2- له‌ ئایه‌تی 7ی سوره‌تی زومه‌ر: ﴿ وَإِن تَشْكُرُواْ يَرْضَهُ لَكُمْ ﴾ به‌م شێوه‌یه‌ خوێندوّته‌وه‌: ﴿وَإِن تَشْكُرُواْ يَرْضَهُۥ لَكُمْ ﴾.﴿وَإِن تَشْكُرُواْ يَرْضَهُو لَكُمْ ﴾.

3- لە ئایەتی 88ی سورەتی زوخروف: ﴿ وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ ﴾ بەم شێوەیە خوێندۆتەوە: ﴿ وَقِيلَهُو ﴾[1].

4- لە ئایەتی 3ی سورەتی طەلاق: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ ﴾ بەم شێوەیە خوێندۆتەوە: ﴿ بَٰلِغٌ أَمۡرَهُو ﴾[2].

ب- ئیبن کەثیر پیتی(ه)ی کەسرەدار کردووەو بە صیلە خوێندۆتەوە لە سێ شوێن:

1- ئایەتی 52ی سورەتی نور: ﴿ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ ﴾ لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە ئیبن کەثیر لێرەدا پیتی(ق)ی وەك پیتی(ه) بەکەسرەداری خوێندۆتەوە بەم شێوەیە: ﴿ وَيَتَّقِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ ﴾.

2- ئایەتی 28ی سورەتی نەمل: ﴿ فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ ﴾ بەم شێوەیە خوێندۆتەوە: ﴿ فَأَلۡقِهِۦ إِلَيۡهِمُۥ ﴾.

3- ئایەتی 63ی سورەتی کەهف: ﴿ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ ﴾ بەم شێوەیە خوێندۆتەوە: ﴿ وَمَا أَنسَىٰنِيهِي إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ ﴾.

ت- پیتی(ه)ی بێصیلە خوێندۆتەوە، لە ئایەتی10ی سورەتی فەتح: ﴿ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ ﴾ بەم شێوەیە: ﴿ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهِ ٱللَّهَ ﴾، بەلاَم ئەمە شتێکی شاراوە نیە کە پێویستە پیتی(ل)ی وشەی (الله) ناسك بکرێت لە خوێندنەوەدا، چونکە پێشەکەی کەسرەدارە.

---

(1) ئیبن کەثیر بە فەتحەدارکردنی پیتی(ل)ی خوێندۆتەوە، لێرەدا پێویستە پیتی(ه)ی کینایە ضەممەدار بکرێت، بە هۆی فەتحەدارکردنی پیتی(ل).

(2) ئیبن کەثیر بە تەنوینی پیتی(غ)و فەتحەدارکردنی پیتی(ر)ی خوێندۆتەوە، لێرەدا پێویستە پیتی(ه)ی کینایە ضەممەدار بکرێت، بە هۆی فەتحەدارکردنی پیتی(ر).

ث- له لای ئیبن کەثیر له بری پیتی(هـ)ی کینایه پیتی(ت)ی فەتحەداری بەکارهاتوو بۆ مێ (تاء التانيث) خوێندراوتەوە، هەروەك

1- له ئایەتی 20ی سورەتی لوقمان: ﴿ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ ﴾ بەم شێوەیە: ﴿ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَةً ظَٰهِرَةً ﴾، شاردنەوە (الاخفاء) له پیتی(ظ) ، شتێکی ئاشکرایەو زەنەدارکردنی پیتی(ع)یش دەردەکەوێت.

2- وله ئایەتی 38ی سورەتی ئیسرائدا: ﴿ كُلُّ ذَٰلِكَ كَانَ سَيِّئُهُۥ عِندَ رَبِّكَ مَكۡرُوهٗا ﴾ بەم شێوە خوێندراوتەوە: ﴿سَيِّئَةً﴾[1].

ج- پیتی(هـ)ی کینایه لابردوه له ئایەتی 71ی سورەتی زوخروف: ﴿وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ ﴾ بەم شێوەیە خوێندراوتەوە: ﴿مَا تَشۡتَهِي ٱلۡأَنفُسُ ﴾[2].

ح- پیتی(هـ)ی کینایه ضـەممەدار کراوە، لەگەڵ لکاندنی بە پیتی(و)ی گوتراو، له ئایەتی 3ی سورەتی طەلاق: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦ﴾ بەم شێوەیە: (بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦو)[3].

تێبینی:

پێشەوا ئیبن کەثیر هاوڕایە لەگەڵ پێشەوا حەفص له کەسرەدار کردنی پیتی(هـ)و لکاندنی، له ئایەتی 69ی سورەتی فورقان: ﴿وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا﴾

---

[1] فەتحەدارکردنی پیتی هەمزە ناشاردرێتەوە.

[2] شاراوەنیە لابردنی پیتی(یاء) بە نەوەستان، بەهۆی گەیشتنی دوو پیتی زەنەدار.

[3] ئیبن کەثیر ئەم شوێنەی خوێندۆتەوە بەتەنوینی پیتی(غ)و فەتحەدار کردنی پیتی(ر) لێرەدا پێویستە پیتی(هـ)ی کینایە ضـەممەداربکرێت، بەهۆی فەتحەدار کردنی پیتی(ر).

بابەتی پیتی(میم) ی كۆ

میمی كۆ بریتیه له پیتێكی زیاده له پێكهاتهی وشهدا كه بۆ نێری كۆ (جمع مذكر)بهكاردێت، وههروها ئهو كۆیهش دهگرێتهوه كه بۆ مێ بهكار دێت (جمع مؤنث).

دهرچوو له پێناسهكه: واتا ئهو شتانهی كه پێناسهكه نایان گرێتهوهو له بازنهی پێناسهكهدا دهردهچن:

- **میمی زیاده:** كه له پێناسهكهدا گوترا میمی زیاده، واتا ئهم پیته میمه ناگرێتهوه كه زیاد نهبێت و بنچینهو ئهصلی وشهكه بێت وهك: [بِمَ ، ٱحۡكُم ، أَلَمۡ].
- **واتای كۆی نێر بدات:** ئهمه ناگرێتهوه ئهگهر پیته میمێك واتای كۆی نێر نهدات، واتا بهكارهاتبێت بۆ تاك یان بۆ دووان وهك: ﴿ أَنۡهَكُمَا ﴾.
- **كۆی مێ دهگرێتهوه:** وهك: ﴿ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ ﴾، لێرهدا پیته میمهكه بهكار هاتووه بۆ نێر و مێ، واتا ههردوو ڕهگهز دهگرێتهوه.

ههروها (میم) له ووشهی﴿ مِنكُمُۥ ﴾ش به میمی كۆ دادهندرێت.

میمی هاوێنهكانی ووشهی﴿ وَمَلَإِيْهِمُۥ ﴾ له ئایهتی 83ی سوڕهتی یونس: ﴿ عَلَىٰ خَوۡفٍ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِمُۥ أَن يَفۡتِنَهُمُۥ ﴾ لێرهدا ڕاناو دهگهڕێتهوه بۆ فیرعهون به تهنها بهڵام به شێوهی كۆ بهكار هاتووه، كهواته: ئهم میمهش به میمی كۆ ئهژماردهكرێ(تنزیلاً).

نیشانهكانی پیتی(میم)ی كۆ

ئهگهر لایبهری له وشهدا مانای وشهكه تێك نادات، وهك: ﴿عَلَيۡكُمُ﴾ دهبێته(عَلَيۡكُ).

أ- یهكێك لهم سێ پیتانه له پێش میمهكهدا بێت[1]

ب- پیتی (ك) وهك: ﴿ مِنكُمُۥ ﴾، پیتی (ك) تهنها ضهممهدار دهبێت.

ت- پیتی (ت) وهك: ﴿ كُنتُمُۥ ﴾، پیتی (ت) تهنها ضهممهدار دهبێت.


ث- پیتی (هـ) وهك: ﴿ أَمۡوَٰلَهُمُۥ ﴾، پیتی (هـ)یان ضهممهدار دهبێت، وهك له نمونهى پێشو باس كرا، یان كهسرهدار دهبێت وهك: ﴿ عَلَيۡهِمُۥ ﴾.

---

[1] یهك شوێن جیاكراوتهوه، ههمزه كهوتۆته پێش پیتی(م)ی كۆ (میم الجمع)، ئهوهش له ئایهتی 19ی سورِهتی حاقهیه { هاؤم } لێرهدا بهواتای (هلموا اقرؤوا كتابيه)، ههندێ له زمانهوانان دهڵێن: به واتاى (هاكم) دێت، پیتی(ك) گۆرِدراوه به پیتی ههمزه، ههروهك قوتهیبی ئاماژهى پێ كردووه، رهضی دهفهرموێت: (ها) ناوێكه به واتاى (بگره) دێت وههشت جۆر زمانی تێدایه، ئهمه یهكێكه لهم زمانانه: لهبرى پیتی ئهلیف ههمزهى پێوه بلكێندرێت گۆرِانكاریهكانیشی وهك گۆرِانكارى پیتی(ك) دهبێت، وهك: (هاؤما، هاؤم، هاءِ، هاءَ، هاؤن)، باوكی قاسم فهرمویهتی: بهچهن شێوازو زمانێك دهخوێندرێتهوه چاكترینیان ئهوهى سێبهوهیهی باسی كردووه له پهرتوكهكهى خۆیدا دهفهرموێت : عهرِهب دهڵێن : (هاءَ یا رجل) بیگره ئهى پیاو، ههمزهكهى فهتحهدار دهكهن، و(هاءِ یا امرأة) بیگره ئهى ئافرهت بۆ ئافرهت ههمزهكه كهسرهدار دهكرێت، و(هاؤما یا رجلان أو امرأتان، وهاؤم یا رجال، وهاؤن یا نسوة) پیتی(م) له وشهى (هاؤم) وهك پیتی میمهكه بۆ ئێوه بهكاردێت، وضهممهدار كردنیشی وهك ضهممهدار كانی تره له ههندێ شوێن.

ئیبن كه‌ثیر له خوێندنه‌وه‌دا پیتى(م)ى كۆى ضـه‌مه‌دار كردووه‌و لكاندویه‌تى، به شێوه‌یه‌ك ئه‌گه‌ر له دواى خۆى پیتى حه‌ره‌كه‌دار هاتبێت وه‌ك: { وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمُو يُنفِقُونَ ، وَمِنْهُمُو أُمِّيُّونَ ، عَلَيْكُمُو أَنفُسَكُمُو ، عَلَيْهِمُو غَيْرِ }، **چونكه به كورتخوێندنه‌وه‌ى(قصر) كراوه‌ى (مه‌دى مونفه‌صیل) ده‌خوێندرێته‌وه، پیتى(و)ى لكاو به ئه‌ندازه‌ى دوو حه‌ره‌كه جیاوازیشى نیه له‌دواى ئه‌و هه‌مزه بێت یان نا.**

ئه‌گه‌ر له پیتى(م)ى كۆ زه‌نه‌یه‌ك هات، ئه‌وه له‌و كاته میمه‌كه ضـه‌مه‌دار ده‌بێت، به‌لاّم به صیله ناخوێندرێته‌وه، ئه‌وه‌ش بۆ ڕزگاربوون له گه‌یشتنى دوو زه‌نه‌دار به یه‌كتر، وه‌ك: ﴿ جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ﴾.
به‌لاّم له‌بارى وه‌ستاندا (م)ى كۆ صیله دروست نابىَ میمه‌كه‌ش به زه‌ننه ده‌خوێندرێته‌وه هه‌روه‌ك – حفص –.



بابەتی
(درێژکردنەوە) و (کورت کردنەوە)

بابەتی درێژکردنەوەو کورت کردنەوە لە بابەتە گرنگەکانی ئەحکامی تەجویدە، چونکە قورئانی ثیرۆز بە دوو شت جیاکراوتەوە لە زمانی عەرەبی ، ئەویش بریتین لە:
یەکەم: مینگە (غونە) **دووەم:** درێژکردنەوە.

ڕەنگە بنچینەی درێژکردنەوە لەم فەرمودە وەرگیرابێت کە پێشەوا بوخاری (ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت) باسی کردووە لە صەحیحەکەی خۆیدا لە قەتادە (ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەگێڕێتەوە کە ئەو پرسیاری لە ئەنەسی کوڕی مالیك کردووە (ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەربارەی خوێندنەوەی پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: پێغەمبەر(ﷺ) درێژکردنەوەی ئەنجام دەدا لەو شوێنەی کە پێویستی بە درێژکردنەوە دەبو.

لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە کە پێغەمبەر(ﷺ) درێژکردنەوەی ئەنجام دەدا بە دەنگەکەی خۆی، وەهەروها پێشەوا سیوطی باسی کردووە لە کتێبەکەی خۆی بەناوی (الدر المنثور) وئەلبانی بەڕاستی زانیوە کە: پیاوێك ئایەتی60ی سورەتی تەوبەی ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ﴾ خوێندەوە بیٚ درێژکردنەوە، ئیبن مەسعود (ڕەزای خودای لەسەر بێت) فەرموی پێغەمبەر(ﷺ) بەم شێوازە نەیخوێندۆتەوە، پیاوەکەش وتی ئەی چۆن بەسەرتانی دەخوێندەوە ئەی باوکی عەبدوڕەحمان؟ فەرموی بەم شێوە دەیخوێندەوە: ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ﴾ واتا بە شێوەی درێژکردنەوە، مەبەستی ئیبن مەسعود واتا ڕازی نەبو کە پیاوەکە بەبیٚ درێژکردنەوە ئایەتەکە بخوێنێتەوە.

تێبینی:

زاراوەی کورت کردنەوە ئەگەر بەتەنها باس کرا مەبەستی زانایانی تەجوید ئەوەیە کە تەنها دوو حەڕەکە درێژ بکرێتەوە، بەڵام زاراوەی درێژکردنەوە مەبەست لێی ئەوەیە زیاتر لە دوو دوو حەڕەکە درێژ بکرێتەوە.



درێژكردنه‌وه لای پێشه‌وا ئیبن كه‌ثیر

1- درێژكردنه‌وه‌ی پێویست له وشه‌یه‌كی ئاسایی دا (المد اللازم الكلمي المخفف).

بریتیه له‌وه‌ی كه له دوای پیتی درێژكردنه‌وه پیتی زه‌نه‌دار (ساكین) بێت، زه‌نه‌دارێكی پێویست و له یه‌ك وشه‌دابێت، یان له دوو وشه‌دا بێت و نابێت تێك هه‌ڵكێش بكرێت له‌گه‌ڵ پیتی دواوه‌ی، واتا شه‌ده‌دار نه‌بێت، ئه‌وه‌ش لای پێشه‌وا ئیبن كه‌ثیر له زۆر شوێندا ڕوو ده‌دات، وه‌ك: ﴿ ءَآلۡـَٰٔنَ ﴾ ئه‌مه دوو جار دووباره بۆته‌وه له سوره‌تی یونس له ئایه‌تی (51) و (91) دا، هه‌روه‌ها وشه‌ی ﴿ وَٱلَّٰٓـِٔي ﴾ له یه‌ك له ڕووه‌كانی خوێندنه‌وه له باری وه‌ستان له‌سه‌ری.

ووشه‌ی ﴿ جَآءَ ءَالَ ﴾ و ﴿ شَآءَ أَنشَرَهُۥ ﴾ له‌سه‌ر یه‌ك له ڕووه‌كانی خوێندنه‌وه له كاتی وه‌ستان له‌سه‌ر له‌لای قونبول.

جگه له‌مانه‌ش زۆری تر هه‌ن، هه‌موویان له شوێنی خۆیدا باس ده‌كه‌ین، ئه‌مه‌یان ناو نراوه مه‌دی سوككراو(مخفف) به سوكی ده‌رده‌بردرێت و توندی تێدا نیه.

2- درێژكردنه‌وه‌ی پێوست له وشه‌یه‌كی شه‌ده‌دار(مشدد) (المد اللازم الكلمي المثقل).

ئه‌مه‌شیان بریتیه له‌وه‌ی له دوای پیتی درێژكردنه‌وه پیتێكی زه‌نه‌دار بێت ساكینێكی ڕه‌سه‌ن(اصلي)، له یه‌ك وشه‌دا یان دوو وشه جیاوازی نیه، به مه‌رجێك پیته‌كانی دوای ئه‌و تێك هه‌ڵكێش بێت، واتا له دوای پیتی درێژكه‌ره‌وه پیتی شه‌ده‌دار بێت، پیتی شه‌ده‌دار بریتیه له دوو پیتی هاوشێوه‌ی یه‌كتر، یه‌كه‌میان سكونێكی ڕه‌سه‌ن بێ و دووه‌میان جوڵه‌دار بێت، ئه‌مه‌شیان وه‌ك: { ٱلضَّآلِّينَ ، ٱلطَّآمَّةُ ، أَتُحَـٰٓجُّوٓنِّي، جَآنٌّ ، ءَآللَّهُ ، ءَآلذَّكَرَيۡنِ }.

ئه‌مه‌یان ناونراوه(مثقل) واتا قورس، چونكه قورسه له ده‌ربڕیندا به‌هۆی هاتنی پیتێكی شه‌ده‌دار له دوای پیتی درێژكردنه‌وه.

ئیبن كەثیر پیتی(ن)ی شەدەدار كردووە، تاوەكو ببێتە بەشێك لە (مد اللازم) واتا درێژكردنەوەی پێویست لە وشەی شەدەداردا، وبە ئەندازەی شەش جوڵە درێژ دەكرێتەوە:

1- وشەی ﴿وَٱلَّذَانِ﴾ **لە ئایەتی 16ی سورەتی** نیساء: ﴿ وَٱلَّذَانِّ يَأۡتِيَٰنِهَا مِنكُمۡ فَـَٔاذُوهُمَاۖ ﴾.

2- وشەی ﴿هَٰذَٰنِ﴾ **لە ئایەتی 63ی سورەتی** طه: ﴿ قَالُوٓاْ إِنۡ هَٰذَٰنِّ لَسَٰحِرَٰنِ يُرِيدَانِ أَن يُخۡرِجَاكُم ﴾ **وئایەتی 19ی سورەتی حەج:** ﴿ هَٰذَانِّ خَصۡمَانِ ٱخۡتَصَمُواْ فِي رَبِّهِمۡۖ ﴾.

3- وشەی ﴿تُبَشِّرُونَ﴾ **لە ئایەتی 54ی سورەتی حیجر:** ﴿ قَالَ أَبَشَّرۡتُمُونِي عَلَىٰٓ أَن مَّسَّنِيَ ٱلۡكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونِّ ﴾

4- وشەی ﴿فَذَٰنِكَ﴾ **لە ئایەتی 32ی سورەتی قەصەص:** ﴿ فَذَٰنِّكَ بُرۡهَٰنَانِ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ ﴾.

هەروەها ئیبن كەثیر پیتی(ن)ی شەدەداری كردووە شەدەداری كردووە لە دوو شوێندا، وبۆ پیتی(ی)ی پێشی (ن)ی شەدەداری بە سێ شێوەی خوێندۆتەوە[1]. ئەوانیش (دوو[2]. جولە یان چوار جولە یان شەش جولە) لە هەردوو باری وەستان و نەوەستاندا[3].

---

[1] **كورت كردن و نەوەستان لە ڕێگەی ئاسایی كردن و ئاساندا نیە، تێركردن و نەوەستان پەسند ترە لە كورتكردن.**

[2] **لێرەدا بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر پێدانی دوو جوڵە، ئایە مەبەست دوو جوڵەی تەواوە، یان بە جێگیركردنی پیتێكی نەرم، پەسندەكەی ئەوەیە درێژكردن بە ئەندازەی تەنها پیتێكی نەرم بێت، وەك گەیاندن لە وشەكانی (بیت ، خوف).**

[3] **ناشاردرێتەوە شێوەی وەستان لە سورەتی (روم) درێژكردنەوەی پیتی(ی) بەهەرسێ شێوە، واتا كورتكردن و مام ناوەند و تێركردن.**

1- وشەی ﴿هَٰتَيۡنِ﴾ لە ئایەتی 27ی سورەتی قەصەص: ﴿ أُرِيدُ أَنۡ أُنكِحَكَ إِحۡدَى ٱبۡنَتَيَّ هَٰتَيۡنِ عَلَىٰٓ أَن تَأۡجُرَنِي ثَمَٰنِيَ حِجَجٖۖ ﴾.

2- وشەی ﴿ٱلَّذَيۡنِ﴾ لە ئایەتی 29ی سورەتی فوصیلەت: ﴿ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيۡنِ أَضَلَّانَا مِنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ ﴾.

بەززی جیاكراوتەوە لەوانی تر لە 31 شوێندا تیایدا پیتی(ت)ی شەدەدار كردووە، گەیاندن و لكاندنی بۆ كردووە 13شوێن بۆ كاری ڕانەبردوو لە (فیعلی مضارع) ئەوشوێنانەی ئێستا باسی دەكەین ئەوانەی پیتی(مەد) درێژكردنەوەیان لە پێش دا هاتووە، بەززی مەددی شەش جوڵەو قەڵەوكردنی كردووە بۆ ئەو تائەی كە پیتی(مەد) درێژكردنەوەی لە پێشدا هاتووە، شوێنەكانی تریش لە داهاتودا باسیان دەكەین لە بابەتی (تشدید التاء) شەدەداركردنی تائەكان لە كاری ڕانەبردوو.

ئەو شوێنانەی كە پیتی(ت) كەوتۆتە دوای پیتی(مەد) درێژكردن ئەمانەن:

1- وشەی ﴿تَيَمَّمُواْ﴾ لە ئایەتی 267ی سورەتی بەقەرە: ﴿وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ مِنۡهُ تُنفِقُونَ ﴾.

2- وشەی ﴿تَفَرَّقُواْۚ﴾ لە ئایەتی 103ی سورەتی ئالی عیمران:﴿ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ ﴾.

3- وشەی ﴿تَعَاوَنُواْ﴾ لە ئایەتی 2ی سورەتی مائیدە: ﴿ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ ﴾.

4- وشەی ﴿تَوَلَّوۡاْ﴾ لە ئایەتی 20ی سورەتی ئەنفال: ﴿ وَلَا تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَأَنتُمۡ تَسۡمَعُونَ ﴾.

5- وشەی ﴿تَنَٰزَعُواْ﴾ **له ئایەتی 46ی سورەتی ئەنفال:** ﴿ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ ﴾.

6- وشەی﴿تَكَلَّمُ﴾ **له ئایەتی105ی سورەتی هود**﴿يَوۡمَ يَأۡتِ لَا تَكَلَّمُ نَفۡسٌ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ﴾[1].

7- وشەی ﴿تَنَزَّلُ﴾ **له ئایەتی 8ی سورەتی حیجر:**
﴿ مَا تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ ﴾[2].

8- وشەی ﴿تَبَرَّجۡنَ﴾ **له ئایەتی 33ی سورەتی ئەحزاب:**﴿وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ﴾.

9- وشەی ﴿تَنَاصَرُونَ﴾ **له ئایەتی 25ی سورەتی صافات:** ﴿ مَا لَكُمۡ لَا تَنَاصَرُونَ ﴾.

10- وشەی ﴿تَنَابَزُواْ﴾ **له ئایەتی 11ی سورەتی حوجورات:** ﴿ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ ﴾.

11- وشەی ﴿تَجَسَّسُواْ﴾ **له ئایەتی 12ی سورەتی حوجورات:** ﴿ وَ لَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ ﴾.

---

[1] ئیبن كەثیر وشەی (يأت)ی خوێندۆتەوە بەچەسپاندنی پیتی(ی) بە زێدەیی ڕووت.

[2] ئیبن كەثیر وشەی (نُنَزِّلُ)ی خوێندۆتەوە بە فەتحەداری لەبری پیتی(ن)ی یەكەم، وفەتحەدارکردنی پیتی(ز) و ڕەفعەی وشەی(ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ).

12- وشه‌ی ﴿تَخَيَّرُونَ﴾ **له‌ ئایه‌تی 38ی سوره‌تی قه‌له‌م:** ﴿ إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ ﴾.

13- وشه‌ی ﴿تَلَهَّىٰ﴾ **له‌ ئایه‌تی 10ی سوره‌تی عه‌به‌سه:** ﴿ فَأَنتَ عَنْهُ تَّلَهَّىٰ ﴾.

تێبینیه‌كان

- **ئه‌گه‌ر ده‌ستمان به‌ وشه‌یه‌ك كرد دوای پیتی مه‌د هاتبوو، ئه‌وه‌ له‌لای به‌ززی خوێندنه‌وه‌كه‌ی ئاسایی ده‌كات وه‌كو – حفص–.**

- **مه‌دی درێژ ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ ڕابردودا باس كرا ئه‌وه‌ له‌ شێوه‌ی نه‌وه‌ستان ده‌بێت، وهۆی درێژكردنه‌وه‌ی مه‌د ئه‌وه‌ی له‌ ڕابردو باس كرا گه‌یشتنه‌ دوو زه‌نه‌داره‌، به‌ززی ئه‌و پیته‌ مه‌ده‌ی ڕابردو باس كرا چه‌سپاو ده‌كات و لاینابات له‌سه‌ر بنچینه‌ی خۆی، هه‌ر وه‌ك لابراوه‌ له‌** ﴿ وَلَا ٱلَّذِينَ ﴾**، عه‌بدوره‌زاق موسا ئه‌م ئاگاداریه‌ی باس كردووه‌ له‌ لێكۆڵینه‌وه‌كه‌ی له‌سه‌ر كتێبی (فه‌تح الرحمان)ی شه‌رحی (كه‌نز المعانی) له‌سه‌ر (حه‌رزی ئه‌مانی جه‌مزوری) لاپه‌ڕه‌203، وه‌ك ده‌فه‌رموێت: تێكهه‌ڵكێشان (الادغام) لێره‌دا له‌سه‌ر پیتی مه‌د بونیادنراوه‌ و مه‌ده‌كه‌ش لانابردرێت له‌ پێناو ئه‌و، به‌ پێچه‌وانه‌ی تێك هه‌ڵكێشی پیتی(ل) له‌ وشه‌ی (الذين)و هاوشێوه‌كانی، لێره‌دا تێكهه‌ڵكێشان ڕه‌سه‌نه‌و له‌سه‌ر پیتی مه‌د بونیادنراوه‌، به‌ڵام ئه‌و پیته‌ مه‌ده‌ی ده‌كه‌وێته‌ پێشی لاده‌درێت له‌ وشه‌ی (ولا) له‌ پێناو ئه‌و.**

- **ئه‌وه‌ی** شاطبی **باسی كردووه‌[1]. له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ لای به‌ززی دوو شێوه‌ هه‌یه‌ ده‌رباره‌ی پیتی(ت) شه‌ده‌داری و بیٚ شه‌ده‌داری له‌ دوو شوێندا:**

---

[1] **له‌ هونراوه‌ی ژماره‌535: كه‌ ده‌فه‌رموێت:** (وَكُنْتُمْ تَمَنَّوْنَ الَّذِي مَعْ تَفَكَّهُونَ عَنْهُ عَلَى وَجْهَيْنِ فَافْهَمْ مُحَصِّلاً).

یه‌كه‌م: **وشه‌ی** ﴿تَمَنَّوْنَ﴾ **له‌ ئایه‌تی 143ی سوره‌تی ئالی عیمرانه‌:** ﴿ وَلَقَدْ كُنتُمْ تَمَنَّوْنَ ٱلْمَوْتَ مِن قَبْلِ أَن تَلْقَوْهُ ﴾.

دووه‌م: **وشه‌ی** ﴿تَفَكَّهُونَ﴾ **له‌ ئایه‌تی 65ی سوره‌تی واقیعه‌:** ﴿فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ ﴾ **ئه‌مه‌یان لێكوڵینه‌وه‌ی له‌سه‌ر نه‌كراوه‌ له‌ لایه‌ن خاوه‌نی بلاوكراوه‌كه‌، چونكه‌ ئه‌مه‌ بۆ ڕێگه‌ی خۆپارێزی نیه‌، وخاوه‌نی بلاوكراوه‌كه‌ كورتی كردۆته‌وه‌ ته‌نها بۆ ئاسان كردن (تخفیف) هه‌ر ئه‌وه‌ش كاری پێ ده‌كرێت**[1].

3- درێژكردنه‌وه‌ی مونفه‌صیل (نه‌لكاو)

مه‌دی مونفه‌صیل: بریتیه‌ له‌وه‌ی كه‌ پیتی مه‌د بكه‌وێته‌ كۆتایی وشه‌و هه‌مزه‌ش بكه‌وێته‌ سه‌ره‌تای ئه‌و وشه‌ی كه‌ به‌دوایدا دێت، وه‌ك:{ فَلَا أُقْسِمُ، فَأَمَّا إِن، إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ}.

مه‌ددی صیله‌ی كوبرا و میمی كۆ هاوشێوه‌ی مه‌ددی مونفه‌صیلن[2]. **ئیبن كه‌ثیر مه‌ددی مونفه‌صیل به‌ دوو حه‌ره‌كه‌ خوێندۆته‌وه‌.**

---

[1] **زۆربه‌ی زانایان ئه‌مه‌یان براندۆته‌وه‌ وه‌ك شێخ عه‌لی صه‌فاقسی له‌ كتێبه‌كه‌ی خۆیدا به‌ناوی** (غیث النفع) **وشێخ ئه‌حمه‌دی ئه‌بیاری له‌ كتێبه‌كه‌ی** (غیث الرحمن) **شه‌رحی** (هبة المنان)، **وشێخ ئیبراهیمی سه‌منودی له‌ كتێبه‌كه‌یدا** (جامع الخيرات في تجويد وتحرير أوجه القراءات) **وشێخ عه‌بدوالفه‌تاحی قازی له‌ كتێبه‌كه‌ی** (البدور الزاهرة في القراءات المتواترة).

[2] **مه‌دی گه‌یاندنی گه‌وره‌: ئه‌و مه‌ده‌یه‌ كه‌ پیتی(و) یان پیتی(ی) بكه‌وێته‌ دوای پیتی(ه)ی كینایه‌ له‌ كۆتایی وشه‌دا، وله‌دوای ئه‌و پیتی هه‌مزه‌ ده‌كه‌وێته‌ سه‌ره‌تای وشه‌كه‌ی تر، لێره‌شدا مه‌به‌ستمان له‌ پیتی**(م)**ی كۆ ئه‌وه‌یه‌ پیتی میمه‌ كۆیه‌كه‌و دوای ئه‌و هه‌مزه‌ی قه‌تع به‌دوای خۆیدا بهێنت، باسیشمان كرد له‌ بابه‌تی** (م)**ی كۆ.**

4- درێژكردنه‌وه‌ی موتته‌صیل (لكاو)

مه‌دی موتته‌صیل: بریتیه له‌وه‌ی كه پیتی مه‌د هه‌مزه‌ی به‌دوادابێت له یه‌ك وشه‌دا، وه‌ك: { ٱلشِّتَآءِ، أُوْلَٰٓئِكَ، حُنَفَآءَ، ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ، قُرُوٓءٖۚ، وَجَآءَ، ٱلنَّسِيٓءُ }،

ئیبن كه‌ثیر ئه‌م جۆره‌ی به مام ناوه‌ند (توسط) **خوێندۆته‌وه، واتا درێژكردنه‌وه‌ی ته‌نها چوار جوڵه به‌یه‌ك ده‌نگ به‌م جۆره خوێندراوته‌وه.**



باسی ئه‌حكامی نونی ساكین و ته‌نوین

ئه‌م بابه‌ته به‌گشتی یه‌كسانه له‌گه‌ڵ ئه‌حكامی پێشه‌وا حه‌فص ته‌نها له‌م شوێنانه‌ی خواره‌وه نه‌بێت:

❖ پێشه‌وا ئیبن كه‌ثیر تێك هه‌ڵكێشانی كردووه بۆ پیتی(ن) له‌گه‌ڵ پیتی(ر) له ئایه‌تی 27ی سوره‌تی قیامه‌ت: ﴿ وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ ﴾ به‌م شێوه‌ی خوێندۆته‌وه ﴿ وَقِيلَ مَن رَّاقٖ ﴾ چونكه لێره‌دا زه‌نه‌داری ناكات ، ئه‌مه‌ش پێچه‌وانه‌ی پێشه‌وا حه‌فصه.

❖ پێشه‌وا ئیبن كه‌ثیر هه‌ندێ شوێنی خوێندۆته‌وه به زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن) له پاشان بۆی هه‌یه یان تێكهه‌ڵكێشانی پیته نونه‌كه بكات یان بیشارێته‌وه(اخفاء)، ئه‌وه‌ش به‌پێی یاسای گشتی له حوكمه‌كانی نونی ساكین و ته‌نوین، ئه‌وه‌یان بلاوبۆته‌وه له قیراِئه‌ی فه‌رش، ئه‌وه‌ی لامان گرنگه له‌م به‌شه‌دا حه‌وت ووشه‌یه به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

1- ووشه‌ی﴿ يُنجِيكُم ﴾[1]. له ئایه‌تی 64ی سوره‌تی ئه‌نعام.

2- ووشه‌ی﴿ مُنزَلٌ ﴾ له ئایه‌تی 114ی سوره‌تی ئه‌نعام.

3- ووشه‌ی﴿ وَإِن كُلًّا ﴾[2]. له ئایه‌تی 111ی سوره‌تی هود.

4- ووشه‌ی﴿ فَنُجِّيَ مَن نَّشَآءُ ﴾[3]. له ئایه‌تی 110ی سوره‌تی یوسف.

---

(1) خوێندراوته‌وه(يُنَجِّيكُم) به‌زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)و لابردنی شه‌ده‌ی پیتی(ج).

(2) خوێندراوته‌وه(وَإِنَّ) به‌زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)و لابردنی شه‌ده‌ی پیتی(م).

(3) خوێندراوته‌وه(فَنُجِّيَ) به‌لابردنی شه‌ده‌ی پیتی(ج)و زیادكردنی پیتی(ن)ی زه‌نه‌دار له پێشی و زه‌نه‌داركردنی پیتی(ی).

5- ووشەی﴿ وَمَن نُّعَمِّرۡهُ نُنَكِّسۡهُ فِي ٱلۡخَلۡقِۚ ﴾[1]. له ئایەتی 68ی سورەتی یاسین.

6- ووشەی﴿ أَوَ مَن يُنَشَّؤُاْ فِي ٱلۡحِلۡيَةِ ﴾)[2]. له ئایەتی 18ی سورەتی زوخرووف.

7- ووشەی﴿ عِندَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ﴾[3]. له ئایەتی 19ی سورەتی زوخرووف.

پێشەوا ئیبن كەثیر هەندێ شوێنی خوێندۆتەوە بە تەنوین، له پاشان بۆی هەیە یان تێكهەڵكێشانی تەنوینەكە بكات یان بیشارێتەوە(اخفاء) بەوەی دوای خۆی، بەپێی یاسای گشتی له حوكمەكانی نونی ساكین و تەنوین، ئەوەی لامان گرنگە لەم بەشەدا ئەمەی خوارەوەیە:

أ- له هەندێ شوێندا خوێندراوتەوە بە تێكهەڵكێشان، وژمارەیان پێنجە كە ئەمانەن:

1- ئایەتی 43ی سورەتی ئیسراء. ﴿ كَبِيرًا يُسَبِّحُ ﴾

2- ئایەتی 98ی سورەتی كەهف. ﴿جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعۡدُ رَبِّي حَقّٗا ﴾[4].

3- ئایەتی 38ی سورەتی فورقان. ﴿ وَثَمُودَاْ وَأَصۡحَٰبَ ﴾

4- ئایەتی 38ی سورەتی عەنكەبووت. ﴿ وَثَمُودَاْ وَقَد ﴾

5- ئایەتی 14ی سورەتی صەف. ﴿ أَنصَارَا لِّلَّهِ ﴾

---

(1) **خوێندراوتەوە(نُنَكِّسُهُ) بەفەتحەداركردنی پیتی(ن)ی یەكەم و زەنەداركردنی پیتی(ن)ی دووەم و ضەممەداركردنی پیتی(ك) لەگەل لابردنی شەدەی.**

(2) **خوێندراوتەوە(يُنَشَّؤُاْ) بەفەتحەداركردنی پیتی(ی)و زەنەداركردنی پیتی(ن)و لابردنی شەدەی پیتی(ی).**

(3) **خوێندراوتەوە(عِبَٰدُ) بەپیتی(ن)ی زەنەدار لەبری پیتی(ب)و لابردنی ئەلیف و فەتحەداركردنی پیتی(د)**

(4) **خوێندراوتەوە(دَكَّآءَ) بەتەنوینی فەتحەی پیتی(ك)و لابردنی هەمزە، لەگەڵ درێژكردنەوە له بری له باری وەستاندا.**

ب- له ههندێ شوێندا به شاردنهوه(اخفاء) خوێندراوتهوه، ژمارهیان حهوته بهم شێوهى خوارهوه:

1- ئایهتى 18ى سورهتى ئهنفال. ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيۡدِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾[1].

2- ئایهتى 68ى سورهتى هود. ﴿ ثَمُودَاْ كَفَرُواْ ﴾.

3- ئایهتى 4ى سورهتى رهعد. ﴿ وَغَيۡرُ صِنۡوَانٖ تُسۡقَىٰ بِمَآءٖ وَٰحِدٖ ﴾[2].

4- ئایهتى 1ى سورهتى كههف. ﴿ عِوَجَاۜ ١ قَيِّمٗا ﴾.

5- ئایهتى 20ى سورهتى لوقمان. ﴿وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ ﴾.

6- ئایهتى 51ى سورهتى نهجم. ﴿ وَثَمُودَاْ فَمَآ ﴾.

7- ئایهتى 15ى سورهتى ئینسان. ﴿ قَوَارِيرَاْ ١٥ قَوَارِيرَاْ ﴾.

❖ پێشهوا ئیبن كهثیر ووشهى(من)ى زیادكردووه ئهوهى پیتى (ن)ى ساكین ى تێدایهو بهدوایداهاتووه پیتى(ت) له ووشهى دواى خۆى، تا شاردنهوه(اخفاء) دروست ببێت، ههر وهك له ئایهتى 100ى سورهتى تهوبهدا هاتووه. ﴿ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ﴾.

❖ لێرهدا دوو شوێن ههیه ئیبن كهثیر دهخوێنێتهوه به گۆڕینى پیتى(ى) بۆ پیتى(ت)، ئهم پیته یائه كهوتۆته دواى پیتى(ن)ى ساكین تا شاردنهوه(اخفاء) دروست ببێت، ئهوهش ڕوویداوه لهم شوێنانهدا:

1–ئایهتى 145ى سورهتى ئهنعام و ئایهتى 36ى سورهتى ئهحزاب. ﴿ أَن تَكُونَ ﴾[3].

2- ئایهتى 65 و 66ى سورهتى ئهنفال. ﴿ وَإِن تَكُن ﴾ .

---

[1] خوێندراوتهوه(مُوهِنُ) بهفهتحهداركردنى پیتى(و)و شهدهداركردنى پیتى(هـ)و تهنوینى پیتى(ن) خوێندراوتهوه(كَيۡدِ) بهفهتحهداركردنى پیتى(د).

[2] خوێندراوتهوه(يُسۡقَىٰ) بهپیتى(ت) له برى پیت(ى).

[3] خوێندراوتهوه(يَكُونَ) بهپیتى(ت) لهبرى پیتى(ى).

بابەتی
شەدەداركردنی پیتەكانی (تاو) لە كاری ڕانەبردوودا

بەززی تەنهایە لە شەدەدار كردنی پیتەكانی كاری ڕانەبردوو، بەلابردنی یەك لە تائەكان لە كاری ڕانەبردوو لەبەر ئاسانی لەم شوێنانەدا[1]:

1- وشەی ﴿تَوَفَّىٰهُمُ﴾ **لە ئایەتی 97ی سورەتی** نیساء: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَّوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمۡ ﴾.

2- وشەی ﴿فَتَفَرَّقَ﴾ **لە ئایەتی 153ی سورەتی ئەنعام:** ﴿ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَّفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ﴾.

3- وشەی ﴿تَلۡقَفُ﴾ **لە ئایەتی 117ی سوەرەتی ئەعراف:** ﴿فَإِذَا هِىَ تَّلَقَّفُ مَا يَأۡفِكُونَ﴾[2].

4- وشەی ﴿تَرَبَّصُونَ﴾ **لە ئایەتی 52ی سورەتی تەوبە:** ﴿ قُلۡ هَلۡ تَّرَبَّصُونَ بِنَآ إِلَّآ إِحۡدَى ٱلۡحُسۡنَيَيۡنِۖ ﴾.

5- وشەی ﴿تَوَلَّوۡاْ﴾ **لە ئایەتی 3ی سورەتی هود:** ﴿ وَإِن تَّوَلَّوۡاْ فَإِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ كَبِيرٍ ﴾[3].

---

[1] **تەواوبووە باس كردنی ئەو بابەتانەی كە بەززی تیایدا پیتی(ت)ی شەدەدار كردووە بە لكاندنی كاری داهاتوو، ئەویش لە بابەتی درێژكردنەوەو كورت كردنەوەی ئاخاوتنی قورس** (المد الكلمي المثقل).

[2] **ئیبن كەثیر ووشەی خوێندویەتیەوە بە** (تَلَّقَفُ) **فەتحەداركردنی پیتی(ل) و شەدەداركردنی پیتی(ق).**

[3] **ئیبن كەثیر خوێندویەتیەوە بە** (فَإِنِّيَ) **فەتحەداركردنی پیتی(ی) بە نەوەستان.**

6- وشه‌ی ﴿تَوَلَّوۡاْ﴾ له‌ ئایه‌تی 57ی سوره‌تی هود: ﴿ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقَدۡ أَبۡلَغۡتُكُم مَّآ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦٓ إِلَيۡكُمۡۚ ﴾.

7- وشه‌ی ﴿تَلۡقَفۡ﴾ له‌ ئایه‌تی 69ی سوره‌تی طه: ﴿ وَأَلۡقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلۡقَفۡ مَا صَنَعُوٓاْۖ ﴾[1].

8- وشه‌ی ﴿تَلَقَّوۡنَهُۥ﴾ له‌ ئایه‌تی 15ی سوره‌تی نور: ﴿ إِذۡ تَلَقَّوۡنَهُۥ بِأَلۡسِنَتِكُمۡ وَتَقُولُونَ بِأَفۡوَاهِكُم مَّا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ عِلۡمٌ ﴾.

9- وشه‌ی ﴿تَوَلَّوۡاْ﴾ له‌ ئایه‌تی 54ی سوره‌تی نور: ﴿ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡهِ مَا حُمِّلَ ﴾.

10- وشه‌ی ﴿تَلۡقَفُ﴾ له‌ ئایه‌تی 45ی سوره‌تی شوعه‌را:
﴿ فَإِذَا هِيَ تَلۡقَفُ مَا يَأۡفِكُونَ ﴾[2].

11- وشه‌ی ﴿تَنَزَّلُ﴾ له‌ ئایه‌تی 221ی سوره‌تی شوعه‌را: ﴿ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ ٱلشَّيَٰطِينُ ﴾

12- وشه‌ی ﴿تَنَزَّلُ﴾ له‌ ئایه‌تی 222ی سوره‌تی شوعه‌را:
﴿ ٱلشَّيَٰطِينُ ٢٢١ تَنَزَّلُ عَلَىٰ كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴾.

13- وشه‌ی ﴿تَبَدَّلَ﴾ له‌ ئایه‌تی 52ی سوره‌تی ئه‌حزاب:
﴿ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجٖ ﴾.

---

[1] **ئیبن كه‌ثیر خوێندویه‌تیه‌وه‌ به‌** (تَلَّقَّفْ) **فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ل)و شه‌ده‌داركردنی پیتی(ق).**

[2] **ئیبن كه‌ثیر خوێندویه‌تیه‌وه‌ به‌** (تَلَّقَّفُ) **فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ل)و شه‌ده‌داركردنی پیتی(ق).**

14- وشەی ﴿لِتَعَارَفُوٓاْۚ﴾ **لە ئایەتی** 13**ی سورەتی حوجورات:** ﴿ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ ﴾..

15- وشەی﴿تَوَلَّوۡهُمۡۚ﴾ **لە ئایەتی** 9**ی سورەتی مومتەحینە:** ﴿ وَظَٰهَرُواْ عَلَىٰٓ إِخۡرَاجِكُمۡ أَن تَوَلَّوۡهُمۡۚ ﴾.

16- وشەی ﴿تَمَيَّزُ﴾ **لە ئایەتی** 8**ی سورەتی مولك:** ﴿ تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلۡغَيۡظِۖ ﴾.

17- وشەی ﴿تَلَظَّىٰ﴾ **لە ئایەتی** 14**ی سورەتی لەیل:** ﴿ فَأَنذَرۡتُكُمۡ نَارٗا تَلَظَّىٰ ﴾.

18- وشەی ﴿تَنَزَّلُ﴾ **لە ئایەتی** 4**ی سورەتی قەدر:** ﴿ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا ﴾.

تێبینیەکان

- **ئەگەر پیتی(ت)ی** (فعل المضارع) **کاری ڕانەبردوو شەدەدار بو لە دوای پیتی(ن)ی زەنەدار یان تەنوین، ئەوە لەو کاتەدا بەززی تائەکەی شەدەدار کردووەو نەوەستانی بۆ کردووە لەگەڵ مانەوەی شاردنەوەی نونەکە: وەك:** ﴿ نَارٗا تَّلَظَّىٰ ﴾،﴿ مَن تَّنَزَّلُ ﴾.

- **لە ئایەتی** 52**ی سورەتی تەوبە:** ﴿ هَلۡ تَّرَبَّصُونَ ﴾ **(ت)ی شەدەدار هاتووە لە دوای (ل)ی زەنەدار، ولە ئایەتی** 15**ی سورەتی نور:** ﴿ إِذۡ تَّلَقَّوۡنَهُۥ بِأَلۡسِنَتِكُمۡ ﴾ **پیتی(ت) ی شەدەدار هاتووە لە دوای پیتی(ذْ) زەنەدار، لە هەردو شوێندا پێویستە پیتەکانی (ل) و (ذْ) ئاشکرا بکرێت** (اظهار) **لەگەڵ ئەوەشدا دوو زەنە بەیەك دەگەن، ئەمەیان دروستە لە زمانەوانی و خوێندنەوەدا، هیچ دژیەك نیە لەگەڵ ڕاست و دروستی گێڕانەوەکەدا، ئەم جورە بەکارهاتووە لە لایەن قاریئەکان و عەرەبەکاندا لە بەشێکی زۆر لە هاوشێوەی ئەو حالەتەو ئەو جۆرەدا.**

پیتی(هه‌مزه)

هه‌مزه له یه‌ك وشه‌دا دێت و له دوو وشه‌ی به‌دوای یه‌كتردا دێت، ئه‌گه‌ر هه‌مزه له یه‌ك وشه‌دا هات ده‌كرێت پیته هه‌مزه‌كه زه‌نه‌دار بێت یان جولاوبێت.

بابه‌تی هه‌مزه‌ی تاك

هه‌مزه‌ی تاك ئه‌و هه‌مزه‌یه كه هاوشێوه‌ی خۆی له‌گه‌ڵدا نیه، ئه‌وه‌ش یان زه‌نه‌دار ده‌بێت یان حه‌ره‌كه‌دار، مه‌زهه‌بی ئیبن كه‌ثیر ده‌رباره‌ی ئه‌م جۆره هه‌مزه‌یه به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌یه:

1- ئیبن كه‌ثیر هه‌مزه‌ی گۆڕیوه به ئه‌لیف له وشه‌كانی: ﴿ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ ﴾، له سوره‌ته‌كانی كه‌هف و ئه‌نبیادا، ئیبن كه‌ثیر به‌م شێوه‌یه ده‌خوێنێته‌وه: ﴿ يَاجُوجَ وَمَاجُوجَ ﴾.

2- ئیبن كه‌ثیر هه‌مزه ده‌گۆڕێت به‌پیتی(و) له وشه‌ی ﴿ مُّؤْصَدَةٌ ﴾ له هه‌ردوو سوره‌ته‌كانی به‌له‌دو هومه‌زه‌دا به‌م شێوه‌یه: ﴿مُّوصَدَةٌ﴾.

3- ئیبن كه‌ثیر هه‌مزه لاده‌بات له وشه‌ی ﴿ يُضَٰهِـُٔونَ ﴾ له ئایه‌تی 30ی سوره‌تی ته‌وبه، پیتی(ه) ده‌خوێنێته‌وه به‌بێ هه‌مزه به‌م شێوه‌یه: ﴿يُضَٰهُـونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾[1].

[1] رای جمهوی قاریئه‌كان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه كه وشه‌ی (يُضَٰهُونَ)، به‌بی هه‌مزه بخوێندرێته‌وه، واتا پیتی(ه) ته‌نها ضه‌ممه‌ی له‌سه‌ر بێت، بنچینه‌ی ئه‌م وشه (ضاهى) یه، به‌لاّم پیتی ئه‌لیف گواستراوته‌وه بۆ پیتی(ی) و دواتر لابردراوه له پێناو پیتی(و) وا پێده‌چێت كه ئه‌وه‌ش خوێندنه‌وه‌یه‌ك بێت له وشه‌ی (ضاهى) ئه‌م وشه‌یه وه‌رنه‌گیراوه له وته‌ی عه‌ره‌بیدا كه ده‌لێن (امرأة ضهياء) چونكه پیتی(ی) ئه‌كه بنچینه‌ی خۆیه‌تی و پیتی هه‌مزه‌كه‌ش زیاده‌یه، وناكرێت پیتی(ی) زیاده‌بێت چونكه له ڕسته‌كه‌دا وشه‌ی (فعيل) ی فه‌تحه‌داری فائی تێدا نیه. بۆ زانیاری زیاتر سه‌یری ئه‌م سه‌رچاوه‌ی خواره‌وه بكه: (مه‌ككي ی كوڕی ئه‌بی تالیب، الكشف عن وجود القراءات

4- ئیبن كەثیر له وشەی ﴿ مُرۡجَوۡنَ ﴾ له ئایەتی 106ی سوڕەتی تەوبە، هەمزەی ضەمەداری زیاد كردووە لە دوای پیتی(ج) ولەدوای ئەو پیتە واوی درێژكردنەوە هاتووە، بەم شێوەیە: ﴿وَءَاخَرُونَ مُرۡجَـُٔونَ لِأَمۡرِ ٱللَّهِ ﴾.

5- ئیبن كەثیر له وشەی ﴿ تُرۡجِی ﴾ له ئایەتی 51ی سوڕەتی ئەحزاب، هەمزەی ضەمەداری زیاد كردووە لە دوای پیتی(ج) لەبری پیتی(ی)، بەم شێوەیە: ﴿ تُرۡجِئُ مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ ﴾.

6- ئیبن كەثیر وشەی ﴿ وَمَنَوٰةَ ﴾ی خوێندۆتەوە له ئایەتی 20ی سوڕەتی نەجم، بە فەتحەداركردنی هەمزە لە دوای ئەلیف، ومەدی لكاو نەشاردۆتەوە، بەم شێوەیە: ﴿ وَمَنَوٰٓءَةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ ﴾.

7- ئیبن كەثیر وشەی ﴿ضِيزَىٰٓ﴾ی خوێندۆتەوە له ئایەتی 22ی سوڕەتی نەجم، بە هەمزەیەكی زەنەدار- لەبری پیتی(ی) - لە دوای پیتی(ض) بەم شێوەیە: ﴿ تِلۡكَ إِذٗا قِسۡمَةٞ ضِئۡزَىٰٓ ﴾.

8- ئیبن كەثیر وشەی ﴿زَكَرِيَّا﴾ له هەر شوێنێك بێت خوێندویەتیەوە بە شێوەی بوونی هەمزەیەك لە دوای ئەلیف بە درێژكردنەوەیەكی لكاو جوڵەداركردنی بەپێی شوێنی لە ڕستەدا، بەم شێوەیە: ﴿ زَكَرِيَّآءَ ﴾.

9-ئیبن كەثیر وشەی ﴿هُزُوًا﴾ ی هەمزدار كردووە لە هەر شوێنێك دا بێت، بەم شێوەیە: ﴿هُزُؤًا﴾.

السبع وعللها وحججها، له لێكۆلینەوەی/ محی الدین رمضان، (**بیروت**، مؤسسة الرسالة، **چ**3، **بەرگی**1، 1404**ك**) **لاپەڕە**502).

10- ئیبن كەثیر وشەی ﴿ كُفُوًا ﴾ ی هەمزدار كردووە لە ئایەتی4ی سورەتی ئیخلاص، بەم شێوەیە: ﴿كُفُؤًا ﴾.

11- ئیبن كەثیر لە وشەی ﴿ وَمِيكَىٰلَ ﴾ لە ئایەتی 98ی سورەتی بەقەرە، هەمزەو پیتی(ی)ی زیاد كردووەو درێژكردنەوەی لكاو و درێژكردنەوەی لەبری (بدل)ی نەشاردۆتەوە، بەم شێوەیە: ﴿ وَمِيكَـٰٓئِيلَ ﴾.

12- ئیبن كەثیر وشەی ﴿ ٱلنَّشۡأَةَ ﴾ لە ئایەتەكانی 20ی سورەتی عەنكەبوت و47ی سورەتی نەجم و62ی سورەتی واقیعەی، خوێندۆتەوە بە فەتحەداركردنی پیتی(ش) و ئەلیف كە بەدوایدا هاتووە، ئەوەش دەچێتە بابەتی درێژكردنەوەی لكاو، بەم شێوەیە: ﴿ٱلنَّشَآءَةَ﴾.

13- بەززی وشەی (﴿لَأَعۡنَتَكُمۡۚ﴾، لە ئایەتی 220ی سورەتی بەقەرە: ﴿وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعۡنَتَكُمۡۚ ﴾ بە دوو شێوە خوێندۆتەوە:

شێوەی یەكەم: بە ئاسانكردنی هەمزە كە ئەوەیان لەپێشترە لەوی تر بەم شێوە: ﴿لَاعۡنَتَكُمۡۚ﴾،

شێوەی دووهەم : وەك حەفصی خوێندۆتەوە بەم شێوەیە: ﴿لَأَعۡنَتَكُمۡۚ﴾.

14- قونبول وشەی ﴿ سَاقَيۡهَاۚ ﴾ لە ئایەتی 44ی سورەتی نەمل: بەهەمزەیەكی زەنەدار لەبری ئەلیف خوێندۆتەوە، بەم شێوەیە: ﴿ وَكَشَفَتۡ عَن سَأۡقَيۡهَاۚ ﴾.

15- قونبول وشەی ﴿بِٱلسُّوقِ﴾ لە ئایەتی 33ی سورەتی ص: ﴿ فَطَفِقَ مَسۡحَۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلۡأَعۡنَاقِ ﴾ وشەی ﴿سُوقِهِۦ﴾ لە ئایەتی 29ی سورەتی فەتح: ﴿ فَٱسۡتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ ﴾ بەدوو شێوە خوێندۆتەوە بەم شێوەیە:

یەکەم: **گۆڕینی پیتی(و) بە هەمزەی زەنەدار، ئەوەیان لە پێشترە، بەم شێوەیە:** ﴿ بِٱلسُّؤۡقِ ﴾ ، ﴿ سُؤۡقِهِۦ ﴾.

دووەم: **گۆڕینی پیتی(و) بە هەمزەی ضـەمەدار، لەدواوەی پیتی(و)ی درێژکراو دێت – درێژکردنەوەی لە بری واتا (بدل) بەم شێوەیە:** ﴿ بِٱلسُّؤُوقِ ﴾، ﴿ سُؤُوقِهِۦ ﴾.

16- قونبول وشەی ﴿ ضِيَآءَ ﴾ **لە ئایەتی 5 ی سوڕەتی یونس ، وئایەتی 48ی سوڕەتی ئەنبیا، وئایەتی 71ی سوڕەتی قەصەص، هەمزەیەکی فەتحەداری لە شوێنی (ی) ئەکە داناوە، بەم شێوەیە:** ﴿ ضِئَآءَ ﴾[1].

---

[1] **واتا بە گۆڕینی پیتی(ی) بە پیتی هەمزە، وانیشان دەدرێت کە گۆڕدراوە پیتی(ل– لام الفیعل) کە هەمزەیە پێش خراوە بۆ شوێنی پیتی(ع– عین الفعل) و پیتی عەینەکەی کە پیتی واوە گواستراوتەوە بۆ شوێنی لامەکەی پیتی(ی) بۆتە بەشێك لە دوای ئەلیفی زیادە، هەمزەش گۆڕداوە لەسەر شێوەی وشەی (ر) بەلگەشیان فەرمودەی پەروەردگارە کە ئەفەرموێ** (رئاء الناس) **و** (ضئاء) **کۆیە تاکەکەی** (ضوء) **وەك وشەی (بحر) و (بحار) بنچینەی وشەی** ضیاء ضِواء **قەلبی پیتی(و) کراوە بە پیتی(ی)، چونکە پێشەکەی کەسرەدارە بۆتە** ضیاء **هەروەك دەگوترێت میزان ومیقات، ودروستە وشەی** ضیاء **چاووك وەك وشەی صوم و صیام کە بنچینەکەی صوام بووە قەلبی پیتی(و) کراوە بەپیتی(ی)، دەگوترێت** (ضاء القمر یضوء ضوءاً وضیاء) **هەر وەك دەگوترێت (قام یقوم قیاماً)**

بروانە: عبدالرحمن ی کوڕی زەنجەلە، (حجة القراءات) **لێکۆڵینەوەی/ سەعیدی ئەفغانی، (بیروت: دەزگای** رساله، **ژ5، بەرگی1، 1418ك)، لاپەڕە328 بکە.**

سەبارەت بە بەڵگەی ئەوانەی کە هەمزەداری ناکەن و پیتی(ی)ی پێش ئەلیف وەك خۆی دەهێڵنەوە: ناوەکەی لەسەر بنچینەی خۆی دەهێننەوە هیچ پیتێك ورناگرێت بۆ شوێنی تر، وپیتی(ی) لەبری پیتی(و) (ضوء) **بەهۆی کەسرەداری پێشەکەی، سەیرکە: مەککی کوڕی ئەبی تالیب، کتێبی الکشف عن** وجوه القراءات **السبع وعللها وحججها. لە لێکۆڵینەوەی/ محی الدین ڕەمەزان، (بیروت دەزگای ریساله،**ط3**، بەرگی1، 440ك)، لاپەڕە512، ئەحمەدی دەمیاطی، پەرتووکی اتحاف** فضلاء **البشر** بالقراءات الاربعة **عشر، لێکۆڵینەوەی/ شەعبان موحەممەد ئیسماعیل،** (القاهیرة، **عالم الکتب–** مکتبة **الکلیات** الازهریة، **بەرگی1، 1407ك)، لاپەڕە323، باوکی عەمر عوسمانی الدانی، ناوی پەرتووك التیسیر** في القراءات **السبع، (بیروت، دار الکتاب** العربي، **1404ك)، لاپەڕە120.**

وشەكانی تایبەت
بە ئیبن كەثیر دەربارەی هەمزەی تاك

1- قونبول وشەی (هَٰٓأَنتُمۡ) لە قورئانی ثیرۆز لە سورەتی ئالی عیمران لە دوو شوێندا هاتووە ئەوانیش ئایەتەكانی 66 و 119، ولە سورەتی نیساء ئایەتی 109 ولە سورەتی موحەممەد ئایەتی 38 دا هاتووە بەم شێوە خوێندۆتەوە: ئەلیفی تێدا لابردووە ئەو ئەلیفەی كە پیتی(ه)ی بە دواییدا هاتووە لەگەڵ جێگیر كردنی هەمزە بەم شێوەیە: ﴿ هَأَنتُمۡ ﴾، هەر وەك لای ئەو پیتی(ه) ئەكە بۆ ئاگاداركردنەوە نیە، بە ڵكو لەبری هەمزەی پرسیار هاتووە، وبنچینەكەی بەم شێوەیە: (ءأنتم).

2- ئیبن كەثیر وشەی ﴿ ٱلَّٰٓـِٔي ﴾ لە ئایەتی 4ی سورەتی ئەحزاب و ئایەتی 2ی سورەتی موجادەلەو ئایەتی 4ی سورەتی طەلاق بە شێوەیەك خوێندۆتەوە كە پیتی(ی)ی لابردووە، ئەو پیتە یائەی كە لەدوای هەمزەدا هاتووە، پاشان هەردوو ڕاویەكەی ئیبن كەثیر جیاوازیان بۆ دروست بووە لەم وشەدا:

قونبول هەمزە جێگیر دەكا بە وەستان و نەوەستان، بەم شێوەیە: ﴿ٱلَّٰٓـِٔي﴾


بەڵام هەمزە لە باری وەستان و نەوەستان لە **لای بەززی** دوو شێوەی هەیە:-

✓ **یەكەم:** ئاسان كردنی هەمزە (ئەو شێوە پێش دەخرێت) وبۆ پیتی ئەو ئەلیفەی دەكەوێتە پێشی دوو شێوەی هەیە:

1- درێژكردنەوەی بە ئەندازەی 4 جوڵە كە ئەوەش پێش دەخرێت، بەم شێوەیە: ﴿ ٱلَّٰٓـىۡ ﴾، لە نوسیندا هاووێنە دەبێت بە { ٱلَّٰٓءِ }.

2- درێژكردنەوە بە ئەندازەی دوو جولە، بەم شێوەیە: ﴿ ٱلَّٰـىۡ ﴾، لە نوسیندا هاووێنە دەبێت بە { ٱلَّٰٓءِ }.

✓ **دووەم:** گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی)ی زەنەدار لەگەڵ درێژكردنەوەیەكی شەش جولەیی لە ئەلیف، ئەوەی كە لەپێشدایە بە هۆی گەیشتنی دوو پیتی زەنەدار، بەم شێوەیە: ﴿ ٱلَّٓـى ﴾، لە نوسیندا هاووێنە دەبێت بە{ ٱلَّٓاى } هەروەك لە لای بەززی نەوەستانی بۆ دەكرێت بە هەمان شێوە بۆی هەیە لە كاتی وەستان ئاسان كردنی هەمزە بكات – لە نێوان هەمزەو پیتی(ی) لەگەڵ ئەوەشدا درێژكردن بە ئەندازەی چوار جوڵە یان دوو جوڵە بە ڕەومەوە ویان هەمزەكە بگۆڕدرێت بە پیتی(ی)ی زەنەدار لەگەڵ درێژكردنەوەیەكی شەش جولەیی.



تێبینی:

مه‌به‌سه‌ت له‌ ئاسان كردن له‌ وه‌ستان له‌سه‌ر هه‌مزه‌ لای به‌ززی ئه‌وه‌ ده‌گێنێت كه‌ خوێنده‌وه‌ی هه‌مزه‌كه‌ به‌ ئاسان بخوێندرێته‌وه‌و به‌ ڕه‌وم و چوار حه‌ڕه‌كه‌و دوو حه‌ڕكه‌. وه‌ك:-

﴿ وَٱلَّٰٓـِٔي يَئِسۡنَ مِنَ ٱلۡمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمۡ ﴾،**ئایه‌تی 4ی سوره‌تی طه‌لاق.**

﴿ وَمَا جَعَلَ أَزۡوَٰجَكُمُ ٱلَّٰٓـِٔي تَظَّهَّرُونَ مِنۡهُنَّ أُمَّهَٰتِكُمۡۚ ﴾[1]، **ئایه‌تی 4ی سوره‌تی ئه‌حزاب.**



[1] **ئیبن كه‌ثیر (تُظَٰهِرُونَ) خوێندویه‌تیه‌وه‌ به‌ فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ت) و شه‌ده‌داركردنی پیتی(ظ) و پیتی(هـ) وفه‌تحه‌دار كردنیان و لابردنی پیتی ئه‌لیف.**

بابهتی
دوو ههمزه له یهك وشدا

ئهگهر دوو ههمزه له یهك وشهدا كۆبێتهوه، ههمزهی یهكهم دهبێته ههمزهی پرسیاری، وپێویسته بهردهوام فهتحهداربێت، ئهم جۆره ههمزه دهخوێندرێتهوه لهلای گشت قورِائهكان، وههمزهی دووهم حهرهكهیهك وهردگرێت وهك: ضـهممه یان فهتحه یان كهسره.

مهزههبی پێشهوا ئیبن كهثیر دهربارهی دوو ههمزه له یهك وشهدا، بریتیه له خوێندنهوهی ههمزهی یهكهم، واتا (تحقیق) وئاسان كردنی ههمزهی دووهم، واتا (تسهیل) كهواتا بۆمان دهركهوت پێشهوا ئیبن كهثیر ههمزهی یهكهم دهخوێنێتهوهو (تحقیق) دهكات و ههمزی دووهم ئاسان و (تسهیل) دهكات.

ئهگهر ههمزهی دووهم فهتحهدار بوو – واتا ههردوو پیته ههمزهكه فهتحهیان لهسهر بوو– وهك: [ءَأَنذَرۡتَهُمۡ ، ءَأَلِدُ] ئهوه لهم كاتهدا ههمزهی دووهم ئاسان دهكات لهنێوان ههمزهو ئهلیف دا، بهم شێوهیه: [ءَاۡنذَرۡتَهُمُو ، ءَاۡلِدُ].

ئهگهر ههمزهی دووهم ضـهممهدار بو، وهك: ﴿ قُلۡ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيۡرٖ مِّن ذَٰلِكُمۡۚ ﴾ له ئایهتی 15ی سورِهتی ئالی عیمرِان: و﴿ أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَاۚ ﴾ له ئایهتی 8ی سورِهتی ص: و﴿ أَءُلۡقِيَ ٱلذِّكۡرُ عَلَيۡهِ مِنۢ بَيۡنِنَا ﴾ له ئایهتی 25ی سورِهتی قهمهرِ، كه ئهمهش تهنها لهم سێ شوێنهدا ههیه له قورئانی ثیرۆزو شوێنی چوارهمی نیه، ئهوه ههمزهی دووهم ئاسان دهكات (تسهیل) و به ئاسانی دهیخوێنێتهوه، بهشێوهیهك خوێندنهوهكه له نێوان ههمزهو پیتی(و) بێت، بهم شێوهیه:[أَوۡنَبِّئُكُمُو ، أَونزِلَ ، أَوۡلۡقِيَ].

ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی دووه‌م كه‌سره‌دار بوو وه‌ك: [أَإِنَّا ، أَإِمَّةَ][1]. ئه‌وه هه‌مزه‌كه ئاسان ده‌كات، (واتا خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م ئاسان ده‌كات له نێوان هه‌مزه‌ی دووه‌م و پیتی(ی)دا) به‌م شێوه‌یه: [أَءِنَّا ، أَءِمَّةَ].

ئاگاداركردنه‌وه

➢ **له ئایه‌تی 15 و 16ی سوره‌تی مولكدا: ﴿ وَإِلَيْهِ ٱلنُّشُورُ ۝ ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ ﴾. له‌لای پێشه‌وا قونبول له باری نه‌وه‌ستاندا گۆڕینی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م به پیتی(و) ده‌گۆردرێ هه‌روه‌ك له ڕابردودا باس كرا، ئیبن كه‌ثیر خوێندنه‌وه‌یه‌كی ئاسان ده‌كات بۆ هه‌مزه‌ی دووه‌م، قونبول له‌م بابه‌ته‌دا هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌گۆڕێت به پیتی(و) له‌گه‌ڵ خوێندنه‌وه‌یه‌كی ئاسان بۆ هه‌مزه‌ی دووه‌م، به‌م شێویه‌یه: ﴿ ٱلنُّشُورُ ۝ وَءَامِنتُم ﴾،**

---

[1] ئیبن كه‌ثیر ته‌نها خوێندنه‌وه‌ی ئاسایی كردووه بۆ وشه‌ی (أَئِمَّةً) واتا نه هه‌مزێكی ته‌واو نه درێژكرنه‌وه‌یه‌كی ته‌واو به‌ڵكو له‌نێوانیاندا ده‌بێت، ده‌رباره‌ی گۆڕینیش بۆ خۆ پارێزی نیه، صه‌فاقسی له په‌رتوكه‌كه‌یدا به‌ناوی (غیث النفع) ده‌فه‌رموێت: سه‌باره‌ت به گۆڕینی پیتی یائێكی ته‌واو له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش دا كه دروسته‌و زۆر كه‌س وا‌ده‌كات، به‌لأم له ڕێگای شاطبی به‌م شێوه ناخوێندرێته‌وه، چونكه ده‌ڵێت ئه‌مه زۆربه‌ی زانا نه‌حویه‌كان وا ده‌كه‌ن، وله‌ڕێگه‌ی ئه‌وه‌وه به‌م جۆره نه‌خوێندراوته‌وه‌و وارید نه‌بووه له شێخی خۆمان ، له به‌رپه‌رچدانه‌وه‌و وه‌لأم دانه‌وه‌ی زه‌مه‌خشه‌ری له كتێبی (كشاف) دا ده‌ڵێت به صه‌ڕاحه‌ت خوێندنه‌وه‌ی پیتی(ی) واتا ده‌رخستنی به‌ته‌واوی به قیرائه‌ت و خوێندنه‌وه‌ی ته‌واو دانا‌ندرێت و ئه‌م شێوه ده‌رخستن و خوێندنه‌وه دروست نیه، وهه‌ركه‌سێك دان به‌م جۆره خوێندنه‌وه بنێت ئه‌وه هه‌ڵه‌یه‌و لایداوه له قیرائه‌تی ڕاست و دروست. ئیبن جه‌زه‌ری له وه‌لأم دا ده‌فه‌رموێت: ئه‌وه زێده‌ڕۆییه له لایه‌ن ئه‌وه‌وه، ڕاست و دروسته‌كه‌ی ئه‌وه‌یه كه هه‌ر سێ شێوه‌ی جێگیر بكه‌ی واتا چه‌سپاندن و له نێوانه‌كان و یائی ته‌واو، ئه‌مه هاتووه له عه‌ره‌به‌كانه‌وه‌و ئه‌مه دروسته له قیرائاته‌كاندا هه‌ر وه‌ك باسمان كرد له ڕابردودا، وبۆ هه‌ر شێوه‌یه‌ك له شێوه‌كان له زمانی عه‌ره‌بیدا به‌ڵگه‌ی هه‌یه بۆ وه‌رگرتن و قبول كردن، وخودا له هه‌مو كه‌س زاناتره. سه‌یركه: موحه‌مه‌مه‌دی كوڕی موحه‌مه‌مه‌دی كوڕی جه‌زه‌ری، له بلاوكراوه‌كانی قیرائاتی عه‌شره، لێكۆڵینه‌وه‌ی/ عه‌لی كوڕی موحه‌مه‌مه‌دی ضباع،(له ولأتی قاهیره، چاپه‌مه‌نی تجاریه‌ی گه‌وره به‌رگی 1، ساڵی چاپ 1427ی كۆچی لاپه‌ره 380.

ئیبن کەثیرو هەردوو ڕاویەکەی کە قونبول و بەززی ین هەمزەی یەکەم دەخوێننەوە لە کاتی دەست پێکردن (تحقيق)

- ئیبن کەثیر لە ئایەتی 123ی سورەتی ئەعرافدا: ﴿ قَالَ فِرۡعَوۡنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ ﴾ هەمزەی پرسیاری زیادە دەکات لەسەر بنچینەی خۆی، چونکە بنچینەی ئەم وشە بەم شێوەیە: (أأأمنتم) واتا بوونی سێ هەمزە لە یەك کات و بەدوای یەکدا، هەمزەی یەکەم و دووەم فەتحەدارە هەمزەی سێیەم زەنەدارە (واتا سکونی لەسەرە) وگۆڕدراوە بە ئەلیف، ئەویش فاء الفيعلى وشەکەیە.

مەزهەبی پێشەوا قونبول لە باری نەوەستاندا (وصلاً) هەمزەی یەکەم دەگۆڕدرێت بەپیتی(و) هەر وەك لە ڕابردو باس کرا، ئیبن کەثیر هەمزەی دووەم ئاسان دەکات وبۆی هەیە هەمزەی سێیەم بگۆڕێت بە ئەلیف.
ئەم بابەتە لەلای قونبول بەم شێوەیە: گۆڕینی هەمزەی یەکەم بە (و) لەگەڵ ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی دووەم، بەم شێوەیە: ﴿ فِرۡعَوۡنُ وَ ۥ امَنتُم ﴾،

لەلای ئیبن کەثیر بە هەردوو ڕاویەکەیەوە لە کاتی دەستپێکردن بە هەمزە هەمزەی یەکەم دەیخوێنێتەوە (تحقيق)، وهەمزەی دووەمیش ئاسان دەکات بەم شێوەیە: ﴿ ءَ ۥ امَنتُم ﴾.

- ئیبن کەثیر لە ئایەتی 49ی سورەتی شوعەرا: ﴿ قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ ﴾ هەمزەی پرسیاری زیاد دەکات، ئەوەش لەسەر بنچینەی وشەکەی خۆیەتی، چونکە بنچیەی وشەکە بەم شێوەیە (أأأمنتم) واتا سێ هەمزە بوونی هەیە، یەکەم و دووەم جوڵەدارن وهەمزەی سێیەم زەنەدارەو گۆردراوە بە پیتی(ئەلیف) کە ئەویش فاء الفيعلى وشەکەیە.

مەزهەبی ئیبن كەثیر هەمزەی یەكەم دەخوێنێتەوە (تحقیق) وهەمزەی دووەم ئاسان دەكات (تسهیل) وهەمزەی سێیەم دەگۆڕێت بەپیتی(ئەلیف) لە باری نەوەستان و دەست پێكردندا بەم شێوەیە: ﴿ءَ ءامَنتُمۡ ﴾.

➢ **ئیبن كەثیر لە ئایەتی 71ی سورەتی** طه: ﴿ قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ ﴾ **هەمزەی پرسیاری زیاد دەكات، ئەوەش لەسەر بنچینەی وشەكەیە، چونكە بنچینەی ئەم وشە بەم شێوەیە:** (أأأمنتم) **واتا بوونی سێ هەمزە، یەكەم و دووەم جوڵەدارن وهەمزەی سێیەم زەنەدارەو گۆڕدراوە بە پیتی(ئەلیف) كە ئەویش** فاء **الفیعلی وشەكەیە.**

مەزهەبی بەززی هەمزەی یەكەم دەخوێنێتەوە (تحقیق) وخوێندنەوەیەكی ئاسان دەكات بۆ هەمزەی دووەم (تسهیل) وهەمزەی سێیەم دەگۆڕێت بەپیتی(ئەلیف) بەم شێوەیە: ﴿ ءَ ءامَنتُمۡ ﴾،

قونبول هەمزەی یەكەم لادەبات و هەمزەی دووەم دەخوێنێتەوە (تحقیق) وەك – حفص – ، بەم شێوەیە: ﴿ ءَامَنتُمۡ ﴾.

➢ **لە ئایەتی 58ی سورەتی زوخروف:** ﴿ وَقَالُوٓاْ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ ﴾ **ئیبن كەثیر هەمزەی یەكەم دەخوێنێتەوە (تحقیق) وهەمزەی دووەم ئاسان دەكات (تسهیل) وهەمزەی سێیەم دەگۆڕێت بەم شێوەیە:** ﴿ ءَاٰلِهَتُنَا ﴾.

➢ **لە ئایەتی 73ی سورەتی ئالی عیمران:** ﴿ قُلۡ إِنَّ ٱلۡهُدَىٰ هُدَى ٱللَّهِ أَن يُؤۡتَىٰٓ أَحَدٞ مِّثۡلَ مَآ أُوتِيتُمۡ ﴾ **ولە ئایەتی 81ی سورەتی ئەعراف:** ﴿ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةٗ ﴾ **ولە ئایەتی 20ی سورەتی ئەحقاف:** ﴿ وَيَوۡمَ يُعۡرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى ٱلنَّارِ أَذۡهَبۡتُمۡ طَيِّبَٰتِكُمۡ فِي حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنۡيَا ﴾.

ئیبن کەثیر وشەی (ءَآٰن ، ءَآٰنَّكُمۡ ، ءَآٰذۡهَبۡتُمۡ).ی خوێندۆتەوە بە زیاد کردنی هەمزەی پرسیاری، وهەمزەی دووەمی ئاسان کردووە بەپێی یاسای گشتی لەم بارەیەوە.

تێبینی:

✓ **ئایەتی** 52**ی سورەتی** مودەثیر: ﴿ بَلۡ يُرِيدُ كُلُّ ٱمۡرِيٍٕ مِّنۡهُمۡ أَن يُؤۡتَىٰ صُحُفٗا مُّنَشَّرَةٗ ﴾.
لێرەدا ئیبن کەثیر بەبوونی تەنها یەك هەمزە خوێندۆتەوە وەك: حەفص.

✓ **ئایەتی** 28**ی سورەتی عەنکەبوت:** ﴿ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ ﴾ **لێرەدا ئیبن کەثیر بەبونی تەنها یەك هەمزە خوێندۆتەوە وەك: حەفص.**



باسی پرسیاری دووباره

پرسیاری دووباره له قورئانی ئیرۆز له یازده شوێندا هاتووه، له نۆ سوره‌تدا به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌یه:-

1- **ئایه‌تی 5ی سوره‌تی ره‌عد:**﴿وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ﴾.

ئیبن كه‌ثیر به‌م شێوه ئه‌م ئایه‌ته‌ی خوێندۆته‌وه: ﴿ وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ ﴾.

2- **ئایه‌تی 49ی سوره‌تی** ئیسراء: ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا﴾.

3- **ئایه‌تی 98ی سوره‌تی** ئیسراء: ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا﴾.

4- **ئایه‌تی 82ی سوره‌تی** مؤمنون: ﴿ قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴾.

ناشاردرێته‌وه كه ئیبن كه‌ثیر پیتی(م)ی له وشه‌ی (متنا).به ضه‌ممه‌داری خوێندۆته‌وه.

5- **ئایه‌تی 67ی سوره‌تی نه‌مل:** ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أَئِنَّا لَمُخۡرَجُونَ ﴾.

6- **ئایه‌تی 28 و 29ی سوره‌تی عه‌نكه‌بوت:** ﴿ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٨ أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ ﴾.

7-ئایەتی 10**ی سوڕەتی سەجدە:** ﴿ وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدِۢ ﴾.

8- ئایەتی 16**ی سوڕەتی صافات:** ﴿ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴾.

ناشاردرێتەوە کە ئیبن کەثیر پیتی میمی لە وشەی (متنا) **بە** ضـە**مەداری خوێندۆتەوە.**

9-ئایەتی 53**ی سوڕەتی صافات** ﴿ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ﴾.

ناشاردرێتەوە کە ئیبن کەثیر پیتی(م)**ی لە وشەی** (متنا)**.بە** ضـە**ممەداری خوێندۆتەوە.**

10- ئایەتی 47**ی سوڕەتی واقیعە** ﴿ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ﴾.

ناشاردرێتەوە کە ئیبن کەثیر پیتی میمی لە وشەی (متنا) **بە** ضـە**مەداری خوێندۆتەوە.**

11- ئایەتی 10 **و** 11**ی سوڕەتی نازیعات** ﴿ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرۡدُودُونَ فِي ٱلۡحَافِرَةِ ۝١٠ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا نَّخِرَةٗ ﴾

مەزهەبی ئیبن کەثیر دەربارەی پرسیاری دووبارە

ئیبن کەثیر هەمزەی پسیاری جێگیر کردووە لە وشەی یەکەم و دووەم لە گشت ئەو شوێنانەی ڕابردو کە باس کران، تەنها لە سوڕەتی عەنکەبوت نەبێت، لە وشەی ئایەتی عەنکەبوتدا هەمزەی یەکەم لە شێوەو مانای هەوال وخەبەردان خوێندۆتەوەو هەمزەی دووەمیشی لە شێوەی پرسیاری خوێندۆتەوە، ئەوەش ناشاردرێتەوە کە بنچینەی وشەکە ئەوەیە هەمزەی دووەم ئاسایی بخوێندرێتەوە.



بابەتی دوو هەمزە لە دوو وشەدا

پێناسە: مەبەست لە دوو هەمزە لە دوو وشەدا، واتا: بوونی دوو هەمزەیە لەگەڵ یەك،وكۆبونەوەیان لە دوو وشەداو لەهەمان كاتدا نەوەستانی بۆ بكرێت، بەشێوەیەك كە هەمزەی یەكەم بكەوێتە كۆتایی وشەی یەكەم و هەمزەی دووەم بكەوێتە یەكەم وشەی دووەم.

مەبەست لە نەوەستان واتا خوێندنەوەی بەردەوام (وەصل) ی بۆ بكرێت: چونكە لە كاتی وەستان هەردوو هەمزەكان نابێتە بەیەكەوەو لەگەڵ یەك، بەڵكو دەبێتە گواستنەوەو تێپەڕاندن، چونكە وەستان لەسەر هەمزەی یەكەم پێك گەیشتنی نامینێت.

كۆبونەوەی دوو هەمزە لە دوو وشەدا دەبێت بەدوو بەش:

یەكەم: بوونی دوو هەمزەی یەكسان لە جوڵە.
دووەم: بوونی دوو هەمزەی پێچەوانەی یەكتر لە جوڵە.

❖ یەكەم:- دوو هەمزەی یەكسان لە جوڵە

ئەو دوو هەمزەیە یان هەردووكیان فەتحەدارن، وەك: ﴿ جَآءَ أَمۡرُنَا، جَآءَ أَحَدُ، جَآءَ أَجَلُهُمۡ، تِلۡقَآءَ أَصۡحَٰبِ ﴾، یان هەردووكیان كەسرەدارن وەك: ﴿ فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٞ، هَٰٓؤُلَآءِ إِن، ٱلنِّسَآءِ إِلَّا، وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ ﴾، یان هەردووكیان ضەممەدارن وەك: ﴿ أَوۡلِيَآءُ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾ ئایەتی 32ی سورەتی ئەحقاف لەمە زیاتری نیە.

دوو راویهكهی ئیبن كهثیر جیاوازیان ههیه له سهر دوو ههمزه له دوو وشهدا بهم شێوهی خوارهوه:

أ- مهزههبی پێشهوا بهززی:

1- دوو ههمزهی فهتحهدار :

بهززی ههمزهی یهكهم لادهبات و ههمزهی دووهم دهخوێنێتهوه، وبۆی ههیه درێژكردنهوه بكات به ئهندازهی چوار یان دوو جوڵه بۆ پیتی مهدی پێش ههمزهكه، و درێژكردنهوهی دوو جوڵه پێش دهخرێت لهسهر چوار جوڵه، وهك: { جَآءَ أَجَلُهُمۡ ، جَآءَ أَحَدُ }، بهم شێوه دهخوێندرێتهوه: { جَا أَجَلُهُمۡ ، جَا أَحَدُ }.

2- دوو ههمزهی ضهممهدار و كهسرهدار:

بهززی ههمزهی یهكهمی ئاسان كردووه (تسهیل) وههمزهی دووهم ی خوێندۆتهوه، وبۆی ههیه پیتی مهد واتا درێژكردنهوهی پێش ههمزهكه به درێژكردنهوهیهكی ناوهند یان كورت بخوێنێتهوه، بهڵام درێژكردنهوهی ناوهند پێش دهخرێت لهسهر درێژكردنهوهی كورت، نمونهی ئهم شێوهیه له{فِي ٱلسَّمَآءِ ٱلَۡهُ، هَٰٓؤُلَآءِ إِن، ٱلنِّسَآءِ إِلَّآ، وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ، أَوۡلِيَآءُ أُوْلَٰٓئِكَ}. دا ههیه.

بهززی شێوهیهكی تری زیاد كردووه له ئایهتی 53ی سورهتی یوسف: ﴿ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا ﴾ ئهویش بریتیه له گۆڕینی ههمزهی یهكهم به پیتی(و) پاشان پیته واوهكهی تێكهڵكێش كردووه لهگهڵ پیتی(و)ی پێشه خۆی ههردو واوه تێكهڵكێشكراوهكان بۆته واوێكی شهدهداری پێش كهسره، بهم شێوهیه: ﴿بِٱلسُّوِّ إِلَّا﴾، لهم بابهتهدا بهززی سێ شێوهی بۆ دروست كردووه:

- ئاسان كردنی ههمزهی یهكهم لهگهڵ درێژكردنهوهیهكی مام ناوهند.
- ئاسان كردنی ههمزهی یهكهم لهگهڵ كورت كردنهوه.

- هەمزەی یەكەم بگۆڕدرێت بە پیتی(و) دواتر تێكهەڵكێش بكرێت لەگەڵ ئەو پیتە واوەی لە پێش دا هاتووە، لەم كاتە دەبێتە پیتی واوێكی شەدەداری كەسرەدار.

ب- مەزهەبی پێشەوا قونبول لەسەر بوونی دوو هەمزە لە دوو وشەدا:

پێشەوا قونبول هەمزەی یەكەمی خوێندۆتەوە لە هەر سێ جۆرە هاوشێوە لە جوڵەدا هەمزەی دووەم بە دوو شێوە دەخوێندرێتەوە:

1- ئاسان كردن: واتا لە نێوان هەمزەو ئەو پیتە مەدەی كە حەرەكەو سەروژێرەكانیان هاوتان، لە كاتی بوونی پیتێكی هەمزەی فەتحەداردا خوێندنەوە لە نێوان هەمزەو ئەلیف دا دەبێت،
ولە كاتی بوونی هەمزەیەكی كەسرەدار خوێندنەوە لە نێوان هەمزەو پیتی(ی) دەبێت، لە كاتی بوونی هەمزەیەكی ضـەممەدار خوێندنەوە لە نێوان هەمزەو پیتی(و) دەبێت، ئەم شێوەیە پێشخراوە بەسەر ئەوانی تردا.

2- گۆڕینی هەمزە بە پیتی مەدێكی هاوتا لە شێوەی سەروژێری هەمزەی یەكەم، (واتا حەرەكەی هەمزەی یەكەم یان هاوتابێت یان لە ڕەگەزی حەرەكەی پیتە مەدەكەبێت) ئەگەر هەمزەی یەكەم فەتحەدار بوو ئەوە هەمزەكە دەگۆڕدرێت بە ئەلیف، بەڵام ئەگەر هەمزەی یەكەم كەسرەدار بوو ئەوە هەمزەكە دەگۆڕدرێت بە پیتی(ی)ی زەنەدار، بەڵام ئەگەر هەمزەی یەكەم ضـەممەدار بوو، ئەوە هەمزەكە دەگۆڕدرێت بە پیتی(و)ی زەنەدار.

ئەگەر ئەو پیتەی لەدوای هەمزەی دووەم دێت سەروژێری هەبو (واتا حەرەكەی لەسەر بو) وسەروژێرەكەشی بنچینەی خۆی بوو (واتا حەرەكەی ئەصلی خۆی بوو) وەك:﴿ جَآءَ أَحَدٌ ﴾، و ﴿ فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ ﴾، و ﴿ أَوۡلِيَآءُ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾ لەم شوێنانەدا تەنها خوێندنەوەیەكی كورت هەیە بە ئەندازەی دوو جوڵە، (واتا درێژكردنەوە بە ئەندازەی دوو حەرەكە ئەنجام دەدرێت) بەڵام

ئەگەر هاتوو ئەو پیتەی لە دوای هەمزەی دووەم دێت حەرەکەدار بوو بە حەرەکەیەکی پەیداکراو (عارض) (واتا جوڵەو سەروژێریەکەی بنچینەی خۆی نەبوو) هەر وەك لە ئایەتی 32ی سورەتی ئەحزاب دا هاتووە: ﴿ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيْتُنَّۚ ﴾ ئەوە لەم کاتەدا دوو شێوەی بۆ هەیە: درێژکردنەوەیەکی تەواو ئەگەر لایەنی بنچینەکەی هەڵبژێری و سەیری لایەنی پەیداکراوەکەی نەکرێت، (مەبەست لە لایەنی پەیداکراو، واتا دروست کردنی حەرەکە بۆ رزگار بوون لە بە گەیشتنی دوو پیتی زەنەدار، ئەوەش بە کەسەرداركردنی پیتی(ن) دەبێت بۆ تێکدانی گەیشتنە دوو زەنەکە (التخلص من التقاء الساكنين)کورت کردنەوەیەکی تەواو ئەگەر لایەنی پەیداکراوەکەی سەیر بکرێت و لایەنی بنچینەکەی هەل نەبژێردرێت.

ئەم دوو لایەنە (درێژکردنەوەیەکی تەواو) یان (کورت کردنەوەیەکی تەواو) لە کاتی گەیشتنی (ان) بە وشەی (اتقيتن) ئەگەر بوەستیت لەسەر (ان) ئەوە تەنها شێوەی گۆڕینەکە لەسەر تەواو خوێندنەوەو قەڵەوکردن دیاری دەکرێت بە هۆی گەیشتنی دوو زەنە.

ئەگەر ئەو پیتەی لە دوای هەمزەی دووەم دێت زەنەدار بوو وەك لە ئایەتی 47ی سورەتی ئەعراف دا هاتووە: ﴿ تِلْقَآءَ أَصْحَٰبِ ﴾ وئایەتی22ی سورەتی عەبەسە ﴿ شَآءَ أَنشَرَهُۥ ﴾ وئایەتی 187ی سورەتی شوعەرا ﴿ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ إِن كُنتَ ﴾ وئایەتی 71ی سورەتی هود ﴿ وَمِن وَرَآءِ إِسْحَٰقَ ﴾ وئایەتی 31ی سورەتی بەقەرە: ﴿ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمْ ﴾. لە هەمووو ئەو شوێنانەی باس کران ئەوە پیتی مەد (درێژکردنەوە) دیاری دەکرێت بە ئەندازەی شەش حەرەکە، چونکە ئەمانە هەر هەمووی لە بابەتی درێژکردنەوە پێویستن (مد اللازم).

ئەگەر ئەو پیتەی لە دوای هەمزەی دووەم دێت پیتی(ئەلیف) بوو هەر وەك لە ئایەتی 61ی سورەتی حیجردا هاتووە: ﴿ فَلَمَّا جَآءَ ءَالَ لُوطٍ ﴾ ولە ئایەتی

41ی سوره‌تی قه‌مه‌ر: ﴿ وَلَقَدۡ جَآءَ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ ﴾ له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی شێوه‌ی گۆڕینی پیته‌كان، ئه‌وه دوو پیتی(ئه‌لیف) كۆده‌بێته‌وه، پیته ئه‌لیفێك وه‌رگێردراوی هه‌مزه‌یه (واتا له بنچینه‌دا هه‌مزه‌یه گۆڕدراوه بۆ ئه‌لیف) وئه‌و پیته ئه‌لیفه‌ی له‌دوای ئه‌و هاتووه (واتا له دوای ئه‌لیفی گۆڕدراوه‌كه) له وشه‌ی (ءال) هه‌ردوكیان سكونیان له‌سه‌ره دروسته بۆ ئه‌م شێوه له كاتی نه‌وه‌ستان (وه‌صل) دوو شێوه[1]:

- ✓ لابردنی یه‌ك له پیته ئه‌لیفه‌كان به‌مه‌به‌ستی ڕزگاربوون له كۆبونه‌وه‌ی دوو زه‌نه، وكورت كردنه‌وه دیاری ده‌كرێت له ئه‌لیف، چونكه پیتێكی حه‌ره‌كه‌داری به‌دوادا هاتووه.

- ✓ جێگیر كردنی دوو ئه‌لیف وجیاكردنه‌وه له نێوانیاندا به ئه‌لیفی سێیه‌م به هۆی ئه‌م ئه‌لیفه زیاده، پچران ده‌خرێته نێوان دوو زه‌نه، وڕێگری ده‌كات له كۆبونه‌وه‌ی دوو زه‌نه، له‌و كاته‌دا درێژكردنه‌وه زیاد ده‌كرێت به ئه‌ندازه‌ی شه‌ش جوڵه.

به‌ڵام له باری وه‌ستاندا كرا له‌سه‌ر وشه‌ی (ءال) ئه‌وه ته‌نها درێژكردنه‌وه‌ی ته‌واو ده‌خوێندرێته‌وه.

[1] به ئاسان خوێندنه‌وه(التسهیل) له‌گه‌ڵ هه‌ردوو شێوه‌كه‌دا هه‌یه.

❖ دووهم: دوو ههمزهی جیاواز له جوڵهو حهرهكه.

له كاتی كۆبوونهوهی دوو ههمزه له دوو وشهدا، یان ههمزهی یهكهم فهتحهداره یان كهسرهداره یان ضـهممهداره.

وههروها ههمزهی دووهم یش بهههمان شێوه یان فهتحه یان كهسره یان ضـهممهی وهرگرتووه.

كۆی ئهم شێوانهی باس كران دهبێته نۆ وێنه، سێیان لهم نۆیه ههمزهكان ههردووكیان یهكسانن له شێوهی جوڵهو حهرهكهكاندا، تهنها شهش وێنه له نۆ وێنهكه دهمینێتهوه، سێیان لهم نۆ وێنهیه له وانهكانی ڕابردو باس كران.
سهبارهت بهم شهش وێنهی كه ماوتهوه، پێنجیان له قورئانی ثیرۆز باس كراون، بهڵام وێنهی شهشهمیان له قورئاندا نههاتووه، ئهویش بریتیه لهوهی ئهگهر ههمزهی یهكهم كهسرهدار بوو وههمزهی دووهم ضـهممهداربو.

ئهوهی له قورئانی ثیرۆز باس كراوه بهم شێویه: ههمزهی یهكهم فهتحهداره، وههمزهی دووهم ضـهممهداره یان كهسرهدار، وههمزهی یهكهم ضـهممهی لهسهره، یان كهسهره، وههمزهی دووهم فهتحهی وهرگرتووه، وێنهی پێنجهم بریتیه لهوهی ههمزهی یهكهم ضـهممهداره ههمزهی دووهم كهسهردار، سهبارهت به وێنهی شهشهم بریتیه لهوهی ههمزهی یهكهم كهسهرداره ههمزهی دووهم ضـهممهداره، بهڵام ئهم وێنهیان نههاتووه له قورئانی ثیرۆز.

ئهم پینج وێنه دابهش دهبێت بۆ سیٚ كۆمهڵه:

- ✓ كۆمهڵهی یهكهم دوو وێنهی تێدایه.
- ✓ كۆمهڵهی دووهم بهههمان شێوهی كۆمهڵهی یهكهم دوو وێنهی تێدایه.
- ✓ كۆمهڵهی سێیهم تهنها یهك وێنه له خۆ دهگرێت.

- دهربارهی كۆمهڵهی یهكهم كه دوو وێنه له خۆ دهگرێت بهم شێوهیه:

ههمزهی یهكهم فهتحهدارهو ههمزهی دووهمیش كهسرهداره یان ضـهممهدار.

- دەربارەی کۆمەڵەی دووەم ئەم دوو وێنەی کە لەخۆ دەگرێت بەم شێوەیە: هەمزەی یەکەم ضـەممەدارە یان کەسرەدارە، وهەمزەی دووەم فەتحەدارە.

- دەربارەی کۆمەڵەی سێیەم کە تەنها یەك وێنە لە خۆ دەگرێت ئەویش بریتیە لەوەی کە هەمزەی یەکەم ضـەممەدارەو هەمزەی دووەمیش کەسرەدارە.



مەزهەبی ئیبن كەثیر دەربارەی بوونی دوو هەمزەی لەیەكتر جیاواز لە جوڵەوحەرەكە لە دوو وشە

-1 **ئەگەر كۆبویەوە دوو هەمزەی لە یەكتر جیا لە حەرەكەدا لە دوو وشە، بە شێوەیەك كە هەمزەی یەكەم فەتحەدار بوو، وهەمزەی دووەم كەسرەدار بوو یان ضەممەدار، ئەوە ئیبن كەثیر هەمزەی دووەم ئاسان دەكات (تسهیل)**

نمونەی هەمزەی یەكەم فەتحەدارو هەمزەی دووەمیش كەسرەدار بێت ئەم وشانەن: [تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ ، نَبَإِيْ إِبۡرَٰهِيمَ] ،**نمونەی هەمزەی یەكەم فەتحەدارو هەمزەی دووەمیش ضەممەدار بێت تەنها لە ئایەتی44ی سورەتی** مؤمنون [جَآءَ أُمَّةٗ].

نمونەی دووەم نەهاتووە لە قورئانی ثیرۆز.

ئەو وشانەی باس كران بەم شێوە دەخوێندرێتەوە: [تَفِيٓءَ ٳلَىٰ ، نَبَإِيْ ٳبۡرَٰهِيمَ ، جَآءَ ٱمَّةٗ].

-2 **كۆبونەوەی دوو هەمزەی لە یەكتر جیا لە جوڵە لە دوو وشە، وهەمزەی یەكەم ضەممەدار یان كەسرەدار بوو ، هەمزەی دووەم فەتحەدار بوو، ئیبن كەثیر هەمزەی دووەم دەگۆڕێت بە پیتێكی هاوشێوەی حەركەی هەمزەی یەكەم، وەك:** [﴿ سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ ﴾، ﴿ ٱلۡمَلَؤُاْ أَفۡتُونِي ﴾ ، ﴿ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا ﴾ ، ﴿هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ ﴾ ، ﴿ مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا ﴾]، **بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە** [سُوٓءُ وَعۡمَٰلِهِمۡۗ ، ٱلۡمَلَؤُاْ وَفۡتُونِي ، وَٱلۡبَغۡضَآءُ وَبَدًا ، هَٰٓؤُلَآءِ يَهۡدَىٰ ، مِنَ ٱلۡمَآءِ يَوۡ مِمَّا].

-3 **ئەگەر هەمزەی یەكەم ضەممەدار بوو هەمزەی دووەم كەسرەدار بوو، ئیبن كەثیر بۆ هەمزەی دووەم دوو شێوەی داناوە:**

أ- **ئاسان كردنی هەمزەی دووەم ئەوەی كە دەكەوێتە نێوان هەمزەی یەكەم و پیتی(ی)**

ب- گۆڕینی هەمزەی دووەم بە پیتی(و)ی تەواوی كەسرەدار.

نمونەكان: ﴿ أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ ، وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ ، يَشَآءُ إِلَىٰ ﴾ ، **بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:** ﴿ ٱلۡفُقَرَآءُ ۟ اِلَى﴾ **یان** ﴿ ٱلۡفُقَرَآءُ اُلَى ﴾ ، ﴿ ٱلسُّوٓءُۚ ۟ اِنۡ ﴾ **یان** ﴿ ٱلسُّوٓءُۚ اُنۡ ﴾ ، ﴿ يَشَآءُ ۟ اِلَى ﴾ **یان** ﴿ يَشَآءُ اُلَى ﴾.

ئەیمن سوید پارچە هونراوەیەكی هەیە لەسەر مەزهەبی ئیبن كەثیر دەربارەی بوونی دوو هەمزە بە جوڵەو حەڕەكەیەكی جیاواز لە دوو وشە، بە كورتی دەفەرموێت:

فتحُ الأولى سَهلِ فتحُ الاخرى أبدلِ
غيـرَ فتـحِ سهلِ وكـــذاكَ أبـــــدلِ



بابەتی
گواستنەوەی جوڵەی هەمزە بۆ زەنەدار کردنی پێش خۆی

گواستنەوە لە زمانی عەرەبیدا: بە مانای گیواستنەوەو گۆڕینی شتێك لە شوێنی خۆی دێت.

گواستنەوە لە زاراوەدا: بریتیە لە گواستنەوەی جوڵەو حەرەکاتی هەمزەی پچراو بۆ هەمزەیەکی زەنەداری پێش خۆی، لەگەڵ لابردنی پیتە هەمزەکە لەبەر سوك کردن، ئەوەش بە کار هاتووە لە زمانی هەندێ عەرەب دا.

ئیبن کەثیر خوێندنەوەی کردووە بۆ گواستنەوەی ئەم وشانە:

- کاری داخوازی { اسأل } ئەگەر هاتوو پێش پیتی(س) پیتی(و) یان پیتی(ف) هاتبوو وەك:{ وَسۡـَٔلُواْ ، فَسۡـَٔلُوٓاْ ، فَسۡـَٔلِ }، حەرەکەی فەتحەکە دەگوازرێتەوە بۆ سەر پیتی(س) وهەمزەش لادەبردرێت، بەم شێوەیە: { وَسَلُواْ ، فَسَلُوٓاْ ، فَسَـلِ }.
- وشەی { ٱلۡقُرۡءَانُ ، قُرۡءَانٍ } هەمزە لابراوە جوڵەو حەرەکاتی گواستراوتەوە بۆ سەر پیتی(ر).(واتا لابردنی هەمزەو گواستنەوەی جوڵەو حەرەکاتی بۆ سەر پیتی پێشە خۆی) ، ئەم شێوازە لە69 شوێندا هاتووە لە قورئانی ثیرۆز.
- وشەی ﴿ لۡـَٔيۡكَةِ ﴾ لە ئایەتی 176ی سورەتی شوعەرا، وئایەتی 13ی سورەتی ص.
ئیبن کەثیر بەم شێوە دەخوێنێتەوە: فەتحەی هەمزەکەی گواستۆتەوە بۆ سەر پیتی(ل) وهەمزەی لابردوەو تائی مێی فەتحەدار کردووە، بەم شێوەیە: ﴿ لَـيۡكَةَ ﴾.

➢ ئەم شێوازانەی باس کران بەززی بە دوو جۆر دەیخوێنێتەوە:

- **یەکەم**: وەك خوێندنەوەی حەفص.
- **دووەم**: پێش خستنی هەمزە بۆ شوێنی پیتی(ی) لەگەڵ گۆڕینی هەمزەکە بۆ پیتی(ئەلیف) وپاش خستنی پیتی(ی) بۆ شوێنی هەمزە.

ئەم شێوازەش لە پێنج شوێندا هاتووە لە قورئانی ثیرۆز، چواریان لە سورەتی یوسف دا، یەکێکیش لە سورەتی ڕەعد، هەر پێنج شوێنیش بەم شێوەیە:

1- ئایەتی 80ی سورەتی یوسف: ﴿ فَلَمَّا ٱسۡتَيۡـَٔسُواْ مِنۡهُ خَلَصُواْ نَجِيّٗاۖ ﴾ **بەم شێوە دەخوێندرێتەوە:** ﴿ ٱسۡتَايَـسُواْ ﴾ **یان** ﴿ ٱسۡتَيۡـَٔسُواْ ﴾.

2- ئایەتی 87ی سورەتی یوسف: ﴿ يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ ﴾ **بەم شێوە دەخوێندرێتەوە:** ﴿ تَايَـسُواْ ﴾ **یان** ﴿ تَاْيۡـَٔسُواْ ﴾.

3- ئایەتی 87ی سورەتی یوسف: ﴿ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾ **بەم شێوە دەخوێندرێتەوە:** ﴿ يَايَـسُ ﴾ **یان** ﴿ يَاْيۡـَٔسُ ﴾.

4- ئایەتی 110ی سورەتی یوسف: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسۡتَيۡـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ ﴾ **بەم شێوە دەخوێندرێتەوە:** ﴿ ٱسۡتَايَـسَ ﴾ **یان** ﴿ ٱسۡتَيۡـَٔسَ ﴾.

5- ئایەتی 31ی سورەتی ڕەعد: ﴿أَفَلَمۡ يَاْيۡـَٔسِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن لَّوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَهَدَى ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۗ﴾ **بەم شێوە دەخوێندرێتەوە:** ﴿ يَايَـسِ ﴾ **یان** ﴿ يَاْيۡـَٔسِ ﴾.

باسی تێکهەلکێش

ئیدغام له زمانی عەرەبیدا: بەکاردێت بۆ تێکهەڵکێش کردنی شتێك له شتێکی تر .
ئیدغام له زاراوەدا: واتا تێکهەڵکێش کردنی پیتێك له پیتێکی تر به شێوەیەك هەردوو پیت به پیتێکی توندی شەدەدار دەخوێندرێتەوه له ڕەگەزی پیتی دووەم، ئەوەش دەکرێت به دوو بەش: بچوك و گەوره.

مەبەست له خوێندنی ئەم بابەته، شارەزابوونه لەوەی تێکهەلکێش دەکرێت و ئەوەی تێکهەڵکێش ناکرێت، گەیشتنه دوو پیت بەیەك و کۆبونەوەیان دەکرێت به سیٚ بەش:

- ✓ **یەکەم:** پێك گەیشتنیان له وشەو نوسیندا، به شێوەیەك پچڕان نەکەوێته نێوانیان وەك پێك گەیشتنی دوو پیتی(د) له ﴿ وَقَد دَّخَلُواْ ﴾.

- ✓ **دووەم:** پێك گەیشتنیان تەنها له نوسیندا، وەك: ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ﴾، لێرەدا پچڕان له نێوانیاندا ڕوویداو.

- ✓ **سێیەم:** پێك گەیشتنیان تەنها له گوتن و خوێندنەوەدا ، وەك: ﴿ أَنَاْ نَذِيرٌ ﴾ ، ﴿ طسٓمٓ ﴾.

یاسایەکی گشتی گرنگ

هەر کاتێك دوو پیت بەیەکتر بگەن، ئەو دوو پیتە یان شوێنی دەرچوونیان یەکسانە یان جیاوازە[1].

❖ ئەگەر شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر جیاوازبوو (مەخرەجیان یەکسان نەبوو) ئەوکات بە لەیەکتر دوور ئەژماردەکرێن، تەنها پیتی(غ) و (خ) نەبێت کاتێك دەگەن بە پیتی(ق) و (ك) ، هەرکاتێك پیتی(غ) وهەرکاتێك پیتی(خ) بە یەکگەیشتن لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) ئەو دوو پیتانە دەبنە لەیەکتر نزیك و پێیان ناگوترێت پیتە لێك دوورەکان، چونکە هەرچەندە شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر جیایە بەڵام دەرچوونیان لەیەکتر نزیکە. پیتی(غ) و (خ) دەرچوونیان دەکەوێتە نزیکترین شوێنی گەرو، ئەو شوێنەی کە لە دوای ئەو زمان دەست پیٚ دەکات.

هەروها پیتی(ق) و (ك) شوێنی دەرچوونیان دەکەوێتە دوورترین شوێنی زمان کە لە دوای ئەو نزیکترین شوێنی گەرو دێت.

کەواتە شوێنی دەرچوونی هەمووو ئەو پیتانەی باس کران لەیەکتر نزیکن، لەبەر ئەم هۆکارانە دەرکەوت کە پیتی(غ) لەگەڵ (ق) یان (ك) لەیەکتر نزیکن، وبەهەمان شێوە پیتی(خ) لەگەڵ (ق) یان (ك) لەیەکتر نزیکن.

❖ ئەگەر پیتەکان لەیەك ئەندام بوون (واتە لە یەك ئاست و شێوە دابوون و هەمان دەربڕینیان هەبوو)، لەو کاتەدا دەبن بە دوو بەش: یان شوێنی دەرچوونیان لە یەکتر نزیکە، یان شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر دوورە.

ئەگەر شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر نزیك بوو، وهیچ دابڕان و پچڕان ڕوونەدات لە نێوان هەردوو پیتە لە یەکتر نزیکەکە، ئەم دوو پیتە بە لە یەکتر نزیك سەیر دەکرێن.

---

[1] مەحمود خەلیل حوصەری، پەرتووکی ئەحکامی قورئانی پیرۆز، (مەککە ی پیرۆز، نوسینگەی مەککیە – دار بەشائری ئیسلامی، چاپی4، ساڵی1999ی زاینی، بەدەست كارییەوە.

لەم قسانەی ڕابردوو وا دەردەکەوێت ئەگەر دوو پیت شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر جیابوو، بە شێوەیەك هەر یەکێکیان لە شوێنێك دەردەچوو، (پچڕان و دابڕان لە نێوانیاندا هەبوو) بە دوو پیتی لە یەکتر دوور سەیردەکرێن.

بۆمان ڕوون بووەوە کە نێوان پیتەکانی گەرو (حروف الحلق) کە ژمارەیان شەش پیتە لەگەڵ هەژدە پیتەکەی زمان، دوریەك هەیە (شەش پیتەکانی گەرو دوورن لە هەژدە پیتەکانی زمان) چونکە پیتەکانی گەرو لە شوێنێك دەردەچێت و پیتەکانی زمانیش لە شوێنێکی تر. تەنها پیتەکانی (غ) لەگەڵ (ق) و (ك) وپیتی(خ) لەگەڵ پیتی(ك) نەبێت، ئەوانە جیادەکرێنەوە لەم حوکمەی کە لەسەر پیتەکانی گەرو و پیتەکانی زمان دا هەبوو.

❖ لە نێوان پیتەکانی گەرو و پیتەکانی لێو دورییەك هەیە، چونکە هەر یەك لەوان شوێنی دەرچوونیان لە یەکتر جیاوازە، ولە کاتی دەربریندا جیاکاریەك دەکەوێتە نێوانەکانیان.

❖ لە نێوان پیتەکانی زمان و پیتەکانی لێو دووری هەیە، چونکە شوێنی دەرچوونیان لە یەکتر جیایە، تەنها پیتی(م) لەگەڵ (ن) نەبێت لێکچوونێکیان هەیە لە نزیك بونەوە.

پیتی(ن) لەگەڵ (و) نزیکبوونەوەیەکیان هەیە لە یەکتر لە شێوەی دەربڕیندا.

پیتی(ی)ی ناسك لەگەڵ (و) نزیك بونەوەیەك هەیە لە نێوانیاندا لە دەربڕیندا.

❖ لە نێوان پیتەکانی گەرو پیتێك لەگەڵ پیتێکی تر نزیك بوون و دورکەوتنەوە هەیە.ئەم دوو پیتەی کە شوێنی دەرچوونیان دەکەوێتە دوورترین بەشی گەرو کە ئەوانیش پیتی(ء) و (ه) لەگەڵ ئەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان دەکەوێتە ناوەڕاستی گەرو ئەوانیش پیتی(ع) (ح) لێك نزیك بوونەوەیەك هەیە لە نێوانیاندا، ئەم دوو پیتەش لەگەڵ ئەو پیتانەی کە دەرچوونیان دەکەویتە نزیکترن شوێنی گەروو وەك: پیتی(غ) و (خ) دوریەك هەیە.

پیته‌كانی ناوه‌ڕاست وه‌ك پیتی(ع) و (ح) نێوان ئه‌و دوو پیته‌و پیته‌كانی ده‌كه‌وێته دوری گه‌رو وپیتی نزیكترن شوێنی گه‌روو نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه.

❖ له نێوان پیته‌كانی زمان هه‌ندێكان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تر نزیك و دووری هه‌یه. ئه‌و دوو پیته‌ی ده‌كه‌ونه دورترین شوێنی زمان، وه‌ك پیته‌كانی (ق) و (ك) له نێوان ئه‌ودوو پیته‌و پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان وه‌ك پیتی(ج) و (ش) و (ی) وپیتی سه‌ره زمان وه‌ك پیتی(ض) و (ل) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه، ئه‌و پیتانه له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێواری زمان كه بریتین له: (ن ، ر ، ط ، د ، ت ، ص ، س ، ز ، ظ ، ذ ، ث) دوریه‌ك هه‌یه.

ئه‌م پیتانه‌ی باس كران پێیان ده‌گوترێت پیته‌كانی (ته‌جوید) (پیته‌كانی ده‌ربرین) (پیته‌كانی سه‌ره زمان) و (پیته‌كانی نزیك له پودو)

❖ له نێوان پیته‌كانی ناوه‌ڕاست و سه‌رزمان و لێواره‌كان، نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه.له نێوان پیته‌كانی سه‌ره زمان و لێواره‌كاندا نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه، وله‌نێوان پیتی(ف) له‌گه‌ڵ پیته‌كان لێو وه‌ك (ی) و (م) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه، وله نێوان پیته‌كانی لێو هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تریان نزیك بوونه‌وه‌یه‌ك له شوێنی ده‌رچونیان هه‌یه.

ڕوونكردنه‌وه

➢ ڕوون و ئاشكرایه كه هه‌ر یه‌ك له پیته‌كانی (ء) و (هـ) ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته دوورترین شوێنی گه‌رو، ئه‌م دووانه به یه‌ك ڕه‌گه‌ز ده‌خوێندرێنه‌وه (شوێنی ده‌رچوونیان یه‌كه‌و له شكل و شێوه‌دا له یه‌كتر جیان) ، پیته‌كانی (ع) و (ح) له ناوه‌ڕاستی گه‌رو ده‌رده‌چن، ئه‌م دوو پیته‌ش یه‌ك ڕه‌گه‌زن.

وپیتی(غ) و (خ) له نزیكترین شوێنی گه‌رو ده‌رده‌چن ئه‌وانه‌ش به‌هه‌مان شێوه‌ی ئه‌و پیتانه‌ی باس كران یه‌ك ڕه‌گه‌زن.

➢ پیته‌كانی دوور هه‌ر یه‌ك له پیتی(ء) و (هـ) به‌رامبه‌ر پیته‌كانی ناوه‌ڕاست (ع) و (ح) له یه‌كتر نزیكن، وبه‌رامبه‌ر پیته‌كانی نزیكترینی گه‌روو (غ) و (خ) له یه‌كتر دوورن، چونكه پیته ناوه‌ڕاسته‌كان له یه‌كتریان جیاده‌كاته‌وه (كه‌واتا پیته‌كانی

ناوەڕاست دەكەوێتە نێوان نزیكترین و دوورترین پیتەكانی گەروو، بەهۆی ئەمە پیتی نزیكترین و دوورترین نزمەكان لە یەكتر دوور دەخاتەوە)

- پیتەكانی ناوەڕاستی گەرو (ع ، ح) لەگەڵ پیتەكانی دوورترین و نزیكترین نزیكایەتیەكیان هەیە.
- پیتی(غ) لەگەڵ پیتی(ق) و (ك) لە یەكتر نزیكن.

- پیتی(خ) لەگەڵ (ق) و (ك) بەهەمان شێوە لە یەكتر نزیكن، چونكە پیتی(غ) و (خ) هەر چەندە لە نزیكترین شوێنی گەرو دەردەچن، بەڵام كاتێك نزیكییێكی بەهێز هەیە لە نێوان ئەوان و پیتەكانی (ق) و (ك) كە دەرچوونیان دەكەوێتە دورترین شوێنی زمان، ئەمە وای كردووە كە ئەم پیتانە بە نزیك لە یەكتر بخوێندرێنەوەو سەیر بكرێن، هەرچەندە لە یەكتر جیان هەروەك لە ڕابردوو باس كران.

- پیتەكانی (ق) و (ك) لەیەكتر نزیكن، بە هۆی بوونی جیاكاریەك لە شوێنی دەرچوونیان، وگوتراوە پیتی(ق) و (ك) یەك ڕەگەزن بە هۆی شوێنی دەرچوونیان كە دورترینی زمانە.

- پیتی(ق) وهاوشێوەی ئەو پیتی(ك) لەگەڵ پیتێك لە پیتەكانی ناوەڕاستی زمان (ج ، ش ، ی) یان لەگەڵ پیتێك لە پیتەكانی سەرە زمان وەك (ضاد) و (لام) لە یەكتر نزیكن، ولەگەڵ هەر پیتێك لەو پیتانەی بە لایەكی زمان دەردەبردرێن لەیەكتر دوورن.

- پیتەكانی (ج) و (ش) و (ی) كە درێژناكرێنەوە (مەدیان تێدا نیە) لە ناوەڕاستی زمان دەردەچن، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەكتر یەكسانن، (لە یەك ڕەگەزدان) ئەم پیتانە لەگەڵ پیتەكانی (ق) یان (ك) یان (ض) یان (ل) یان (ن) یان (ر) یان (ط) یان (د) یان (ت) یان (س) یان (ص) یان (ز) یان (ظ) یان (ذ) یان (ث) هەمووویان لە یەكتر نزیكن، وهەر یەك لەوان لەگەڵ پیتێكی

لێوەكان بە دوور ئەژمار دەكرێن (ئەم پیتانەی باس كران بەرامبەر ئەو پیتانەی كە بە لێو دەردەبردرێن بە پیتی لێك دوور و جیاواز سەیر دەكرێن)

- پیتی(ض) دەردەچێت لە ناوەڕاستی لاییێكی زمان ئەوەی لەدوای ئەودێت.

- پیتی(ض) لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) یان هەر پیتێكی تری دەرچوو لە ناوەڕاستی زمان یان لاییێكی زمان یان پیتی(ل) ئەوە بە نزیك لە یەكتر ئەژمار دەكرێن.

- پیتی(ل) دەردەبڕدرێت بە تەنیشتی زمان و كۆتایەكەی.
پیتی(ل) لەگەڵ پیتی(ق) یان پیتی(ك) یان هەر پیتێكی تر لەو پیتانەی كە لە ناوەڕاستی زمان یان لاییێكی زمان دەردەچێت، یان پیتی(ض) ئەمانە هەر هەمووی بەرامبەر بە پیتی(ل) بە نزیك ئەژمار دەكرێت.
پیتی(ل) بەرامبەر پیتەكانی لێو بە پیتی لێك دوورو جیاواز ئەژمار دەكرێت.
پیتی(ل) بەرامبەر پیتی(م) بە نزیك ئەژمار دەكرێت لە كاتی وتن و دەربرینیدا.
هەرچەندە پیتی(م) یەكێكە لە پیتەكانی لێو، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا (ل) و (م) نزیكایەتییێك هەیە لە نێوانیاندا لە شێوەی وتن و دەرچووندا.

- پیتی(ن) لە بەشێكی لای زمان دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی(ن) كەمێك دەكەوێتە ژێر شوێنی دەرچوونی پیتی(ل) (دەرچوونی (ن) هەندێك نزیكە لە دەرچوونی (ل) . پیتی(ن) بەرامبەر بە پیتی(ق) یان پیتی(ك) بە لەیەكتر دوور سەیر دەكرێن، (جیاوازی هەیە لە نێوان شێوەو دەربڕینی (ن) لەگەڵ (ق) و (ك)دا.
پیتی(ن) بەرامبەر بەو پیتانەی كە شوێنی دەرچوونیان دەكەوێتە ناوەڕاستی زمان و بەرامبەر پیتی(ض) و (ل) لەگەڵ ئەو پیتانەی كە لە بەشێكی لای زمان دەردەچن، بە نزیك ئەژمار دەكرێت، (ن) لەگەڵ پیتە ناوەڕاستەكانی زمان و پیتی(ض) و (ل) پیتەكانی بەشێكی زمان (طرف اللسان) لە یەكتر نزیكن)

- پیتی(ر) لە بەشێکی زمان (طرف اللسان) دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی(ر) نزیکە لە شوێنی دەرچوونی پیتی(ن) ، لەکاتی دەربڕینی پیتی(ر) شێوەی دەربڕینەکە زیاتر بەرەو لای سەرووی زمان دەچێت.

پیتی(ن) بەرامبەر بە پیتی(ق) و پیتی(ك) لە یەکتر دوورن، بەڵام بەرامبەر بە پیتەکانی دەرچوو لە ناوەڕاستی زمان وەهەروها پیتی(ض) و (ل) و (ن) وپیتەکانی تری دەرچوو لە بەشێکی زمان (طرف اللسان) بە نزیك ئەژماردەکرێت، (پیتی(ر) نزیکە لە پیتەکانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض) و (ل) و (ن).

- هەر یەك لەپیتەکانی (ط) و (د) و (ت) دەرچوونیان دەکەوێتە بەشێکی زمان (طرف اللسان) بە شێویەك شوێنی دەرچوونەکەیان زیاتر بۆ بەشی لای سەرەوەی ددانەکان نزیك دەبێتەوە.

هەر یەك لەم سێ پیتە (ط) و (د) و (ت) بەرامبەر بە یەکتر بە یەك ڕەگەزو لێك نزیك سەیر دەکرێن.

پیتەکانی (ط) و (د) و (ت) لەگەڵ (ق) و (ك) لەیەکتر دوورن. پیتی(ط) و (د) و (ت) لەگەڵ پیتەکانی ناوەڕاستی زمان و ئەم پیتانەی بە لایەکی زمان دەردەبڕدرێن پیتی(ض) و (ل) و (ن) و (ر) وپیتەکانی دەرچووی بەشێکی زمان بە نزیك لە یەکتر ئەژمار دەکرێن.

- پیتەکانی (ص ، ز ، س) دەرچوونیان دەکەوێتە بەشێکی زمان (طرف اللسان)و سەروی ددانەکانی خواروو.

هەر یەك لە پیتی(ص) و (ز) و (س) لەگەڵ یەکتردا یەك ڕەگەزو نزیکایەتیان هەیە.

ئەم سێ پیتە (ص ، ز ، س) دوری و جیاوازیان هەیە لەگەڵ پیتەکانی (ق) و (ك) دا.

ئەم سێ پیتە (ص ، ز ، س) نزیکی و هاوشێوەییان هەیە لەگەڵ پیتەکانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض ، ل ، ن ، ر ، ط ، د ، ت) و ئەو پیتانەی تری دەکەوێتەی لای بەشێکی زمان.

- **پیتەكانی** (ظ ، ذ ، ث) **دەرچوونیان بە بەشێكی زمانە** (طرف **اللسان) كە دەكەوێتە لای ددانەكانی سەروو.**
ئەم سێ پیتە (ظ) و (ذ) و (ث) **لێك چوون و لێك نزیكیان هەیە لەگەڵ یەكتر.**
هەر یەك لەم پیتانە (ظ) و (ذ) و (ث) **بەرامبەر بە پیتی(ق) و (ك) دوری و جیاوازیان هەیە.**
ئەم سێ پیتە (ظ ، ذ ، ث) **لەگەڵ پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و پیتی**(ض ، ل ، ن ، ر ، ط ، د ، ت ، ص ، ز ، س) **نزیكی هەیە.**

- **پیتی(ف) لە نێوان بەشی ناوەوەی لێوی خوارەوەو بڕبڕەكانی سەرەوە دەردەچێت، پیتی(ف) بەرامبەر بە هەر پیتێك لە پیتەكانی گەرو یان هەر پیتێك لە پیتەكانی زمان لە یەكتر دوورن و جیاوازن، جگە لە پیتی(ن) نەبێت نزیكایەتییێكی هەیە لەگەڵ پیتی(ف)، پیتی(ف) لەگەڵ (و ، ب ، م) لە یەكتر نزیكن.**

- **پیتی(و ، ب ، م) بە لێوەكان دەردەبردرێت، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەكتر یەك ڕەگەزن. ئەم سێ پیتە (و) و (ب) و (م) بەرامبەر بە پیتەكانی گەرو (حلق) وپیتەكانی زمان بە لەیەكتر دوورو جیاواز ئەژماردەكرێن.**
پیتی(و ، ب ، م) و پیتی(ف) بە نزیك لەیەكتر سەیر دەكرێن.
پیتی(م) لەگەڵ (ن) هاوڕەگەزن لە سیفەتدا.
پیتی(و) لەگەڵ (ن) یش بەهەمان شێوە لەیەكتر نزیكن لە سیفەتدا.
پیتی(و) و (ی) یەك ڕەگەزن و لەیەك چوونیان هەیە لە دەربریندا.

♦ زاناكان ده‌فه‌رموون:

ئه‌وانه‌ی له‌ ڕابردوو باس كران بۆ ئه‌و پیتانه‌ بوون كه‌ شوێنی ده‌رچوونیان دیار بوو، وشێوه‌ی ده‌ربڕینان زاندراوبوو.

ئه‌و پیتانه‌ی كه‌ شوێنی ده‌رچوونیان به‌ ته‌خمین دیاری كراوه‌، بریتین له‌ سیٚ پیتی مه‌د (درێژكردنه‌وه‌) ئه‌م سیٚ پیته‌ مه‌ده‌ شێوه‌ی گه‌یشتنیان به‌ پیته‌كان نادیاره‌و باس ناكرێت.

ئه‌گه‌ر پیتی مه‌د گه‌یشتن به‌ پیتێك له‌ پیته‌كانی زمانی عه‌ڕه‌بی نزیك بوونه‌وه‌یان بۆ نیه‌، یه‌ك ڕه‌گزنین له‌گه‌ڵ یه‌كتر، لێك دوركه‌وتنه‌وه‌شیان به‌یه‌كه‌وه‌ نیه‌، چونكه‌ پیته‌كانی مه‌د شوێنی ده‌ربڕین و ده‌رچونیان نیه‌ وه‌ك پیته‌كانی تر، به‌ڵكو ئه‌م پیته‌ مه‌دانه‌ ته‌نها به‌ هه‌وای ده‌م و گه‌رو دروست ده‌بێت.
به‌ڵیٚ پیته‌ مه‌ده‌كان باس ده‌كرێن له‌گه‌ڵ هه‌ندێك له‌ پیته‌ عه‌ڕه‌بییه‌كان كه‌ ڕه‌گه‌زایه‌تییێك و هاوشێوه‌یێك هه‌یه‌ له‌ نێوانیاندا، به‌ڵام نه‌ك له‌ ده‌ربڕین و شوێنی ده‌رچوون .

ئه‌و پیتانه‌ی هاوشێوه‌ییان هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ پیته‌ مه‌ده‌كان، وه‌ك: پیتی(و)ی جوڵه‌دار، له‌گه‌ڵ پیتی(ئه‌لیف) هه‌روه‌ك له‌ ووشه‌ی(والٍ)
پیتی(و) له‌گه‌ڵ پیتی(ئه‌لیف) یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌ سیفه‌تدا ده‌ربڕیندا.
پیتی(ی)ی جوڵه‌دار له‌گه‌ڵ پیتی(ئه‌لیف) وه‌ك: (الصِّيَامُ) هه‌ردو پیتی(ی ، ا) یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌ سیفه‌تدا ده‌ربڕێندا.
پیتی(و)ی جوڵه‌دار له‌گه‌ڵ (و)ی زه‌نه‌دار به‌ هاوشێوه‌ داده‌ندرێن، وه‌ك: (وُورِيَ) هه‌ردوو پیتی(و) له‌ یه‌ك ڕه‌گه‌زدان چوونكه‌ هاوسیفه‌تی یه‌كترن.
پیتی(ی)ی جوڵه‌دار له‌گه‌ڵ پیتی(و)ی زه‌نه‌دار، وه‌ك: (يُوقِنُونَ) هه‌ردوو پیتی(ی) و (و) یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌ سیفه‌تدا.

تێبینی:

پیتەكانی (ت) و (ك) یەكسانن لەهەمووو سیفەتێكدا.

پیتەكانی (ح) و (ث) و (ه) یەكسانن لەهەمووو سیفەتێكدا.

پیتەكانی (ج) و (د) یەكسانن لەهەمووو سیفەتێكدا.

پیتەكانی (م) و (ن) یەكسانن لەهەمووو سیفەتێكدا.

پیتەكانی (و) و (ی) ی جوڵەدار لەگەڵ هەرسێ پیتی درێژكراوەكان (پیتە مەدەكان) یەكسانن لەهەمووو سیفەتێكدا.

پیتە نەرمەكان (اللین) وەك (و) و (ی) یەكسانن لەهەموو سیفەتێكدا.

بەپێی قسەكانی ڕابردو دەتوانین بڵێین ئەو پیتانەی یەكسانن لە هەموو سیفەتێكدا یەك ڕەگەزیشن .



پەیوەندی نێوان پیتەکان

- **پیتە هاووێنەکان (متماثلین) بریتین**

لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان و ناوو ڕێنووسیان یەکسانە، وەك: (ن) لەگەڵ (ن).

- **پیتە لێك نزیکەکان (متقاربین) بریتین**

لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان لە یەکتر نزیکە، وەك: (ن) لەگەڵ (ل) یان تەنها شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر نزیکەو سیفەتیان جیاوازە، وەك: (ج) لەگەڵ (ض) یان تەنها سیفەتیان لەیەکتر نزیکەو شوێنی دەرچوونیان جیاوازە، وەك: (غ) لەگەڵ (ظ)

- **پیتە یەك ڕەگەزەکان (متجانسین) بریتین**

لەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان یەکسانەو سیفەتیان لەیەکتر جیاوازە ، وەك: (ذ) لەگەڵ (ظ) یان شوێنی دەرچوونیان لە یەکتر جیاوازەو سیفەتیان یەکسانە ، وەك: (ت) لەگەڵ (ك)

چۆنیه‌تی
دۆزینه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی نێوان دوو پیت له‌گه‌ڵ یه‌كتر

هه‌ركاتێك ویستمان په‌یوه‌ندی نێوان دوو پیت له‌گه‌ڵ یه‌كتر بزانین، پێویسته سه‌ره‌تا سه‌یری شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیان بكه‌ین، ئه‌گه‌ر هاتوو هاووێنه بوون (متماثل) **وه‌ك پیته‌كانی** (ق) **له‌گه‌ڵ** (ق) ﴿ٱلۡغَرَقُ قَالَ﴾ **بڕیار له‌سه‌ر ئه‌و جۆره پیتانه ده‌ده‌ین به هاووێنه بوون، به‌لام ئه‌گه‌ر هاووێنه‌ی یه‌كتر نه‌بوون له شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیاندا، له‌و كاته‌دا سه‌یری شوێنی ده‌رچوونی پیته‌كان ده‌كه‌ین له ڕووی هاوشێوه‌ییان، ئه‌گه‌ر هه‌ردوو پیته‌كه هاوشێوه‌بوون له شوێنی ده‌رچوونیان ، ئه‌وه بڕیار ده‌ده‌ین له‌سه‌ر ئه‌م دوو پیته كه یه‌ك ڕه‌گه‌زن له ڕووی ده‌رچوونیان، وه‌ك پیته‌كانی** (ع) **له‌گه‌ڵ** (ح) ﴿ٱلدَّمۡعِ حَزَنًا﴾**، ئه‌گه‌ر شوێنی ده‌رچوونی پیته‌كان یه‌كسان نه‌بوون، سه‌یری سیفه‌تیان ده‌كرێت، ئه‌گه‌ر هاوشێوه‌ی یه‌كتر بوون، به شێوه‌یه‌ك كه نه له‌یه‌كتر كه‌متربوون نه له‌یه‌كتر زیاتر بوون له سیفه‌تیان ، بڕیاری هاوڕه‌گه‌زی بوونیان له‌سه‌ر ده‌درێت له سیفه‌ت دا، هه‌ر وه‌ك پیته‌كانی (ح ، ث ، ه) كۆدبێته‌وه له ووشه‌ی (** حثه) **ئه‌م پیتانه به هاوشێوه‌ی یه‌كتر ناوده‌بردرێن .**

نمونه‌كانیان به‌م شێوه‌یه: (يَبۡحَثُ ، يُبۡعَثُ حَيًّا ، فَأَصۡبَحَ هَشِيمًا ، ٱللَّهَ حَقَّ ، بَعَثۡهُۥ ، ٱللَّهِ ثُمَّ)**، له نێوان پیتی**(م) **و** (ن) **هاوڕه‌گه‌ز هه‌یه** ﴿يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ﴾ **، له نێوان پیتی**(ت) **و** (ك) **هاوڕه‌گه‌ز هه‌یه** ﴿وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ﴾ **،له نێوان پیتی**(ج) **و** (د) **هاوڕه‌گه‌ز هه‌یه** ﴿وَلَقَدۡ جَآءَكَ﴾ **،له نێوان پیتی**(و) **و** (ی) **هاوڕه‌گه‌ز هه‌یه** ﴿أَوۡ يَعۡفُوَاْ﴾ **،له نێوان پیته‌كانی (أ ، و ، ی) كه به پیتی نه‌رم** (لین) **ناوده‌بردرێن، له‌گه‌ڵ پیته درێژكراوه‌كان (حروف المد) هاوشێوه‌یی هه‌یه** ﴿وَالٍ﴾ **،جگه له‌م پیتانه‌ی باس كران هاوڕه‌گه‌زی نیه نه له شوێنی ده‌رچوون و نه له سیفه‌ت دا، له ڕابردوش باسمان كرد.**

ئه‌گه‌ر یه‌كسان نه‌بوون له سیفه‌تدا ئه‌وا سه‌یری له یه‌كتر نزیك بوونیان ده‌كرێت له ڕووی شوێنی ده‌رچوونیان و سیفه‌تیان.

ئەگەر یەكسانی هەبوو لە نێوان پیتەكان لە ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان، وەك:-
نێوان پیتەكانی (ل) و (ر) ﴿قُل رَّبِّ﴾،
نێوان پیتەكانی (ذ) و (ز) ﴿وَإِذۡ زَيَّنَ﴾،
نێوان پیتەكانی (ق) و (ك) ﴿نَخۡلُقكُّم﴾،

بڕیار دەدرێت لەسەر ئەم پیتانەی باس كران ، بە نزێك بوون لە شوێنی دەرچوون و سیفەت دا.

ئەگەر بەم شێوەیە نەبوون لە نێوان پیتەكان لە ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەت دا، تەنها سەیری شوێنی دەرچوونیان دەكرێت، ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو لە نێوان شوێنی دەرچوونیان، بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها لە ڕووی دەرچوونیان، وەك: پیتی(د) و (ص) ﴿وَلَقَدۡ صَدَقَكُمُ﴾**،ئەگەر لە یەكترنزیك نەبوون لە ڕووی شوێنی دەرچوون، تەنها سەیری سیفەتیان دەكرێت.**

ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو لە نێوان سیفەتیان، بە شێوەیەك جیاوازیان تەنها لە یەك یان دوو سیفەت هەبێت و زیاتر نەبێت ،بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها لە ڕووی سیفەت وەك: پیتی(و) و (ن) ﴿أَوۡ نَصَرَىٰ﴾**، پیتی(س) و (ح)** ﴿لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ﴾**، پیتی(ء) و (د)** ﴿أَدۡنَىٰ﴾**، پەیوەندی نزیكایەتی لە نێوان پیتەكاندا زۆرە، هەر دوو پیتێك تێكهەڵكێشیان هەبێت لەگەڵ یەكتر، لە هەر خوێندنەوەو گێڕانەوەیەك بێت و هاووێنەیی یان یەك ڕەگەزی لە نێوانیان نەبێت، بە لە یەكتر نزیك هەژمار دەكرێن، بەڵام ئەگەر هیچ شتێك لەوانەی ڕابردو باس كران لە نێوان پیتەكاندا نەبێت، ئەوە بە لە یەكتر دوورو جیاواز ئەژمار دەكرێن.**

كه‌واته: ریزبه‌ندی په‌یوه‌ندی نێوان پیته‌كان ریزبه‌ندییێكی دابه‌زینه، واتا كامه‌ی له‌پێشتره ئه‌و باس ده‌كرێت ئه‌وانی تر له‌دوای ئه‌وه‌وه دێن، به‌م شێوه‌ی خواره‌وه[1]:

1- هاووێنه له شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تدا.

2- یه‌ك ڕه‌گه‌زن له شوێنی ده‌رچوون.

3- یه‌ك ڕه‌گه‌زن له سیفه‌تدا.

4- نزیكی له شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تدا.

5- نزیكی له شێوه‌دا.

6- له‌یه‌كتر دووری.

---

[1] زانای خه‌لیجی پیته‌كانی زمانی عه‌ره‌بی دابه‌ش گردووه بۆ سه‌ر پێنج به‌شی سه‌ره‌كی سه‌باره‌ت به تێكهه‌ڵكێش كردن و تێكهه‌ڵنه‌كێشكردن: **یه‌كه‌م:** نه تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت و نه تێكهه‌ڵكێشانی بۆ ده‌كرێت، ئه‌وانه‌ش سێ پیتن: (ء ، ا ، خ). **دووه‌م:** تێكهه‌ڵكێش ناكرێت، به‌ڵام تێكهه‌ڵكێشانی بۆ ده‌كرێت. ئه‌وانه‌ش چوار پیتن: (ط ، ظ ، ص ، ز).
ناگوترێت پیتی(ط) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له‌گه‌ڵ پیتی(ت) له (أَحَطتُ ، بَسَطتَ) به تێكهه‌ڵكێشێكی ناته‌واو، به‌هۆی مانه‌وه‌ی سیفه‌تی ئیطباق، چونكه مه‌به‌ست به تێكهه‌ڵكێشێكی ته‌واو(الادغام الكامل) به لابردنی پیت و سیفه‌تی، وه‌ك (الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ) له لای سوسی. **سێیه‌م:** تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت ته‌نها به هاووێنه‌ی خۆی، ئه‌وه‌ش شه‌ش پیته: (ع ، غ ، ف ، هـ ، و ، ی). **چواره‌م:** تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت ته‌نها له ڕه‌گه‌زی خۆی و پیتی نزیك له خۆی، ئه‌وه‌ش پێنج پیته: (ج ، د ، ذ ، س ، ض). **پێنجه‌م:** تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت به هاووێنه‌و هاوڕه‌گه‌زی خۆی و یه‌ك ڕه‌گه‌زی خۆی و پیتی نزیك له خۆی، ئه‌وه‌ش یازده پیته: (ب ، ت ، ث ، ح ، ر ، س ، ق ، ك ، ل ، م ، ن).
سه‌یركه: موحه‌مه‌ده‌ی خه‌لیجی، له په‌رتووكی (حل المشكلات وتوضيح التحريرات في القراءات)، لێكۆڵینه‌وه‌ی، عومه‌ری كوری عه‌بدولقادر، (ریاض، دار أضواء السلف، د.ت) لاپه‌ره23. (به‌ده‌ست كارییه‌وه) خه‌لیجی هونراوه‌یه‌كی هه‌یه له‌م به‌شه‌وه، باسمان نه‌كردووه له‌به‌ر درێژبوونه‌وه.

تێكهه‌ڵكێشانی بچووك

تێكهه‌ڵكێشانی بچووك: بریتیه له تێكهه‌ڵكێشانی پیتێكی زه‌نه‌دار به پیتێكی جوڵه‌دار، به شێوه‌یه‌ك به هۆی ئه‌و تێكهه‌ڵێشانه هه‌ردوو پیت ده‌كرێن به یه‌ك پیتی شه‌ده‌دار له یه‌ك ڕه‌گه‌ز له‌گه‌ڵ پیتی دووه‌م.

هۆی ناونانی به بچووك:

ناوی نراوه به تێكهه‌ڵكێشانی بچووك، چونكه له كاتیٚ تێكهه‌ڵكێشاندا ته‌نها پێویستی به یه‌ك هه‌نگاوی بچوكه، ئه‌ویش بریتیه له تێكهه‌ڵكێشانی پیتی یه‌كه‌م به پیتی دووه‌م.

مه‌زهه‌بی ئیبن كه‌ثیر له‌سه‌ر تێكهه‌ڵكێشانی بچووك

1- ئیبن كه‌ثیر پیتی(ث) دیارده‌خات له ئایه‌تی 176ی سوره‌تی ئه‌عراف: ﴿ يَلْهَثْ ذَّٰلِكَ ﴾ به‌م شێوه‌یه: ﴿ يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ ﴾.

2- ئیبن كه‌ثیر پیتی(ن) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له‌گه‌ڵ پیتی(ر) له ئایه‌تی 27ی سوره‌تی قیامه‌ت: ﴿ وَقِيلَ مَنّْ رَاقٍ ﴾[1]. به‌م شێوه‌یه: ﴿وَقِيلَ مَن رَّاقٍ﴾.

3- ئیبن كه‌ثیر پیتی(ل) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له‌گه‌ڵ پیتی(ر) له ئایه‌تی 14ی سوه‌ڕتی موطففین: ﴿ كَلَّآۖ بَلّْ رَانَ ﴾ به‌م شێوه‌یه: ﴿كَلَّاۖ بَل رَّانَ﴾.

4- هه‌روه‌ها له ئایه‌تی 20ی سوره‌تی مورسه‌لات: (أَلَمْ نَخْلُقْكُمْ مِنْ مَاءٍ مَهِينٍ)، ئیبن كه‌ثیر دوو بۆچوونی هه‌یه: **یه‌كه‌م:** تێكهه‌ڵكێشانی ته‌واو.
دووه‌م: تێكهه‌ڵكێشانی ناته‌واو.

---

[1] قسه‌ی له‌سه‌ر كراوه له بابه‌تی ئه‌حكامی نونی ساكین و ته‌نوین.

5- ئیبن کەثیر پیتی(ب) ئاشکرادەکات لەکاتی گەیشتنی بە پیتی(م) لە ئایەتی 284ی سورەتی بەقەرە: ﴿ وَيُعَذِّبُ مَن ﴾[1]. بەم شێوەیە: ﴿وَيُعَذِّبْ مَن﴾، دەربارەی شێوەی تێکهەڵکێشانەکەی لە هونراوەی شاطبی وەرگیراوە (ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت) لە ڕێگای شاطبیەوە نەهاتووەو کاری پێ ناکرێت[2].

6- بەززی لە ئایەتی 42ی سورەتی هود: ﴿ ٱرْكَب مَّعَنَا ﴾ دوو شێوەی بەکارهێناوە:

- تێکهەڵکێشان واتە (ادغام).
- ئاشکراکردن واتە (اظهار).

بەم شێوەیە: (ٱرْكَب مَّعَنَا ؛ ٱرْكَبْ مَعَنَا)،

بەڵام قونبول تەنها تێکهەڵکێشانی کردووە (الادغام) بەم شێوەیە: ﴿ٱرْكَب مَّعَنَا﴾،

تێبینی:-

ئیبن کەثیر وازی لەو سەکتانە هێناوە کە پێویستن لە لای حەفص، بەڵام ڕەچاوی ئەوەی کردووە ئەوەی تێکهەلکێشانی بۆ گونجاو بووە ئەنجامی داوە، وەك: (بَل رَّانَ ، مَن رَّاقٍ) هەروەك باسمان کرد.

ئیبن کەثیر خوێندنەوەی وەك خۆی کردووە (الاظهار) لە وشەکانی دەستپێکی هەر یەك لە سورەتەکانی (یس) و (قەلەم).

[1] تێبینی لەسەر ئەویش پێشەوا ئیبن کەثیر خوێندنەوەی بۆ کردووە بە زەنەدار کردنی پیتی(ب).

[2] بەشێکی زۆر لە زانایان ئەمەیان براندۆتەوە، وەك شێخ عەلی صەفاقسی لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (غیث النفع) ، وشێخ موحەممەدی خەلیجی لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (حل المشكلات وتوضيح التحريرات في القراءات)، وشێخ ئیبراهیم ی سەمنودی لە پەرتوکەکەیدا بەناوی (جامع الخيرات في تجويد وتحرير أوجه القراءات) ، وشێخ عەبدوالفەتاح ی قازی لە پەرتوکەکەیدا بەناوی (الوافي لە شەرحی شاطبية لە قیرائاتی سەبع).

حوکمی بەیەك گەیشتنی دوو پیتی زەنەدار

ئەگەر دوو پیتی زەنەدار بەیەك گەیشتن لە دوو وشەدا، ئیبن کەثیر زەنەی وشەی یەکەم دەگۆڕێت بۆ ضـەممە، ئەگەر وشەی دووەم دەست پیێ کردنی بە هەمزەی وەصلی ضـەممەدار بوو.

هۆکاری ئەم گۆڕینە لە زەنەوە بۆ ضـەممە، بۆ ئەوەیە تاوەکو توشی گواستنەوەی نا پەسند نەبێت لە کەسرەوە بۆ ضـەممە، وچونکە جوڵەدارکردنی زەنەی وشەی یەکەم بە ضـەممە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی جوڵەی هەمزەکە نەوەستان (وەصل)ی بۆ کرا لە کاتی دەست پێکردنی لە سەرەتای وشەی دووەم ضـەممەدار بووە ، وەك: ﴿ وَلَقَدُ ٱسْتُهْزِئَ ﴾ ، ﴿ خَبِيثَةٍ ۢ ٱجْتُثَّتْ ﴾ ، ﴿ أَنُ ٱقْتُلُوٓاْ ﴾، ﴿ بِرَحْمَةٍۢ ٱدْخُلُواْ ﴾ ، ﴿ أَوُ ٱنقُصْ ﴾.

قورئانخوێن دەبێت ئاگاداربێت، لە کاتی دەستپێکردن بە ووشەی دووەم کە پیتی یەکەمی هەمزەی وەصلە، نابێت لەو کاتەدا هەمزەکە ضـەمەداربکریێ، وەك: (بِغُلَٰمٍ ٱسْمُهُۥ ، قُلِ ٱلرُّوحُ ، أَنِ ٱمْشُواْ)،

باسی حەوت ئەلیفەکان

بە شێوەیەکی گشتی پێشەوا ئیبن کەثیر هاوڕایە لەگەڵ حەفص لە بابەتی حەوت ئەلیفەکان، تەنها لە مانەی خوارەوە نەبێت:

1- وشەی ﴿سَلَٰسِلَاْ﴾ **لە ئایەتی 4ی سورەتی ئینسان:** ﴿إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلَا وَسَعِيرًا﴾ **هەردوو ڕاویەکەی ئیبن کەثیر بەززی و قونبول ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر حوکمی وشەی** ﴿سَلَٰسِلَ﴾، **بەم شێوەی خوارەوە:**

بەززی: لە کاتی نەوەستاندا پیتی(ل) لە وشەی ﴿سَلَٰسِلَ﴾، **فەتحەدار دەکات ، بەڵام لە کاتی وەستاندا، وەك حەفص دەخوێنێتەوە، خوێندنەوەکەشی یان بە بوونی ئەلیف وەك:** ﴿سَلَٰسِلَا﴾ **یان بە زەنەدارکردنی پیتی(ل) وەك:** ﴿سَلَٰسِلۡ﴾.

قونبول: ئەلیف لادەبات لە هەردوو باری وەستان و نەوەستاندا، بەم شێوەیە: ﴿سَلَٰسِلَ﴾.

2- وشەی ﴿ قَوَارِيرَاْ ﴾ **لە دوو شوێندا:**

شوێنی یەکەم: ئایەتی 15ی سورەتی ئینسان: ﴿ وَأَكۡوَابٖ كَانَتۡ قَوَارِيرَاْ ﴾،
ئیبن کەثیر وشەی ﴿قَوَارِيرَا ﴾**ی بە تەنوینی فەتح خوێندنەوە، بەم شێوەیە:** ﴿قَوَارِيرًا ﴾، **وەستانی لەسەر دەکات بە ئەلیفێکی قەرەبووکردنەوە(عوض).**

شوێنی دووەم: ئایەتی 16ی سورەتی ئینسان: ﴿ قَوَارِيرَاْ مِن فِضَّةٖ ﴾، **لێرەدا ئیبن کەثیر وشەی** ﴿قَوَارِيرَا ﴾، **وەکو حەفص دەخوێنێتەوە، بە لابردنی ئەلیف لە باری وەستان و نەوەستاندا.**

تێبینی:

ئیبن كه‌ثیر پیتی(د) ی له‌ وشه‌ی ﴿ ثَمُودَاْ ﴾، **به‌ ته‌نوین خوێندوٚته‌وه‌، به‌م شێوه‌یه:** ﴿ثَمُودَاْ﴾ ، **وله‌ چوار شوێندا له‌كاتی وه‌ستان ده‌یكات به‌ ئه‌لیف:**

أ- ﴿ أَلَآ إِنَّ ثَمُودَا۟ كَفَرُوا۟ رَبَّهُمۡۗ ﴾ **ئایه‌تی 68ی سوره‌تی هود.**

ب- ﴿ وَعَادًا وَثَمُودَا۟ وَأَصۡحَٰبَ ٱلرَّسِّ ﴾ **ئایه‌تی 38ی سوره‌تی فورقان.**

ت- ﴿ وَعَادًا وَثَمُودَا۟ وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم ﴾ **ئایه‌تی 38ی سوره‌تی عه‌نكه‌بوت.**

ث- ﴿ وَثَمُودَا۟ فَمَآ أَبۡقَىٰ ﴾ **ئایه‌تی 51ی سوره‌تی نه‌جم.**



بابهتی فهتح و ئیماله

مهبهست له لارکردنهوه(ئیماله): خوێندنهوه له نێوان دوو جوڵه یان خوێندنهوه له نێوان دوو پیت دا، بۆنمونه خوێندنهوهی فهتحه بهلای کهسره یان خوێندنهوهی ئهلیف بهلای پیتی(ی) به شێوهیهك له بنچینهدا فهتحهداره بهڵام بهلایهنی کهسرهدا دهخوێندرێتهوه.

بهشێکی زۆر له هۆزهکانی عهرهب، لارکردنهوهیان ههیه له خوێندنهوهدا، وهك خوێندنهوهیان له نێوان فهتحهدار کردن و کهسرهدار کردن، ئهم جۆره خوێندنهوه شتێکی بهربڵاوه له لای خهڵکی نهجد، وهك: هۆزهکانی (بهنی تهمیم، بهنی ئهسهد، قهیس و ئهوانی تر).

ههندێك له هۆزهکانی عهرهب ئاخاوتنیان دهکهوێته سهر فهتحهدار کردنی وشه، وهك: خهڵکی حیجاز، له قورهیشیهکان و ههوازن و ثهقیف و کینانه.
مهبهست له وشهی کردنهوه (فهتح) ئهوهیه که خوێنهر دهمی خۆی بکاتهوه له کاتی دهربڕینی پیتهکه.

لارکردنهوه له زمانی عهرهبی: واته لارکردن و خوارکردنهوه، یان لادان له شتێك و ڕووکردنه شتێکی تر.

لارکردنهوه لای زانایان: بریتیه له لادان له فهتحهوه بهرهو کهسره، وله ئهلیفهوه بۆ پیتی(ی)

لاركردنەوە: دەكرێت بە دوو بەش[1]:

✓ **لاركردنەوەی گەورە** (إمالة كبرى):

بریتیە لە خوێندنەوەی ئەلیف لە نێوان دوو پیتەكانی ئەلیف و یاء دا، وپێشی دەگوترێت (–ئیضجاع - زێدە ڕەوی لە لاركردنەوە بە خوێندنەوەیەك نیوە بەنیوە) هەر ئەوەش مەبەستە ئەگەر تەنها وشەی (ئیمالە) بە كار هات (لە كاتی بە كار هێنانی زاراوەی ئیمالە بە تەنها، ئیمالەی گەورە دەگرێتەوە).

✓ **لاركردنەوەی بچووك** (إمالة صغرى):

بریتیە لە دەربڕینی پیت لە نێوان كردنەوە (فتح) و ئیمالە. واتە لە نێوان كردنەوەو ئیمالە دایە، هەروها لاركردنەوەی فەتحەدار بەرەو كەسرە، ودەتوانین بلێین دەرچوونە لە فەتحەداری بەرەو كەسرە ، لەگەڵ هێشتنەوەی دەم لە شێوە ئاساییەكی خۆی، واتا بێ لادانێكی تەواو لە فەتحەوە بۆ كەسرە، وەپێشی

---

[1] هۆكاری ئیمالە هەشتن:

1/ بوونی كەسرە لە پێش وشە یان لە دوای وشە، وەك هەر یەك لە وشەكانی: (الناس ، النار ، الربا ، كلاهما ، مشكاة)

2/ كەسرەیەكی پەیداكراو لە هەندێك كات دا وەك: (طاب ، جاء ، شاء ، زاد) چونكە لەم وشانەدا پیتی(ف) كەسرەدار دەكرێت لە كاتی لكاندن بە راناوی رەفعەدار (مەرفوع).

3/ بوونی پیتی(ی) لە وشەدا، وەك: (لا ضير) سوك خوێندنەوە لەم وشەدا بە ئیمالە دادەندریت (لاركردنەوە) –

4/ یان وەرگێڕان و قەلب كردن، وەك: (رمى)

5/ یان لێكچوون بە وەرگەڕان، وەك: ئەو پیتە ئەلیفەی بۆ مێ بە كاردێت.

6/ یان پێچونێك بە پێچواندنی گۆرینی پیتی(ی) بێت، وەك: موسى ، عیسى.

7/ یان ئەوەی دەبێتە نزیك لە ئیمالە (لاركردنەوە) ناودەبردرێت (ئیمالە) لە پێناو (ئیمالە) (لاركردنەوە) وەك وشەی: (تراءى) مەبەست پێی پیتی ئەلیفی یەكەمە، وبەهەمان شێوە پیتی(ن) لە وشەكانی: (نأى ، وراء ، رأى).

8/ یان پیتی ئەلیف لەسەر شێوەی (ی) نوسرابێت، هەرچەندە لە بنچینەدا پیتی(و) وەك: (ضحى) ئەوانەی باس كران هەموویان دەگەڕێنەوە سەر دوو شت: (كەسرە) و (ی)

سەیركە: عەلی كوڕی موحەممەد ضەباع، الاضاءة في بيان أصول القراءة، (قاهیرە، نوسینگەی ئەزهەریە بۆ كەلتور ، ساڵی 1420ی كۆچی ، لاپەرە29.

دەگوترێت: کەم بوون (التقليل)، یان لە لارکردنەوەی (بچوك) ، واتا خوێندنەوە لە نێوان ئەلیف و ئیمالەی گەورە واتا خوێندنەوەی تەواو لە نێوان دوو پیت دا.

زمان بەرزدەبێتەوە بە کردنەوەی دەم ولار دەبێت بە (ئیمالە)[1] ، خوێندنەوە بە لارکردنەوە سووك ترە لەسەر زمان لە بەرزکردنەوە، هەر بۆیە لارکردنەوە دەکەن، ئەوەی کردنەوە دەکات بۆچوونی وایە کە کردنەوە پەسندەو ئەو بنچینەیە.


ئەو فەرموودەی[2]. پێشەوا ئیبن جەزەری (رەزای خوای لەسەر بێت) باسی دەکات لە پەرتووکەکەی خۆی بەناوی (النشر) پالپشتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ عەبدوڵلەی کوڕی مەسعود (ﷺ) کاتێك پیاوێك سوڕەتی (طه)ی لە لا دەخوێندو کەسرەداری نەکرد (واتا لارکردنەوەی نەکرد) بۆ پیتە پچراوەکانی سەرەتای سوڕەتەکە، ئیبن مەسعود (ﷺ) خوێندیەوە ﴿طه﴾، واتا لارکردنەوەی ئەنجام دا سێ کەڕەت، پاشان سوێندی خواردو فەرمووی بەم شێوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمەی فێر کردووە.

زانایانی زمانەوانی ڕاوبۆچونی جیاوازیان هەیە لەسەر (فتح) کردنەوە (ئیمالە)و لارکردنەوە ، ئایە کامەیان بنچینەیە ؟ بۆچوونی بە هێز ئەوەیە کە (فتح) کردنەوە ڕاسترە لە (ئیمالە) چونکە ئیمالە پێویستی بە هۆکارێکە بە پێچەوانەی کردنەوە پێویستی بە هۆکار نیە، (ئیمالە) لارکردنەوە لقێکە لە کردنەوە، ئیبن القاصح لە شەرحەکەی لەسەر کتێبی (حرز الامانی) دەفەرموێت: ئەوەی لارکردنەوەی بۆ دەکرێت ، کردنەوەشی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەی کردنەوەی بۆ دەکرێت مەرج نیە لارکردنەوەی بۆ بکرێت.

---

[1] **لە کاتی ئیمالە کردن بە ئەلیفی (طغى) زمان بەرز دەبێتەوە، بەلام کەمێك لاردەبێت کە بە فەتح بخوێندرێتەوە لە لای حەفص و هاوڕاکانی.**

[2] **فەرموودەیەکی غەریبە.**



مه‌به‌ست له لاركردنه‌وه یان كه‌م كردنه‌وه: ڕاگه‌یاندنه تا بزاندرێت بنچینه‌ی ئه‌لیف پیتی(ی)یه، یان ئاگاداركردنه‌وه‌یه له‌سه‌ر وه‌رگه‌ڕانی بۆ پیتی(ی) له شوێنێكی دیاریكراودا، یان دیاری كردنی هاوشێوه‌یه له‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌سره‌ی كه نزیكیه‌تی.

ئیبن كه‌ثیر هیچ وشه‌یه‌كی له قورئانی ثیرۆز به ئیماله‌و ته‌قلیل نه‌خوێندۆته‌وه، ته‌نانه‌ت ووشه‌ی ﴿ مَجْرِىٰهَا ﴾ی له ئایه‌تی 41ی سوڕه‌تی هودیش به ئیماله نه‌خوێندۆته‌وه به‌ڵكو به ﴿مُجْرَىٰهَا﴾. ی خوێندۆته‌وه.

بابەتی شێوازی نووسین

❖ یەكەم:

پیتی(ت)ی بۆ (میٚ) كراوه (المبسوطة).

لای ئیبن كەثیر (ـت)ی (میٚ)ی كراوه لەكاتی وەستان لە سەری بە پیتی(ه) دەخوێندرێتەوه.

ئەو جۆره تائه بەم شێوەی باسكران لە 13 وشەدا هاتووه، دابەش دەبێت بۆ سەر 41 شوێن بەم شێوەی خوارەوە[1]:

(فِطْرَتَ ، سُنَّتُ ، ٱمْرَأَتُ ، لَّعْنَتَ ، رَحْمَتَ ، نِعْمَتَ ، بَقِيَّتُ ، وَمَعْصِيَتِ ، كَلِمَتُ ، قُرَّتُ ، شَجَرَتَ ، وَجَنَّتُ ، ٱبْنَتَ)

تێبینی:-

ئەو ووشانەی خوارەوەش هەمان حوكمی (ت)ی كراوەی میٚ یان هەیە:

- ئایەتی 270ی سورەتی بەقەرە: ﴿ مَرْضَاتِ ﴾[2].
- ئایەتی 60ی سورەتی نەمل: ﴿ ذَاتَ بَهْجَةٍ ﴾[3].
- ئایەتی 19ی سورەتی نەجم: ﴿ ٱللَّٰتَ ﴾
- ئایەتی 3ی سورەتی ص: ﴿ وَّلَاتَ حِينَ ﴾

---

[1] بۆ سود بینین لەم بابەتە، سەیری پاشكۆی ژمارە 2 بكە لە كۆتایی ئەم بەشەدا.

[2] لە ئایەتی207 تا 265 لە سورەتی بەقەرە، وئایەتی 114ی سورەتی نیساء، وئایەتی 1ی سورەتی تەحریم، وەستان لەسەری بە خوێندنەوەی پیتی(ت) ئەوە شێوەزارێكە لە ناو عەرەبەكاندا، دەڵێن (هذا طلحت بالتاء) بەڵام ئەوانی تر كە لەسەری دەوستن بەم شێوە دەوەستن لە كاتی خوێندنەوەی (مرضاه) پیتی(ت) دەكەنە پیتی(ه) لە كاتی وەستان دا ، بەڵگەیان ئەوەیە دەیانەوێت جیاكاری بكەن لە نێوان پیتی(ت)ی لكاو بە ناوێك لەگەڵ پیتی(ت)ی لكاو بە فیعل (كار) (قامت و ذهبت (القماش) لە تەفسیری ئایەتی207ی سورەتی بەقەرە، بە دەست كاریەكی كەم ، (وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ)

[3] گە لەم شوێنە هاتووە وەك: (ذات لهب) ئیبن كەثیر وەستانی لەسەر دەكات بە پیتی(ت) دەیخوێنێتەوە.

ئیبن كەثیر لەم وشانەی ڕابردو بە پیتی(هـ) لەسەریان دەوستێت.

دەربارەی وشەی: ﴿ يَأَبَتِ ﴾.هەر كاتێك كە هات[1]. ئیبن كەثیر وستاوە لەسەر (ت)ی (مێ) كردویەتی بە پیتی(هـ)[2]. بەم شێوە: ﴿ يَأَبَتِ ﴾.

دەربارەی وشەی: ﴿ هَيْهَاتَ ﴾) كە بەیەكەوە دێن، لە ئایەتی 36ی سورەتی مؤمنون.

بەززی لە كاتی وەستان لە سەریان دەیكات بە پیتی(هـ) بەم شێوەیە: ﴿ هَيْهَاتَه﴾، بەڵام **قونبول** لە كاتی وەستاندا بە پیتی(ت) لەسەری دەوستێت نایكات بە پیتی(هـ) وەك حەفص.

مەلای قارئ لە شەرحەكەیدا لەسەر پێشەكی (الجزرية الالفاظ الستة)ی ڕابردوو هونراوەیەكی داناوە بەم شێوەیە:

واللات مع لات كذا مرضات ويا أبت وذات مع هيهات

[1] لە ئایەتی 4تا 110ی سورەتی یوسف، ئایەتی 42 تا 45ی سورەتی مەریەم، وئایەتی 26ی سورەتی قەصەص، وئایەتی 102ی سورەتی صافات.

[2] (یا أبت) بنچینەكەی (یا أبي)یە پیتی(ی) لابراوە، شوێنی پڕكراوتەوە بە پیتی(ت)ی مێ كەسەردارکراوە تا كەسرەكە ببێتە بەڵگە لەسەر (ی) یە لابراوەكە لە كاتی وەستان دەكرێت بە (ت). نوەیری لە شەرحی (طيبة النشر) بەرگی2 لاپەڕە63 دا دەفەرمووێت: زانراوە پیتی(هـ) لە (یا أبت) بۆ ئەوكەسانەی باس كراوە هەندێكیان گەڕاندویانەتەوە بۆ سەر پیتی(هـ) نەك لە وشەكەیە، بەڵكو نایەنوسن، بەڵگەی ئەو كەسانەی سەرپێچی دەكەن بە پیتی(هـ) دەیخوێننەوەبە قەرەبووی دادەنێن، لە پاشان نایكەنە پیتێكی سەروژێری (اعراب) (واتە بێ سەروژێر دەیخوێنێتەوە).

❖ دووهم:

پیتی(ما)[1] ی پرسیاری كه پیتی جهڕی له پێش دا هاتبێت

ئهوهش لهم پێنج وشهدا ههیه: (عَمَّ ، مِمَّ ، بِمَ ، فِيمَ ، لِمَ)

بهززی: دوو بۆچوونی لهم بارهیهوه ههیه بهم شێوهیه:

1- وهستان لهسهری بهبێ زهندار كردن، وهك – حهفص – ئهو جۆرهشیان پێش دهخرێت لهسهر ئهوانی تر.

2- وهستان لهسهری به پیتی(ه)ی زهنهدار، بهم شێوهیه: (عَمَّهْ ، مِمَّهْ ، بِمَهْ ، فِيمَهْ ، لِمَهْ).



(1) بۆ سود وهرگرتن، سهیری پاشكۆی ژماره 3بكه له كۆتایی ئهم بهشهدا.

ڕوونکردنەوەیان بەم شێوەیە:

- **وشەی** ﴿ عَمَّ ﴾ **تەنها لەیەك شوێندا هاتووە، لە ئایەتی1ی سوورەتی نەبەء:** ﴿ عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ ﴾.

- **وشەی** ﴿ مِمَّ ﴾ **تەنها لەیەك شوێندا هاتووە، لە ئایەتی5ی سوورەتی** طاریق: ﴿ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴾ .

- **وشەی** ﴿ بِمَ ﴾ **تەنها لە دوو شوێندا هاتووە:**

أ- لە ئایەتی 35ی سوورەتی نەمل: ﴿ فَنَاظِرَةُۢ بِمَ يَرۡجِعُ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴾

ب- لە ئایەتی 54ی سوورەتی حیجر:

﴿ قَالَ أَبَشَّرۡتُمُونِي عَلَىٰٓ أَن مَّسَّنِيَ ٱلۡكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ ﴾.

- **وشەی** ﴿ فِيمَ ﴾ **تەنها لە دوو شوێندا هاتووە:**

أ- لە ئایەتی 97ی سوورەتی نیساء: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمۡۖ ﴾[1].

ب- لە ئایەتی 43ی سوورەتی نازیعات: ﴿ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكۡرَىٰهَآ ﴾.

- **وشەی** ﴿ لِمَ ﴾ **لە زۆر شوێنان هاتووە:**

أ- لە ئایەتی 70ی سوورەتی ئالی عیمران: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَأَنتُمۡ تَشۡهَدُونَ ﴾.

ب- لە ئایەتی 111ی سوورەتی مائیدە: ﴿ قُلۡ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ ﴾.

ت- لە ئایەتی 2ی سوورەتی صەف: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ﴾.

---

[2] **ناشاردرێتەوە بەززی پیتی(ت) شەدەدار دەکات لە وشەی (تَوَفَّىٰهُمُ) دەبێتە (تَّوَفَّىٰهُمُ).**

ث- لە ئایەتی 5ی سورەتی صەف: ﴿ وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ لِمَ تُؤۡذُونَنِي وَقَد تَّعۡلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡۖ ﴾.

ج- لە ئایەتی 1ی سورەتی تەحریم: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ ﴾.



بابەتی یائی دانەپاڵ

یائی دانەپاڵ (ئیضافە):- **ئەو پیتە یائەیە عەرەبەكان بەكاری دێنن بۆ دەربڕینی كەسی قسەكەری تاك وەك:** ﴿ بِكِتَابِي ﴾ ، **پیتی یائی دانەپاڵ لە دروست بوونی وشە (لە بنچینەی وشەكەدا پیتی یائی پێوە نیە بەڵام بۆی زیاد كراوە)**

بە وشەی (زیادە) ئەو پیتە یائە ناگرێتەوە كە زیادە نیە و بنچینەی خۆیەتی وەك: (يَهْدِي ، سَيَّاوِيَ)، **بە وشەی (تاك) ئەو پیتە یائە دەرچوو كە بۆ تاك بەكار نەهاتووە وەك:** ﴿ حَاضِرِي ﴾ **پیتی(ی) لەم وشەدا بۆ جەمعی موزەكەری سالم بە كار هاتووە نەك بۆ تاك (مفرد) بە وشەی (قسەكەر) ئەو پیتە یائە ناگرێتەوە كە بۆ قسە بۆكراوە (مخاطب) بە كارهاتووە وەك:** ﴿ فَكُلِي وَٱشْرَبِي ﴾.

یائی دانەپاڵ: دەچێتە سەر ناو (اسم) **وكار (فعل) وپیت (حرف) وەك:** (سَبِيلِي، ذَرُونِي، فَإِنِّي).

ئەگەر (ی)ی دانەپاڵ چووە سەر فرمان(فعل) دەبێتە بەركار(مفعول بە)، وەك: ﴿ أَوْزِعْنِي ﴾ **ئایەتی 19ی سورەتی نەمل، وئەگەر یائی دانەپاڵ لەگەڵ ناو بوو دەبێتە مەجرور، وەك:** ﴿ ذِكْرِي ﴾ **ئایەتی 14ی سورەتی طە، یائی دانەپاڵ لەگەڵ پیت دەبێتە مەجروری شوێنی، بەڵام دەبێتە مەنصوبی شوێنی ئەگەر لەگەڵ ئیننەو خوشكەكانی هات(ان واخواتها)، نمونەی پیتی(ی)ی دانەپاڵ ی لكاو بە پیت، جەرەی وەرگرتبێت، وەك:** ﴿ وَلِيَ دِينِ ﴾ **ئایەتی 6 سورەتی كافرون، نمونەی پیتی(ی)ی دانەپاڵ ی لكاو بە پیت لەگەڵ ئیننەو خوشكەكانی، نەصبەی وەرگرتبێت، وەك:** ﴿ إِنِّيَ أَخَافُ ﴾ **ئایەتی 15ی سورەتی ئەنعام.**

نیشانەی یائی دانەپاڵ ئەوەیە بتواندرێت پیتی(ك) یان پیتی(ه) بخرێتە شوێنی، وەك: (فَطَرَنِي) **دەبێتە فطرك و فطره.**

عەرەب یائی دانەپاڵ زەنەدار دەکات وهەندێ جار فەتحەداری دەکات.

گوتراوە زەنەدار کردنی پیتی(ی)ی دانەپاڵ بنچینەیە، چونکە خۆی مەبنیە (نەگۆڕە لە جوڵەدا) بنچینەی مەبنی (نەگۆڕ لە جوڵەدا) زەنەداریە.

یائی دانەپاڵ لە زۆربەی شوێندا لە قورئانی ثیرۆز بە زەنەداری هاتووە.

هەندێك دەڵێن فەتحەدارکردنی یائی دانەپاڵ بنچینەی دووەمە، واتا فەتحەداری بنچینەیەو زەنەداریشی بەهەمان شێوە بنچینەیە، چونکە یائەکە ناوە، ئەو ناوەی کە دەبێتە پیت ڕەفعە وەرناگرێت بەهێز دەبێت بە جوڵەو حەرەکە، فەتحەدارکردن بۆ سوك کردنە، بەلأم بۆچوونی یەکەم بەهێزترە.


لە قورئانی ثیرۆز پیتی(ی)ی دانەپاڵ 876 **جار هاتووە، دابەش دەبێت بەسەر سێ بەش ، بەم شێوەی خوارەوە:-**

أ- پیتی(ی)ی دانەپاڵ قورائەکان یەك دەنگن لەسەری کە زەنەدار دەکرێت ئەوەشیان زۆرترینە، وەك: ﴿ إِنِّي جَاعِلٌ﴾ **لە ئایەتی** 30**ی سورەتی بەقەرە، کۆی گشتی (ی)ی دانەپاڵ بەم شێوە دەگاتە** 566 یاء.

ب- پیتی(ی)ی دانەپاڵ قورائەکان یەك دەنگن لەسەری کە فەتحەدار دەکرێت، وەك: (بَلَغَنِيَ ٱلْكِبَرُ) **لە ئایەتی** 40**ی سورەتی ئالی عیمران، کۆی گشتی (ی)ی دانەپاڵ بەم شێوە دەگاتە** 98 **پیتی** یاء.

ت- پیتی(ی)ی دانەپاڵ قورائەکان بۆچوونی جیایان هەیە لەسەری، ئایە فەتحەدار دەکرێت یان زەنەدار، کۆی گشتی (ی)ی دانەپاڵ بەم شێوە دەگاتە 212 **پیتی** یاء.

جۆره‌كانی یائی دانه‌پاڵ



ئه‌و پیتانه‌ی له دوای (ی)ی دانه‌پاڵ دێت ده‌بێته شه‌ش به‌ش به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

- **هه‌مزه‌ی پچڕاوی فه تحه‌دار.**

ژماره‌ی یائه‌كانی دانه‌پاڵ كه ده‌كه‌وێته پێش ئه‌م جۆره هه‌مزه‌یه 99 پیته یائه، وه‌ك: (إِنِّيَ أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ).

- **هه‌مزه‌ی پچڕاوی كه‌سره‌دار.**

ژماره‌ی یائه‌كانی دانه‌پاڵ كه ده‌كه‌وێته پێش ئه‌م جۆره هه‌مزه‌یه 52 یائه، وه‌ك: (مَنْ أَنْصَارِيَ إِلَى اللَّهِ).

- **هه‌مزه‌ی پچڕاوی ضه‌ممه‌داره.**

ژماره‌ی یائه‌كانی دانه‌پاڵ كه ده‌كه‌وێته پێش ئه‌م جۆره هه‌مزه‌یه 10 یائه، وه‌ك: (إِنِّيَ أُرِيدُ).

- **هه‌مزه‌ی نه‌وه‌ستان (وه‌صل) له (ال ی ناسروا) (أل التعريف).**

ژماره‌ی یائه‌كانی دانه‌پاڵ كه ده‌كه‌وێته پێش ئه‌م جۆره هه‌مزه‌یه 14 یائه، وه‌ك:
(رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي).

- **هه‌مزه‌ی نه‌وه‌ستان (وه‌صل) بۆ تاكی مێ (مفرده).**

ژماره‌ی یائه‌كانی دانه‌پاڵ كه ده‌كه‌وێته پێش ئه‌م جۆره هه‌مزه‌یه 7 یائه، وه‌ك:
(قومي اتخذوني).

- **هیچ پیته هه‌مزه‌یه‌كی ناكه‌وێته پاش.**

ژماره‌ی یائه‌كانی دانه‌پاڵ كه هیچ پیته هه‌مزه‌یه‌كی ناكه‌وێته پاش 30 یائه، وه‌ك:
(وَطَهِّرْ بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ).



مەزهەبی ئیبن کەثیر لەسەر یائی دانەپاڵ

➢ ئیبن کەثیر هەموو پیتە یائێکی دانەپاڵ فەتحەدار دەکات کە بکەوێتە پێش هەمزەی پچڕاوی فەتحەدار، وەك: ﴿ إِنِّيَ أَعۡلَمُ ﴾،ئیبن کەثیر هەموو پیتە یائێکی دانەپاڵ فەتحەدار دەکات کە بکەوێتە پێش هەمزەی نەوەستان (وەصل) لە ئەلی ناسراو، وەك: ﴿ عَهۡدِيَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾،ئیبن کەثیر هەموو پیتە یائێکی دانەپاڵ فەتحەدار دەکات کە بکەوێتە پێش هەمزەی نەوەستان (وەصل) بەکارهاتبێت بۆ تاکی مێ، وەك: ﴿ بَعۡدِيَ ٱسۡمُهُۥ ﴾،ئیبن کەثیر هەموو پیتە یائێکی دانەپاڵ فەتحەدار دەکات کە بکەوێتە پێش هەمزە، بەم شێوەی باسمان کرد لە هەمووو شوێنێکی قورئانی ثیرۆز تەنها ئەو شوێنە نەبێت کە جیاکراوتەوە بۆی.

➢ ئیبن کەثیر هەموو پیتە یائێکی دانەپاڵ ی بە زەنەدار خوێندۆتەوە کە بکەوێتە پێش هەمزەی پچڕاوی کەسرەدار، وەك: ﴿ أَجۡرِيَ إِلَّا ﴾، ئیبن کەثیر لە هەمووو شوێنێکی قورئانی ثیرۆز بەم شێوەی خوێندۆتەوە تەنها لە دوو جێگا نەبێت بە فەتحەداری دەخوێنێتەوە نەك زەنە، وەك: ﴿ وَٱتَّبَعۡتُ مِلَّةَ ءَابَآءِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۚ ﴾ لە ئایەتی 38ی سورەتی یوسف. و ئایەتی 6ی سورەتی نوح: ﴿ فَلَمۡ يَزِدۡهُمۡ دُعَآءِيٓ إِلَّا فِرَارٗا ﴾.

➢ ئیبن کەثیر هەموو پیتە یائێکی دانەپاڵ ی بە زەنەدار خوێندۆتەوە کە بکەوێتە پێش هەمزەی پچڕاوی ضەممەدار ، لە هەموو شوێنێکی قورئانی ثیرۆزدا، وەك: ﴿ إِنِّيٓ أُرِيدُ ﴾ ، بەبێ جیاکاری.

➢ ئیبن کەثیر هەموو پیتە یائێکی دانەپاڵ ی بە زەنەدار خوێندۆتەوە ئەگەر هەمزەی بە دوادا نەهاتبێت، تەنها لە پێنج شوێن نەبێت بەم شێوەی خوارەوە:

1- ئایەتی 162ی سورەتی ئەنعام: ﴿قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي **وَمَحۡيَايَ** وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾.

2- **ئایەتی 4ی سورەتی مەریەم:** ﴿ وَإِنِّي خِفْتُ ٱلْمَوَٰلِيَ مِن **وَرَآءِيَ** وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِي عَاقِرًا﴾.

3- **ئایەتی 20ی سورەتی نەمل:** ﴿ وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيْرَ فَقَالَ **مَا لِيَ** لَا أَرَى ٱلْهُدْهُدَ ﴾.

4- **ئایەتی 22ی سورەتی یاسین:** ﴿ **وَمَا لِيَ** لَا أَعْبُدُ ٱلَّذِي فَطَرَنِي ﴾.

5- **ئایەتی 47 سورەتی فوصیلەت:** ﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ **شُرَكَآءِيَ** قَالُوٓاْ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ﴾.

تێبینی:

بەززی: دوو بۆچونی هەیە لەسەر وشەی (وَلِي) لە ئایەتی 6ی سورەتی کافرون:

﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ﴾..

أ- زەنەدارکردنی پیتی(ی) ئەوەیان پێش دەکەوێت.

ب- فەتحەدارکردنی پیتی(ی).

قونبول: هاوڕایە لەگەڵ بەززی لەسەر زەنەدارکردنی پیتی(ی).

بابەتی یائەكانی زیادە

(ی)ی زیادە: ئەو یائەیە كە دەكەوێتە كۆتایی وشە، لە خوێندنەوەدا دەردەكەوێت بە زێدەیی لە نوسینی قورئانی ثیرۆزدا، یائی زیادە یان دەبێتە (ل) لە وشەدا (فعل) یان دەبێتە یائی قسەكەر (یاء المتكلم) ، یائی زیادە دەچێتە سەر ناو(اسم) ودەچێتە سەر كار (فعل) بەلاّم ناچێتە سەر پیت (حرف) وەك: ﴿ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي ﴾[1].

یائی زیادە بە پیتێكی زێدە ئەژمار دەكرێت لای ئەو كەسانەی كە جێگیریان كردووە (واتا دەیخوێننەوە)، بەلاّم ئەوانەی جێگیری ناكەن(واتا نایخوێننەوە) بە زیادی دانانێن.

پێشەوا شاطبی ئاماژەی بە (ی)ی زیادە كردووە لەم هونراوە:

وَدُونَكَ يَاءَاتٍ تُسَمّى زَوَائِدَا		لأَنْ كُنَّ عَنْ خَطِّ المَصَاحِفِ مَعْزِلاَ

(ی)ی زیادە دەكەوێتە كۆتایی وشە بەلاّم نانوسرێت ولكاو ناكرێت بە وشە، بەلْكو تەنها دەكەوێتە كۆتایی وشە بەلاّم پێوە نالكێندرێت.

بەشەكانی یائی زیادە

یائی زیادە دوو جۆری سەرەكی هەیە:

1- ئەو پیتە یائەی زیادە لەسەر وشە، وەك: (نَكِيرِ ، وَعِيدِ ، أَكۡرَمَنِ).

2- ئەو پیتە یائەی دەبێتە بنچینەی بنەرەتی خۆی، وەك: (ٱلۡمُنَادِ ، يَسۡرِ).

یائی زیادە لەكاتی نەوەستان (وەصل) جێگیر دەكرێت لە لای ئەو كەسانەی جێگیریان كردووە (واتا خوێندنەوەی بۆ دەكەن)، بەلاّم لە كاتی وەستان لادەبردرێت.

[1] پیتی(ی)ی زیادە جێگیر بووە لە دوو وشە ، بە ڕەهایی هاتووە لە لای یەعقوب ، نەوەستان (وەصل)ی بۆكراوە لای وەرش و باوكی عەمر و باوكی جەعفەر و قالون لە یەك لە شێوەكاندا.

حوكمی یائی زیاده له لای ئیبن كه‌ثیر

- ئیبن كه‌ثیر پیتی یائی زیاده لاده‌بات له كاتی نه‌وه‌ستان (وه‌صل) وله‌كاتی وه‌ستان (وقف) له ئایه‌تی 36ی سوره‌تی نه‌مل: ﴿ فَمَا ءَاتَىٰنِ ٱللَّهُ ﴾.

- ئیبن كه‌ثیر پیتی(ی)ی زیاده ده‌خوێنێته‌وه له كاتی نه‌وه‌ستان(وه‌صل) وله‌كاتی وه‌ستان (وقف) له كۆمه‌ڵێك وشه‌دا، وه‌ك له ئایه‌تی 66ی سوره‌تی یوسف: ﴿ حَتَّىٰ تُؤۡتُونِ مَوۡثِقٗا مِّنَ ٱللَّهِ ﴾.

- به‌ززی پیتی(ی)ی زیاده ده‌خوێنێته‌وه له كاتی نه‌وه‌ستان (وه‌صل) وله‌كاتی وه‌ستان (وقف) له پێنج وشه‌دا وه‌ك له ئایه‌تی 15ی سوره‌تی فه‌جر: ﴿ أَكۡرَمَنِ ﴾.

- قونبول پیتی(ی)ی زیاده ده‌خوێنێته‌وه له كاتی نه‌وه‌ستان (وه‌صل) وله‌كاتی وه‌ستان (وقف) له ئایه‌تی 90ی سوره‌تی یوسف: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ ﴾.

- ئیبن كه‌ثیر پیتی(ی)ی زیاده ده‌خوێنێته‌وه له كاتی وه‌ستان (وقف) له كۆمه‌ڵێك وشه‌دا، وه‌ك له ئایه‌تی 34ی سوره‌تی ره‌عد: ﴿ وَمَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٖ ﴾.

- ئیبن كه‌ثیر پیتی(ی)ی زیاده به دوو جۆر ده‌خوێنێته‌وه له وشه‌ی ﴿يُنَادِ﴾، خوێندنه‌وه‌و لابردنی له ئایه‌تی 41ی سوره‌تی ق: ﴿ وَٱسۡتَمِعۡ يَوۡمَ يُنَادِ ٱلۡمُنَادِ مِن مَّكَانٖ قَرِيبٖ ﴾[1].

[1] ناشاردرێته‌وه كه ئیبن كه‌ثیر (ی)ی زیاده ده‌خوێنێته‌وه له كاتی نه‌وه‌ستان (وه‌صل) وله‌كاتی وه‌ستان (وقف) له وشه‌ی (الْمُنَادِ)

➢ **قونبول پیتی(ی)ی زیادە دەخوێنێتەوە لە کاتی وەستان ئەوەیان پێش دەخرێت لەسەر لابردن، ولایدەبات، وەك لە ئایەتی 9ی سورەتی فەجر:** ﴿ وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُواْ ٱلصَّخۡرَ بِٱلۡوَادِ ۞ وَفِرۡعَوۡنَ ذِى ٱلۡأَوۡتَادِ ﴾، **بە نەوەستان لەلای ئیبن کەثیر یائە زیادەکە دەخوێندرێتەوە، وبەوەستان لە شێوەیەك دا هاتووە لە لای بەززی.**

بۆ سود بینین و وەرگرتنی زانیاری لە گشت ئەو بابەتانەی باس کران، سەیری پاشکۆی ژمارە 4 بکە لە کۆتایی ئەم پەرتووکە.

خوێندنەوەی پیتی(ی)ی زیادە لە کاتی نەوەستان(وەصل) لەبەر دوو هۆکارە:

أ- شوێن کەوتنی ئەو گواستنەوەی لە شێخەکانەوە هاتووە بە پاڵ پشتی وەرگرتنیان لە پیغەمبەری خوا (ﷺ) ، گواستنەوەکە (ی)ی زیادەی خوێندۆتەوە.

ب- شوێن کەوتنی بنچینەو بنەڕەتی ، لە بنەڕەتدا پیتی(ی)ی زیادە دەخوێندرێتەوە ئەمە بنچینەی خۆیەتی، ولابردنی پیتی(ی)ی زیادە تەنها بۆ ئاسان خوێندنەوەیە یان بە هۆی پێکهاتەکەیەتی.

جیاوازی نێوان یائی زیاده‌و یائی دانه‌پاڵ

ده‌تواندرێت جیاوازیه‌كان دیاری بكه‌ین له نێوان پیتی(ی)ی زیاده‌و پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ له‌م خالآنه‌ی خواره‌وه:-

أ- پیتی(ی)ی زیاده ته‌نها ده‌چێته سه‌ر ناو (اسم) وده‌چێته سه‌ر كار (فعل) به‌لاّم پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ ده‌چێته سه‌ر ناو (اسم) وكار (فعل) وپیت (حرف).

ب- پیتی(ی)ی زیاده لابردراوه له نوسینی قورئانی ثیرۆز ، به‌لاّم پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ بوونی هه‌یه له نوسینی قورئانی ثیرۆز.

ت- پیتی(ی)ی زیاده ده‌بێته بنچینه‌و ده‌بێته زیاده، ودێته شوێنی لام الفیعل ، به‌لاّم پیتی(ی)ی دانه‌پال ده‌بێته زیاده له‌سه‌ر وشه، به‌لاّم نابێته بنچینه بۆی ، به‌ڵكو وه‌ك پیتی(ه) و پیتی(ك)ی ڕاناوی لكاوه.

ث- بۆچوونی جیاواز له‌سه‌ر پیتی(ی)ی زیاده له‌سه‌ر لابردن و خوێندنه‌وه هه‌یه، به‌لاّم بۆچوونی جیاوازه له‌سه‌ر پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ له‌سه‌ر فه‌تحه‌داركردن و زه‌نه‌دار كردنه.

بابەتی تەكبیرلیّدان

❖ هۆی تەكبیرلیّدان

مەزهەبی تیّكرای زانایان لەسەر ئەوەن كە هۆی دروست بوونی تەكبیرلیّدان ئەوە بووە كە وەحی دواكەوت بۆ سەر پیّغەمبەر(ﷺ) بیّباوەڕان پڕوپاگەندەیان كردو دەستیان كرد بە دژایەتی و گوتیان خواكەی موحەممەد تۆراوە لە موحەممەد(ﷺ)، لیّی تورە بووەو فەرامۆشی كردووە ، سورەتی ضوحا ی قورئانی ثیرۆز دابەزی بۆ بەدرۆخستنەوەی بیّباوەڕان، كاتیّك فریشتە جبیرل تەواو بوو لە خویّندنەوەی سورەتەكە ، پیّغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (الله اكبر) بەمەبەستی سوپاس گوزاری بوو لەسەر ئەوەی خودا بۆی نارد بە دابەزاندنی وەحی پاش وەستانی بۆ ماوەیەك، چونكە ئەم دابەزینە بەرپەرچی بوختانی بیّباوەڕانی داوەو گومانەكەیانی پوچەڵ كردەوە، پاشان پیّغەمبەر(ﷺ) فەرمانی كرد كە وتنی الله اكبر بكات هەر كاتیّك گەیشتە كۆتایی سورەت و دەست پیّكردنی سورەتی ضوحا تا هەموو سورەتەكە تەواو دەكات بۆ گەورەیی پەروەردگارو بۆ خۆشی تەواو كردنی قورئانی ثیرۆز.

بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر هۆی پچران و دواكەوتنی وەحی و كاتەكەی و بە وشەی گوتیار (خودای موحەممەد(ﷺ) تۆراوە)

گوتراوە هۆی گوتنی تەكبیرلیّدان بینینی فریشتەی وەحی جوبریل بووە لەسەر شكل و شیّوەی خۆی لە لایەن پیّغەمبەر(ﷺ) لەو كاتەی سورەتی ضوحای بۆ دابەزاندووەو لیّی نزیك بۆتەوە لە كاتی دابەزینی لە شویّنیّك ناوی ئەبطح (ابطح) بووە كە دەكەویّتە نیّوان شاری مەككەو مینا، نیگای كرد بۆ بەندەی خۆی ئای چ نیگایەك بوو، سورەتی ضوحای بەسەر خویّندەوە.

پێشه‌وا ئیبن جه‌زه‌ری قسه له‌سه‌ر ئه‌م هۆكاره ده‌كات و ده‌فه‌رموێت ئه‌م بۆچونه ڕاست و به‌هێزه له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته، چونكه گوتنی وشه‌ی (الله اكبر) زیاتر بۆ شتی سه‌رسورمان و گه‌وره‌یی به‌كاردێت[1].

گوتراوه ته‌كبیرلێدان به‌كاردێت بۆ زیاده ڕێزلێنان و به گه‌وره‌زانینی په‌روه‌ردگار له‌كاتی خوێندنه‌وه‌ی قورئانی ثیرۆز. مه‌ككی كوڕی ئه‌بی تالیب ده‌فه‌رموێت: ئه‌گه‌ر قورئانت خوێند گه‌یشتی به سوره‌ته كورته‌كان (الله اكبر) بكه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی شوكرانه بژێریه بۆ په‌روه‌ردگار وه‌دڵخۆشیه وه‌هێمای خه‌تم كردنه.

ئه‌م قسه‌ی مه‌ككی هاوشێوه‌ی قسه‌ی پێشه‌وا عه‌لیه(ﷺ) كه ده‌فه‌رموێت: ئه‌گه‌ر قورئانی ثیرۆزت خوێند گه‌یشتی به سوره‌ته كورته‌كان، خودا به گه‌وره بزانه‌و (الله اكبر) بكه.

وا ده‌رده‌كه‌وێت كه به‌گه‌وره زانینی په‌روه‌ردگار سوپاس گوزاری خودای تێدایه‌و خۆشی ده‌ربڕینه له‌سه‌ر ته‌واو كردنی قورئانی ثیرۆز[2].

❖ حوكمی ته‌كبیرلێدان

ئه‌وانه‌ی ته‌كبیرلێدان ده‌كه‌ن له كاتی خوێندنی قورئانی ثیرۆز كۆده‌نگن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌م ته‌كبیره به‌شێك نیه له قورئاندا، به‌ڵكو ته‌نها یادكردنه‌وه‌ی په‌روه‌ردگاره، ڕێگه پێدراوه له شه‌ریعه‌تی ئیسلام له كاتی ته‌واوكردنی خوێندنی هه‌ندێك له سوره‌ته‌كانی قورئانی ثیرۆز ، هه‌روه‌ك چۆن گوتنی په‌ناگرتن له شه‌یتان داندراوه له كاتی ده‌ست پێكردنی خوێندنی قورئان ، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ته‌كبیرلێدان به‌شێك نیه له قورئان بۆیه نه‌نوسراوه له ڕه‌سم و نوسینی نوسخه‌ی عوسمانی.

---

(1) موحه‌ممه‌دی كوڕی موحه‌ممه‌دی كوڕی جه‌زه‌ری، له كتێبی (النشر في القرءات العشر) لێكۆلینه‌وه‌ی/ عه‌لی كوڕی موحه‌ممه‌دی ضه‌باع، (قاهیره، چاپه‌مه‌نی تجارية الكبرى، به‌رگی 2، سالی 1427ی كۆچی) لاپه‌ره408.

(2) موحه‌ممه‌دی كوڕی موحه‌ممه‌دی كوڕی جه‌زه‌ری، له كتێبی (النشر في القرءات العشر) لێكۆلینه‌وه‌ی/ عه‌لی كوڕی موحه‌ممه‌دی ضه‌باع ، (قاهیره، چاپه‌مه‌نی تجاريه الكبرى، به‌رگی 2 ، ساڵی 1427ی كۆچی) لاپه‌ره2-8.

جهعبهری دهفهرموێت: جێگیركردنی تهكبیر پێچهوانهی ڕێنوسی قورئان نی یه له قورئاندا، چونكه ئهوانهی جێگیریان كردووه نایكهن به پاشكۆ بۆ قورئانی ئیرۆز وهك پهناگرتن له شهیتان.

گوتنی تهكبیرلێدان خیرهو به سونهت داندراوه ، چونكه له پیغهمبهرهوه (ﷺ) بۆمان هاتووه ، وجیاوازی نیه گوتنهكه لهناو نوێژدا بێت یان لهدهرهوهی نوێژ بێت.

ههموو ئهوانهی گوتنی تهكبیرلێدان یان باس كردووه لهناو نوێژدا ههندێك دهڵێن دروسته بگۆترێت وههندێكیش دهڵێن نهگوترێت ، بهڵام له ناو نوێژدا نهگوتنی پێش دهخرێت.

بهڵگه لهسهر ئهو قسانهی كرا بریتیه له گوتنی تهكبیرلێدان له لایهن پێغهمبهرهوه (ﷺ) بههۆی بینینی جوبریل و دووباره هاتنهوهی وهحی پاش وهستانی بۆ ماوهیهك، جگه لهمهش بهڵگهی تر ههیه ئهویش بهززی دهفهرموێت: پێشهوا شافعی بهمنی گوت: ئهگهر تهكبیرلێدان واز لێبینی ئهوه سونهتێكی پێغهمبهرت واز لێهێناوه.

دووباره له بهززی گێردراوتهوه دهفهرموێت: گوێم له عیكرمهی كوڕی سولهیمان بوو دهیفهرمو قورئانم بهسهر ئیسماعیلی كوڕی عبدالله ی مهككی دهخوێند كاتێك گهیشتمه سوڕهتی (ضوحا) بهمنی فهرموو تهكبیرلێدان بكه له كۆتایی ههموو سوڕهتێك تا قورئانهكه ههمووی تهواو دهبێت، چونكه من قورئانم بهسهر عبدالله ی ئیبن كهثیر خوێند پێمی فهرموو: تهكبیرلێدان بكه لهكۆتایی ههموو سوڕهتێك تا قورئان تهواو دهكهی، وپێمی ڕاگهیاند كه قورئانی بهسهر موجاهید خوێندۆتهوه بهههمان شێوهی ئیبن كهثیر وای پێ فهرمووه، وموجاهید گوتی ئیبن عهباس بهم شێوه فهرمانی پێ كردووه، ئیبن عهباسیش فهرموی ئوبهی كوڕی كهعب بهم شێوه فهرمانی پێم كردووه، ئوبهی كوڕی كهعبیش فهرموی پێغهمبهری خوا (ﷺ) بهم شێوه فهرمانی پێم كردوه[1].

(1) ئهم فهرمووده حاكیم گێراویهتیهوه، وفهرمویهتی حهدیسێكی ڕاست و دروسته.

ئیبن جەزەری دەفەرموێت: هیچ کەسێك فەرمودەی گوتنی (الله اكبر) ی بەرزنەکردۆتەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) تەنها بەززی نەبێت، هەموو خەڵك ئەم فەرمودەی تەکبیرلێدان یان وەستاندوە لەسەر ئیبن عەباس و موجاهید و ئەوانی تر، لەپاشان جەزەری دەفەرمووێت: لام سەیرە خەڵکانێك تەکبیرلێدان ڕەد دەکەنەوە لە کاتێکدا لە پێغەمبەرەوە هاتووەو صەحابەو تابیعیەکانیش باسیان کردووە[1].

ئیبن کەثیر دەفەرموێت: تەکبیرلێدان سونەتێکە تەنها باوکی حەسەن ئەحمەدی کوڕی موحەمەدی کوڕی عبدالله ی بەززی باسی کردووە لە نەوەی قاسمی کوڕی بەززە ، کە یەکێکە لە پێشەوایانی قیڕائاتی قورئانی.

تەکبیرلێدان گوتراوە لە نوێژدا لە لایەن خەڵکی مەککەی ثیرۆزو زاناکان و قاریئی قورئانیان، تەکبیرلێدان گوتراوە لە لایەن پێشەوا شافعی و سوفیانی کوڕی عوینەو ئیبن جوڕەیج و ئیبن کەثیر و هەندێکی تر وەك باوکی حەسەن سەخاوی و باوکی ئیسحاق ی جەعبەری کە ئەوانە لە پێشەوایانی سەر مەزهەبی شافعین.

گێردراوەتەوە لە زانای بەناوبانگ ئەبی شامە کە یەکێکە لە گەورە پیاوانی مەزهەبی شافعی فەتوای داوە بە گوتنی تەکبیرلێدان وڕەنگە کاری پێ کردبێت لە نوێژە تەڕاویحەکاندا لە مانگی ڕەمەزان.

هیچ شتێك نەهاتووە لە لایەین حەنفی و مالیکیەکانەوە دەربارەی تەکبیرلێدان لە ناو نوێژدا، بەڵام لە لای زاناکانی مەزهەبی پێشەوا ئەحمەد دورست بوون و دروست نەبوونی باس کراوە.

---

[2] موحەممەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی جەزەری، لە کتێبی (النشر في القرءات العشر) لێکۆڵینەوەی/ عەلی کوڕی موحەممەدی ضەباع ، (قاهیرە، چاپەمەنی تجاریە الكبرى، بەرگی 2 ، سالی 1427ی کۆچی) لاپەڕە 320.

❖ باسی ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ ته‌كبیریان لێداوه‌.

ته‌كبیرلێدان كراوه‌ له‌ لایه‌ن خه‌ڵكی مه‌ككه‌، زاناكانیان و قاریئه‌كان و پێشه‌واكان و ئه‌وانه‌شی كه‌ شتیان له‌وانه‌وه‌ گێڕدراوه‌ته‌وه‌، به‌ شێوه‌یه‌ك گوتراوه‌و باس كراوه‌ تاوه‌كو گه‌شتۆته‌ پله‌ی ته‌واتر (كۆمه‌ڵێك كه‌ ناتواندرێت پێكهاتن له‌سه‌ر درۆ بكه‌ن).

خاوه‌نی كتێبی (غيث النفع)[1]. ده‌فه‌رموێت: ته‌كبیرلێدان جگه‌ له‌ خه‌ڵكی مه‌ككه‌ خه‌ڵكانی تریش هه‌یان بووه‌، به‌ڵام گووتنی له‌ لایه‌ن خه‌ڵكی مه‌ككه‌ ناوبانگی په‌یداكردووه‌ چونكه‌ ئه‌وان به‌رده‌وام بوونه‌ له‌سه‌ر گوتنه‌وه‌ی، به‌ پێچه‌وانه‌ی خه‌ڵكی شوێنی تر، هۆكاره‌كه‌شی ئه‌وه‌یه‌ ، هه‌ر وه‌ك دانی باسی كردووه‌ پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) به‌ر له‌ كۆچ كردن ته‌كبیرلێدان ی كردووه‌ بۆ ماوه‌یه‌ك ، بۆیه‌ خه‌ڵكی مه‌ككه‌ش كردوویانه‌ ده‌ست به‌ ده‌ست تاوه‌كو به‌ نه‌وه‌ی داهاتوویان گه‌یشتووه‌ ، به‌ڵام خه‌ڵكانی تری جگه‌ له‌ خه‌ڵكی مه‌كه‌ به‌م شێوه‌ نه‌بوونه‌، چونكه‌ دواتر پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) وازی لیٚ هێناوه‌ ئه‌وانیش كاریان به‌ دوا كرده‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر كردووه‌.

دانه‌ری (غيث النفع) ده‌فه‌رموێت: ئه‌وانه‌ی ته‌كبیرلێدان ده‌كه‌ن كۆده‌نگن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ به‌ززی یش ته‌كبیرلێدان ی كردووه‌، به‌ڵام بۆچونی جیاوازیان هه‌یه‌ له‌ سه‌ر قونبول، هه‌ردوو بۆچونیش له‌ شاطبی دا هاتووه‌.

❖ شێوازی ته‌كبیرلێدان.

